# نەتەوایەتی كورد

# و

# ئیسلامەتییەكەی

(لە وەڵامی مامۆستا عەلی باپیردا)

حەكیم كاكەوەیس



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**سەرەتا:**

دەمەویَ بەر لە هەموو شتێک ئەوە بڵێم کە جگە لە خوا، کەس نابینم لە هەڵە و ڕەخنە بە دەر بیَ و هەرچی خەلیفە و ئەمیر و مەلا و دەسەڵاتدار و سەرلەشکرێک لە مێژووی ئیسلام و نائیسلامدا بووە و هەیە، کەسیان لە سنووری بنیادەمی تەماحکار و دنیاویست و گوناحبار و هەڵەکار بە دەر نین و کەم و زۆر هەڵەیان کردووە و هەڵەی گەورەپیاوانیش بە پێی پلەوپایەیان گەورە یا بچووک بووە. دوای ئەو غەدرانەی کە لە سەردەمی غەزاکاندا لەو خەڵکانە کراون کە دەستی لەشکری عارەبیان پێڕا گەیشتووە، ترسناکترین هەڵە لە لێکدانەوە و تەفسیردا دەبینم کە دووبەرەکی و دەستەوتاخمیان لە ناو موسوڵماناندا دروست کردووە و گەیاندوویانەتە ئەوەی دەستیان بچێتە خوێنی یەکتر و یەکتر بە کۆیلە بکەن و یەکتر سەربڕن و دڵیشیان بەوە خۆش بکەن گوایە خیلافی موسوڵمانان خێروبێرە و ئەوەی ئیجتیهاد بکا، ئەگەر هەڵەی کرد یەک خێری بەر دەکەویَ و نەیکرد زۆرتری بۆ دەنووسریَ! ئیسلام کە لە سەرەتاوە یەک ئاین و یەک حیزب و یەک مەزەب بوو، ئێستا جگە لە مەزەبەکانی خۆی، چەندین حیزب و حیزبۆکەی لیَ بوونەتەوە کە یەکتر ڕەت دەکەنەوە و تەنانەت یەکتریش دەکوژن و مێژوو پڕە لەو مەنارانەی کە لە کەللەسەری موسوڵمانان و بە دەستی موسوڵمانان هەڵچندراون[1]. ئەم نموونەیەش کە مامۆستا مەسعود محەمەدی نەمر لە نامەیەکیدا بۆ بەندەی نووسیوە و لە کتێبی (نامەکانی مەسعود محەمەد)دا بڵاو کراوەتەوە، هەموو ڕەخنەیەک لە هەرچی خەلیفە هەیە، لە ئەبوبەکرەوە بگرە تا دەگاتە فەقێیەکی مزگەوتی ئەم سەردەمە، ڕەوا دەکا: {... ڕۆژی فەتحی مەککە بەر لە ١٤٠٠ ساڵ، کە پێغەمبەر ماڵی

---

[1] ئەوەی فەتوای دا مەنارە لە کەللەی مرۆڤ دروست بکەن یا ئەنفالکرنی کورد شەرعییە، ئەگەر هەڵەی کردبیَ یەک خێری دەستکەوت بووە!...



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەبو سوفیانی بردە ڕیزی کەعبە، ئا لەو ڕۆژەوە عەلی و حوسێن کوژران... الملک المعضوض[1] بڕیاری بۆ درا.. موسوڵمانان کەرتک بوو بە چەندین پارچە... پێم گوت من کە ئەم جورئەتە دەکەم هەر لە تەجروبەی پێغەمبەر خۆی نموونە و بەڵگەی ڕاستبوونی باوەڕەکەم دەهێنمەوە: لە غەزای بەدر کە پێغەمبەر جێگەیەکی ڕەچاو کرد بۆ ئۆردووی موسوڵمانەکان، یەکێک لە صحابەکان گوتی: ئەم جێگەیەت بە ڕەئی خۆت یا بە وەحی خوا ڕەچاو کرد؟ گوتی بە ڕەئی خۆم. گوتی کەواتە ڕەئیەکەت هەڵەیە چونکە ئەتۆ چەندین بیری ئاوی خواردنەوەت لەو چۆڵە بێ خاوەن کردووە کافرەکان پێی تیر ئاو دەبن} مامۆستا مەسعود محەمەد باسی کاردانەوەی پێغەمبەری نەکردووە، بەڵام لە سەرچاوەی ترم زانیوە کە ڕەخنەکەی قەبووڵ بووە و چۆتە سەر ڕای سەحابەکە. ئیدی کە من ڕەخنە لە خالیدی سەرلەشکر و حەججاجی دەسەڵاتدار و خەلیفەی ئەمەوی یا عەبباسی و عوسمانییەکان یا مامۆستا عەلی باپیر دەگرم، ڕەخنەم لەو بەشەرە لوقمە گەورانەیە کە وەک هەر زندەوەرێکی دی، هەرگیز نەیانتوانیوە پەین بۆ زەوی بەرهەم نەهێنن و بەخۆشیان، لە ئەنجامدا نەبن یا نەبووبێتنە پەین و ڕێی تێ دەچێ لە نیوەی لێکدانەوەیاندا هەڵە بن و لە سێبەری قورئاندا خۆیان بە ڕاست و خاوەن هەقیش بزانن... و منیش یەکێکم لەو هەموو بەشەرە و ڕێی تێ دەچێ بە هەڵەدا بچم. خۆ هیچ نەبێ هەوڵ دەدەم لە مێژوودا ئەو بەڵگانە بهێنمەوە کە دەیسەلمێنن بۆچوونەکانم ڕاستن، بەڵام خودا دەزانێ هەوڵ نادەم شتێک هەڵبەستم یا ڕاستییەک کە باوەڕم پێی هەیە بگۆڕم. یەکێ دەڵێ کورد بە زەبری شمشێر کراوەتە موسوڵمان و یەکێکی دی دەڵێ نەخێر کورد بە ئارەزووی خۆی بۆتە موسوڵمان، هەردوو لاشیان بۆچوونیان لە بەر خاتری باوەڕەکانیانە نەک حەقیقەتی مێژوویی، ڕای بەرانبەریش ڕەت دەکەنەوە. بەر لە هەموو کەس، ئایە

---

[1] دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکە زانیم (الملک المعضوض) ـ (مولک)ە نەک مەلیک. واتاکەشی دەبێتە ئەو دەسەڵات و سامانەی بە چنگ و بە ددان دەیگرن و دەستی لێ بەرنادەن، بۆیە خەلافەتی دینی بە دەیان و سەدان ساڵی خایاندووە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

عارەب بەخۆیان بە بێ شەڕ و سەرهێشە و کەڕ و فەڕ بوونە موسوڵمان؟ ئەگەر خۆیان بە زەبری شیر و تیر بووبێتنێ، بۆچی لە کوردمان بوێ بە ئاشتی و بە ئارەزووی خۆی بووبێتە موسوڵمان؟ چۆن چەپی کورد دەیەوێ بەر لە پەیدابوونی مارکسیزم کورد مارکسست بووبێ و حاجی قادری کۆیی کۆمۆنستێکی پێشکەوتنخواز بووبێ[1]، ئیسلامییەکانیشمان گەرەکیانە کورد بەر لە پەیدابوونی ئیسلام موسوڵمان بووبێ یا خواخوای هاتنی لەشکری عارەب بووبن تا ژنەکانیان تاڵان بکەن! منیش بە پێی خوێندنەوەی خۆم و ئەو ئاگادارییە کەمەی کە هەمە، وای بۆ دەچم کە هەردوو بۆچوونەکە ڕاست بن یا ڕاستییان تێدا بێ و ناکرێ خەتی ڕاست و چەپ بە سەر هیچیاندا بهێنین. گومانی ناوێ کە کوردی بەر دەست و هاوکاری فارسەکان شەڕی مان و نەمانیان لە دژی عارەبەکان دەکرد چونکە خۆیان بە خاوەنی ئاینی زەردەشتی دەزانی. هەشتا هێرشی قەعقاع بۆ سەر جەلەولا و هەبوونی دۆڵی کافران و شەهیدان بەڵگەی بەرگریکردن نەبن چین؟ تاڵان کردنێ هەزاران کیژەکورد بەڵگە نەبێ چییە؟ بەڵام کوردی نێوان ڕووبارەکان، کە ژێردەستەی ڕۆم بووون، خواخوای هاتنی عارەبیان بوو تا لە زوڵمی ڕۆمەکان ڕزگار بن. ئەمەی لە نێوان ڕووبارەکاندا ڕووی دا حاڵەتێکی دەگمەنە لە میللەتێک ڕوو بدا و خواخوای هاتنی داگیرکەری بێ. ئەمانە، بە ئارەزووی خۆیان دایانە پاڵ عارەب و ئەوانی تریش شەڕی عارەبیان کرد. ئەگەر نموونەی ئەم سەردەمە قەبووڵ بێ، کە من قەبووڵمە، خۆدانە پاڵ ئەمەریکا لە زوڵمی بەعس و خواخوای هاتنی لەشکری ئەمەریکا و گوڵبارانکردنی سەربازەکانیان، وەک هەڵوێستی کوردی نێوان ڕووبارەکان ئاسایی بوو و شەڕی ناوخۆ و شەڕی بەعس.. شەڕی حیزب.. باوەڕ.. ئاین، مان و نەمان بوون. کێ کوردی خاوەن هەڵوێست و بێ فایلی

---

[1] چەپرەوێکی توندڕەوی هەم شاعیر و هەم ڕەخنەگری هەمەسەنگەر لە تەفسیری (لە یاداشتی قسەی سەردا هەمە ئاهـ و هەناسەی گەرم کەسێ شیتانە بەردم تێگرێ من بەرقی تێدەگرم)ی مەحویدا، (بەرق)ی بە قینی جەماوەر لێکداوەتەوە!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دیوە بە هاسانی لە حیزبێکی کوردییەوە بگوێزێتەوە بۆ یەکێکی دی تا بە ئاسانی ئاینی خۆی بگۆڕێ؟ کابرا لە ناوەڕاستی شێستەکانی سەدەی ڕابردووەوە (جەلالی) بووبێ، ئێستا کوڕاوکوڕی (جەلالی) و یەکێتین و (مەلایی)ش بووبێ، ئیستاش نەوەکانی هەون. کورد لە حیزبایەتیدا وابێ، بۆ دەبێ بە ئاسانیی دەسبەرداری ئاینی خۆی بووبێ؟ نابێ حەقیقەت وەها بگۆڕین بە بەری بیروباوەڕمان بکا و لەگەڵ بۆچوونماندا یەک بێتەوە، بەڵکو دەبێ بیروباوەڕ وەها بگۆڕین لەگەڵ حەقیقەتی مێژوویی و واقعی حاڵدا یەک بگرێتەوە.

کاتێ دەڵێین: (ئەگەر دوو هێڵ لە خاڵێکی دیاریکراودا یەکتر ببڕن، گۆشە بەرانبەرەکان یەکسان دەبن)[1]، دەبێ پێناسەی تەواوی هێڵ و خاڵ و گۆشە بزانین و لە خەسڵەتەکانیان شارەزاییمان هەبێ و واتای یەکسانیش لە بواری گۆشەدا بزانین، ئەوجا بزانین کۆی دوو گۆشەی تەنیشت یەک و سەر یەک هێڵ دەبێتە ١٨٠ پلە و بشزانین پلە چییە، دەنا لە هەر باسکردنێکی ئەو تیۆرییەدا دەکەوینە هەڵەوە و هەر قسەیەکی لە بارەوە بکەین دەبێتە وڕێنە. ڕەنگە هەبێ لەو دارشتنەی مندا هەڵە بدۆزێتەوە و بۆ نموونە بڵێ: هێڵ نا، هێڵی ڕاست! بەڵام بیانووم ئەوەیە بە پێی تێگەیشتنی من لەو وشە کوردییە، هێڵ بەخۆی ئەو (ڕاست)ەی تێدایە دەنا پێی دەگوترێ کەوانە. با کەسێکی دی لەمەشدا هەڵە بدۆزێتەوە، خۆ دنیام بە سەردا کاول نابێ و نیازم نییە لە پێناوی ئەو تیۆرییەدا بەرەیەک بکەمەوە!

ڕەنگە نەشارەزایی لە پێناسەکردندا یا پێناسەکردنی هەڵە وا لە زۆر قوتابی بکا، بیرکارییان لێ ببێتە بەڵا و چارەنووسیان بە تەواوەتی بگۆڕێ... هەر یەکەشمان چەندین خوێندکار و قوتابی لەو بابەتەمان دیوە و دەتوانین باسیان بکەین، ئەگەر بەخۆمان یەکێکیان نەبین.

---

[1] ئەم نموونەیەم لە جێیەکی تریشدا، لە گوتارێکدا، بەکار هێناوە و پێم وایە دووبارەکردنەوەی زەرەری نیە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

که خەسڵەتەکانی نەتەوە و نەتەوایەتی کورد نەزانی و باسیشیان بکەی، بە هەمان کێشانە و پێوانە دەکەویتە هەڵەوە و هەرچی بیانوویەکیش بێنیتەوە، دەبێتە ورێنە و وەک ئەوەیە بڵێی: کە دوو هێڵی هاوتەریب یەکتریان بڕی، گرانیی دەبێ و کڵاوکورە دەبێتە گۆشتخۆر، لە کاتێکدا مەگەر لە ئەندازەکاری نائیکلیدیدا هێڵی هاوتەریب لە جێیەکی خەیاڵیدا بگەنە یەک، ئەوەش چ پەیوەندی بە گرانی و ژیانی تەیرەوە نییە!

که خودای گەورە دەڵێ ئەگەر پرسیاری ڕۆحیان لێ کردی بڵێ ئەوە کاری خوایە، واتە نابێ هیچ شتێک لە بارەی ڕۆحەوە بزانی و ناشیزانی، ئیدی چۆن ڕۆح دەگەیەنیتە کونەلووت و چۆن دەیکەیتە مووی ناو ماست و چۆن باسی ئازارەکانی و خۆشییەکانی و قەوارەی دەکەی؟ یەکێ لە خەلیفە جەللادەکان بە تێگەیشتنی خۆی بۆ ڕۆح پێی وابوو دەبێ لە یەکێ لە کونەکانی جەستەوە دەرچێ بۆیە لە کاتی ئەشکەنجەدانی قوربانیەکاندا، هەموو کونەکانی لە ڕۆح داخست تا بزانێ ئەو ڕۆحە، کە ڕێی دەرچونی لێ گیراوە، چۆن دەردەچێ! زاتی ئەوەم نییە پێناسەی خوا بکەم بەڵام زانیومە خۆی لە ڕۆحێ خۆی خستۆتە ئادەمەوە، لە بەر ئەوە، دەبی ڕۆحی ئادەم بەشێ بێ لە خودا خۆی و لە ئەنجامیشدا، ڕۆحی مرۆ بەشێ بێ لێی. هەر ئەم بابەتە لێکدانەوەیە سۆفیەکانی وا لێ کردووە هەندێ لە بۆچوونەکانیان بە کوفر لێکبدرێتەوە، بەڵام ئەو تۆمەتبارکردنە لە ئەنجامی کورتهێنانی پێناسەکردن و لێکدانەوەوە پەیدا بووە و خەیاڵی مرۆڤیش دەستەمۆ و سنووردار ناکرێ. مامۆستا مەسعود محەمەد دەڵێ: "ئەو عەقڵەی وای لە مرۆ کرد تەپڵ بۆ مانگگیران لی بدا تا لە دێوودرنج ڕزگاری بکا، هەر خۆی بوو مرۆڤی لە سەر مانگ دابەزاند!" ئەوەتا منیش کون بە کون بە دووی بەڵگەدا دەگەڕێم تا بیسەلمێنم لە بۆچوونەکانمدا ڕاستم و مامۆستا عەلی باپیر لە بواری نەتەوایەتی کورددا بە هەڵەدا چووە. بەرژەوەندی من لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمدایە و بەرژەوەندی ئەو لەوەدایە حور و غیلمانی بەهەشتی بە نسیب بن و نەبێتە خۆراکی ئاگر و ڕەنگە ئامادە بێ بۆ ئەو دوو مەبەستە، نەک یەک (ئیسماعیل) بگرە سەت سمایلۆک سەربڕێ کەچی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من ئامادە نیم خوێن لە کەپووی منداڵێکی کورد بێنم و هەندێ جار کە گیسکێک دەکەمە خێر یا سەدەقە، لە بنەبانی ویژدانەوە ئازارم پێ دەگا کە ئەوەم بۆ بەرژەوەندی خۆم کردووە و خوێنی گیسکێکی تیدا ڕژاوە!. ویستی مامۆستا عەلی باپیر، لە هەموو حالەتیکدا زاتییە و ویستی من نەتەوەییە، ئەگەرچی منیش بەرژەوەندی زاتی خۆم لە سەرفرازی نەتەوەکەمدا دەبینمەوە. لە هەموو بارێکدا، مرۆ بۆی هەیە بە هەڵەدا بچێ و من لە خودای خۆم دەپاڕێمەوە لە هەڵەی نەفسی خۆمم بپارێزێ، ئەوجا لە کەسە نێزیکەکانم، بە برا و جگەرگۆشەکانێشمەوە. ئەم داوایەم لە پێش داوای بەهەشت و دووریی دۆزەخەوەیە، چونکە ئەو دووەم داوەتە دەست خودا خۆیەوە. جا بە ئاگر ڕۆحم لە ژەنگ و گوناهان پاک دەکاتەوە یا قیت لە ناوەندی بەهەشتی دادەنێ، کەیفی خۆیەتی. بۆ پاکبوونەوەی ڕۆحیش لە گوناهان، حەیفە چاک چاک نەسووتێ. خۆزگە سۆفییەک دەبوو بۆ پاکبوونەوەی ڕۆحێ خۆی، داوای حیسابی عەسیری لە خودا دەکرد نەک یەسیر تا هەموو تەمایەکی زاتی ئەو ڕۆحەی بە ئاگر بشۆرێتەوە، ئەوجا زاتی ئەوەی هەبێ بچێتە خزمەتی ئێزدان و بڵێ: "ئەوەتام قوربان!" ئەم قسانەش، هەر خۆیان پاکبوونەوەی ڕۆح و سزادانی زاتن.

ئەم نووسینە، کە لە سەرەتاوە گوتارێک بوو و زوو تەواو بوو، بەڵام ڕووداوەکان و لێکدانەوەی سیاسیانەی هەندێ دامودەزگا وایان کرد لە بڵاوکردنەوە دوا بکەوێ، یا ڕاستتر بڵێم، ماوەیەک چاوپۆشی لە بڵاوکردنەوەی بکەم. یەکێ لە هۆکارەکان گرتنی مامۆستا عەلی باپیر بوو لە لایەن هاوپەیمانانەوە، چونکە نەدەکرا ئەو لە لای ئەمەریکییەکان دەستبەسەر بێ و لە بەندیخانە ئیمامەتی بێئیمانانی بەعس بکا و منیش لە سەر بۆچوونەکانی بنووسم، بە تایبەتی بابەتی ئاوها هەستیار کە مامۆستا عەلی باپیر لە سەنگەری ئیسلامەوە یا ئیسلامییەوە ورووژاندوویەتی. ئەوی ڕاستی بێ زۆر بۆ ئەو گرتنە نیگەران بووم. نیگەرانییەکەم زیاتر بۆ ئەوە بوو کە مامۆستا عەلی باپیر وەک هەر کوڕێکی تری میللەتەکەی خۆی، جا لە هەر سەنگەرێکدا دەبێ با ببێ، بێخاوەن بوو و کەسی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەرەوەی بازنەی خۆی بە تەنگییەوە نەبوو و کەس بەرگریی لێ نەدەکرد و نەمبیست لێپرسراوان باسیشی بکەن و وەک هەر کوردێکی لێقەوماو بووە بەردێک و کەوتە بنی گۆمەوە. خۆ ئەگەر خواوڕاستان پێناسەی وڵاتێکی ناکورد و ناموسوڵمانی هەبوایە، بە دڵنیاییەوە ئەو وڵاتە دووەمەی تاقیبی دەکرد و لە هۆی گرتنەکەی دەپرسی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش دنیایان پڕ دەکرد. هەر ئەو بەرگریکردنە لە مرۆڤ و مافە سەرەتاییەکانی وای کردووە نەرویجییەکان نەتوانن بە ئاسانیی مامۆستا کرێکار بنێرنەوە وڵاتی خۆی، دەنا هەتا بڵێی لێی بێزارن و زەرەری ماددی زۆریان پێ دەگەیەنێ.

ئەم بێ دەنگی کردنە یەکێکە لە خەسڵەتە ناهەموارەکانی کورد. لە وڵاتیکی وەک سوید، هەر هاونیشتمانییەکیان، لە هەر جێیەکی ئەم جیهانەدا لێی بقەومێ، ئەگەر خەتای خۆشی بووبێ و لە سەر کاری دزێویش گیری خواردبێ، حکومەتەکەیان لە ڕێی وەزارەتی دەرەوە و سەفارەتخانەکانیەوە دەکەوێتە هەوڵ و کۆشش بۆ فریاکەوتنی. ژنێکی سویدی لە ئەمەریکا، لە سەر هێرۆئین و پیاوکوشتن حوکم درابوو، زوو زوو لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە باسی بارودۆخە ناخۆشەکەی دەکرا لە بەندیخانەی ئەمەریکادا. وازیان نەهێنا تا گەیاندیانەوە بەندیخانەیەکی وڵاتەکەی خۆی. کەچی ئێمەی کورد بۆ هیچ کارەساتێک ئۆف ناکەین. عەلی باپیر گیرا و کەس ئۆفی نەکرد. دەیانمان لە ڕێی ئەوروپا بوونە خۆراکی نەهەنگی زەریا کەس ئۆف ناکا. ڕۆژانە ژن و منداڵ و کوڕی کورد لەتوپەت دەبن و کەس باکی نییە. لە سەروبەندی ڕووخانی بەعسدا، هەزاران کوردی ڕۆژهەڵات کەوتنە بەر شاڵاوی ڕەگەزپەرستانی عارەبەوە و کەس ئۆفی نەکرد. جا ئۆفی چی بکەن؟ دەسەڵاتدارانی کوردستان بەرانبەر کوردکوژان و داگیرکەران و خائینان، دڵگەورە و لێبوردەن، بەڵام لە ئاستی خۆماندا، جیقڵدانەیان نەک هەر تەنگە، بەڵکو نییانە! ئەرێ وێرانکردنی هەزاران گوند و ئەنفال و کیمیایی بۆ لێبوڕدەیي و دڵگەورەیی دەبن؟ لەو جێیەدا کە دەبێ دڵگەورە بن جیقڵدانەیان تەنگە و لەوێشدا کە دەبێ توندوتیژ بن، دڵیان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گەورەیە. حکوومەتی جەعفەری بە هۆی تاوانەکانی سەددامەوە داوای لێبوردنی لە ئێران کرد، بەڵام کورد، مرد و سووتا وای لەو حکوومەتە نەکرد داوای لێبوردن لە کورد بکا. کەچی نەک هەر حکوومەتیان لێ تێکنادەین، بەڵکو تاکە ڕاگری حکوومەتی بەغدا کوردە و کورد نەبێ داری بە سەر بەردەوە نامێنێ. ئاخر کورد دڵی گەورەیە! ئەمە خەسڵەتی میللەتی کۆیلەسیفەتە و لە سەردەمی موالێتیمانەوە، کۆیلایەتی بە قەدەر و چارەنووسی خۆمان دەزانین. دەمەوی باسی ئەمانە بکەم و لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیردا دەمەتەقێیەکی سەردەمانەیان لە بارەوە بکەین. با بۆچوونەکانی ئەو مامۆستایە بیانوو بن بۆ دربڕینی ئازاری نەتەوایەتیم.

خۆشبەختانە دواکەوتنی بابەتەکە بە خێر گەڕا و لەگەڵ هەر پێداچوونەوەیەکدا بابەتی بۆ زیاد بوو و درێژەی کێشا تا گەیشتە ئەوەی لە بابەتی گۆڤارەوە بگۆڕێ و ببێتە کتێب، یا بە لای کەمەوە نامیلکە... یا بشێ بە زنجیرە لە ڕۆژنامەدا بڵاو بکرێتەوە. خۆ ئەگەر کەسیش نەما خۆی لە بڵاوکردنەوەی بدا، ناچار دەبم بڵێم: هەی ماڵە بابم ئینتەرنێتی کافران!

لە بەر ئەوەی ئێستا مامۆستا عەلی باپیر ئازادە و لە کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسەتمەداران و دەنگدان و نەدانی پەرلەماندا و لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا دەنگ و ڕەنگی هەیە و دەشڵێن بۆ ڕێزلێنانی (ئەی ڕەقیب) هەڵنەستاوەتە سەر پێ، گوایە کوفری تێدایە، پێم خۆشە ئەم دەمەتەقێیە بخەمە بەر دەمی خۆی و خوێنەران. ئەگەر ئەم مامۆستایە بە نوێنەرایەتی کورد بچێتە وڵاتێک و ڕێز لە سروودیان یا لە ئاڵایان یا تەنانەت لە خۆراکیشیان نەگرێ، دوور نییە بە یەکەم فڕۆکە بەڕێی بکەنەوە و نەتوانێ کەرتە نانێک بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی کورد پەیدا بکا یا دەرمان بۆ ژەهرخۆرکراوەکان بە دەست بێنێ، لە حاڵێکدا ئەگەر ئەنفالکراو بە شەهید بزانێ و ڕێزی کەسوکاریشیان بگری. خۆ مامۆستا لە سەفەرێکی ڕەسمیدا بۆ تورکیا جلی کوردی لە بەر خاتری یاسای تورک و ئۆردوغانی ئیسلامی دانا و وەک ئەوانی دی بووە ئەفەندی! با ئەوەش بڵێم ئەگەر نووسین و بیری مامۆستای ناوبراو وەک زۆر نووسینی تر کە بڵاو دەبنەوە، بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لامەوە شیاوی ڕامان و لە سەر وەستان نەبوایە، زەحمەتم بە خۆم نەدەدا و هیچم لە سەری نە دەگوت و نەدەنووسی و بە سەریدا تێدەپەڕیم. هیوادارم مامۆستا بە (من تمنطق تزندق)م لەگەڵدا نەکا و لە ئەنجامی دەمەتەقێی لۆژیکیدا بگەینە خاڵی هاوبەش بۆ چارەسەری کێشە نەتەوایەتییەکەمان: خەبات بۆ ئازادی کورد و سەربەخۆیی کوردستان. ئیدی دوای ئەوە، با ململانێی شێوەی بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە ئازاد و سەربەخۆیە ببێتە تەوەری ململانێی نێوان قەیامەتی و دنیاییەکانی کورد و هەتا کورد ژێردەستە و غەدرلێکراویش بی، نە دنیایی کورد خاوەنێتی نە قەیامەتییەکانی... تا ئاوها بێ، کوردستان بێستانێکی بەرەڵا و بێ پەرژین و بێ داهۆڵە و خۆراکی بەراز و جێی تەراتێنی کەمتیارە!

## ڕێزنەگرتنی ئەی ڕەقیب ـ ئاینگۆڕکێ

مامۆستا عەلی باپیر، لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا، بۆ ڕێزلێنانی سروودی (ئەی ڕەقیب)ی مارشی نەتەوەیی کورد هەڵنەستاوە و ڕێزی لێ نەگرتووە، چونکە بە لایەوە دین و ئاین نابێ بە نیشتمان بچوێندرێن. دیارە ئەو مامۆستایە نەیتوانیوە لە سنووری فکری و ڕۆشنبیری عارەب بێتە دەرێ و تەفسیرێکی دی بۆ ئەو دین و ئاینە بکا کە لە ئەی ڕەقیبدا هاتوون. لە ڕاستیدا، سروودی ئەی ڕەقیب بە نووزەیەکی کزی بە ئاستەم بیستراوی بێ دەسەڵاتانەی کەسێکی نەخۆش دێتە بەر گوێی زەین کە هەر بە ئاستەم ڕۆحی تێدا مابێ و وەک بریندارێکی گۆڕەپانی شەڕ، کە هاوار بۆ فریاڕەس و قومێ ئاو بکا، ئەویش ئاوها هاوار بکات و بڵێت: خەڵکینە منیش هەم... من ماووم... نەمردووم... منیش میللەتێکم لە ناو میللەتاندا و نیشتمانی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆمم هەیە... کەس بە مردووم نەزانێ! ئا لەم ڕووەوە، ڕەنگە پێویست بێ مارشی نەتەوەیی کورد بەهێزتر و بە تین و تاوتر بکرێ، نەک لە بەر ڕەگەزپەرستێتی وەک چەپەکان سالەهای سال تۆمەتباریان دەکرد، یا بوونی دین و ئاین تێیدا کە مامۆستا عەلی باپیر بە خراپیان دەزانێ. ئاخر توخوا کەسێ وڵاتی داگیر کرابێ و کچانی وڵاتەکەی کڕین و فرۆشتنی داگیرکەریان لە سەر بێ، لە کوێ ئەو دین و ئاینەشی هەیە کە عەلی باپیر لێکیان دەداتەوە؟ ئاخر ئەوەی ئەنفالچی و فایلڕەش هاونشینی بن و بە دەنگ نەیات، دین و ئاینی لە کوێ بوو؟ بە ڕاستی گومانم هەیە دین و ئاین، وەک دیموکراسی و ئازادی و پێشکەوتنخوازی و زاراوە عەوامخەڵەتێنەکانی دی کرابێتنە پەیژەی سەرکەوتن بەرەو کورسی و دەسەڵات و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان، کە ئاوهاشیان لێ هات، ئەو پیرۆزییە لە دەست دەدەن تا شەڕیان لە سەر بکرێ.

دە تەماشا بزانە کێ ناحەزی سروودی ئەی ڕەقیبە: جگە لە داگیرکەران کە لە هەموو بوارێکدا دژین و دژی هەموو شتێکی کورد و کوردین، کۆمۆنستەکانی پێش هەرەسی سۆڤیەت بە سروودێکی ڕەگەزپەرستانەیان دەزانی و دژی بوون و حەزیان لە بابەتی ئینتەرناسیۆنالستانە بوو و ئەو داوایەیان هەر لە کورد هەبوو و هیچیان لە بارەی (ئوممە ئوممە)ی بەعسییەکان یا هەر ڕەگەزپەرستێکی دەسەڵاتدار نەبوو. ئەوجا، جگە لە کۆمۆنستە کرێکارییەکانی ئێستا کە دژی هەموو شتێکی کوردن، مامۆستا عەلی باپیریش دژی دەوەستێتەوە و خۆی بە گوناهبار دەزانێ بۆ ڕێزلێنانی هەستێتە سەر پێ. نازانم کەنگێ کۆمۆنستە ناکوردستانییەکان و خاوەنی ئەو جۆرە لێکدانەوە ئیسلامییە لە بەرەیەکدا کۆ دەبنەوە و پێکەوە دەست دەنێنە ناقڕگەی نەتەوایەتی کورد و دەیخنکێنن، وەک خنکاندوویانە؟ دەمێکە کاتی ئەوەیان هاتووە بەرانبەر نەتەوایەتی کورد ـ نەک نەتەوەیەکی دی ـ یەک بگرن... کۆمۆنستە کرێکاریەکان و ئیسلامیەکان یەک بگرن! مامۆستا ڕێزی مارشی نەتەوەیی و شەهیدانمان ناگرێ و بەرپرسێکی کۆمۆنستی کرێکاریش بزانە چ بێ ڕێزییەک بە سەرکردە نەتەوەییەکانمان دەکا. لەگەڵ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

داوای لێبوردندا لە گیانی پاکی سەرکردە نەتەوەییە نەمرەکانمان و خوینەرانی هێژا، ئەم نموونەیە دەهێنمەوە و شەرمیش دەمگرێ کە پەنای بۆ دەبەم: لە کاتێکدا سەرکردەیەکی کۆمۆنستی کرێکاری بە فارسی قسەی بۆ فارسەکان دەکرد و باسی قازی محەمەد و شێخ مەحموود و مەلا مستەفای دەکرد، دەیگوت: "ئونها چ گوویی هەستەند!" بۆ بەکارهێنانی ئەو وشەیەش دەیگوت: "مەعزەرەت میخام!" ئەوجا لە سەری ڕۆیی و گوتی: دەبی بەردەوام لە بەها پیرۆزەکانی کوردە نەتەوەییەکان بدەین!" جا بۆ لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیردا یەک ناگرن و ناکەونە سەنگەرێکەوە؟! خۆ هەردووکیان سووکایەتی بە بەها پیرۆزەکانمانی کورد دەکەن.

توخوا خزمایەتی لە نێوان ئەو دوو بۆچوونەدا نابینی؟ مامۆستا خۆت هەستی پێ ناکەیت؟ هەر ئەو حیزبە لە سەر عارەبی تەعریب و لە دەست کورد شکاتی گەیاندە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەرگیز شکاتی کوردی نەگەیاند. بە ڕاستی لە کاتی ئەو شکاتەدا من دڵم خۆش بوو: ئۆخەی خۆ کوردیش لە ڕیزی مەلایەکەت دەرچوو و شکاتی لێ کرا! بەڵام بە داخەوە عارەبەکان خۆیان بێزیان نەهات ئەو شکاتە بکەن یا بە دوایدا بچن!

خۆشبەختانە، لە کاتێکدا خەریکی پێداچوونەوەی ئەم نووسینە بووم، حەفتەنامەی میدیا لە ژمارە ٢٣٨یدا گوتارێکی نایابی مامۆستا جەمال نەبەزی بڵاو کردەوە، کە تیایدا بە تێروتەسەلی لە "دین" و "ئاین" دواوە و بە چاکی ڕوونی کردۆتەوە و وای بە باش دەزانم هەندێک لەو باسە بگوازمەوە ناو ئەم نووسینە، تا مەسەلەی ئەی ڕەقیب نەبێتە مەسەلەیەکی مەلابەزێنی و بە زۆر بە کافرمان نەزانن لە کاتێکدا بە موسوڵمانبوونیشەوە بە زایۆنی ناومان دەبەن و تەنانەت مەلاکانیشمان بە هۆی کوردبوونەوە دەکوژرێن. داوای لێبوردنێش دەکەم کە بە هۆی هەندێ تەکنیکی کۆمپیوتەرەوە نەمتوانی چەند وشەیەکی لاتینی وەکوو خۆیان بگوازمەوە ناو ئەم نووسینەوە. مامۆستا نەبەز لەو باسەدا وای فەرمووە:

...(ئەوجا کەسانێک کەوتنە دژایەتی ئەی ڕەقیب بە بیانووی ئەوەی کە گوایە وتەی "دینمانە ئاینمانە نیشتمان" دژی باوەڕی وانە. ئەمەیان لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەزانینەوە دێ. چونکە ئەو "دین" و "ئاین"ەی کە لە "ئەی ڕەقیب"دا هاتووە، پێوەندی بەو "دین" و "ئاین"ەوە نییە کە ئەوان باوەڕیان پێیەتی. ڕەگی وشەی "دین" لە زمانە ئارییەکان و زمانە سامییەکانیشدا هەیە. ڕەگی وشەی "دین"ی زمانی کوردی وشەی ئاڤێستایی دەئینایە کە مانای "ویژدان" و "ڕامان" و "ئەڤین"ە. دین، بەم پێیە وشەیەکی کوردی زۆر کۆنە و، لە پێش ئیسلامەتیدا هەبوو و، هەر لە پێش ئیسلامەتیشدا، بە هەندێک مانا چۆتە زمانی عەرەبییەوە.

"دین" گەلێک مانای هەیە، لەوانە دادگە، فەرمانگە، شوێنی لێپرسینەوە. بۆ وێنە: ئەوەی لە قورئاندا هاتووە: "مالک یوم الدین" مانای "خاوەنی ڕۆژی دادگەیی"یە کە مەبەست لەوە ڕۆژی پەسلان (قەیامەت) و لێپرسینەوەیە.

"دین" بەم پێیە لە وشەی کوردیی کۆن (دیپی پانە)ەوە هاتووە کە بۆ نێونانی ئەو شوێنە بەکارهێنراوە کە کاروباری حکوومەتی تێدا بەڕێوەچووە تۆمارخانە لەوێ بووە. ئەم وشەیە دوایی بووە دیڤان و لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا، عەرەبەکان ئەم وشەیەیان وەرگرت و کردیان بە "دیوان" و هەتا ئەوڕۆش بەکاری دەبەن. فارسەکانیش لە ڕەگی دیپ Dip کە بە مانای نووسین بووە، وشەی دەفتەرDefter یان وەرگرتووە. کە بە مانای "نووسینگە" (بیرۆ) بەکاریدەبەن. وشەی دیوەخانی کوردیش هەر لەوەوە هاتووە. وشەی دین لە فۆلکلۆری کوردیشدا هاتووە...)

ئێستاش لە کرمانجی ژووروودا وشەی "دین" لە بری شێت بەکار دەهێنن. نالی لە بەیتێکدا دەڵێ:

لەو کەسە دینی ئەتوو نووری دڵو ئیمانییە

ڕووت بە زولفت دامەپۆشە یەعنی کافرسانییە

نەمدیوە ئەم "دین"ە بە شێت لێکدرابێتەوە، بەڵام من پێم وایە لەو بەیتەدا شێت دەگەیەنێ ئەمما شێتێکی تووڕە، چونکە دەزانین نالی، ماوەیەک لە ناو کرمانجەتیدا ژیاوە. (و)ی ئەو "نووری دڵ و ئیمانییە"ش هی ئیزافە نییە بەڵکو جێناوی کەسی دووەمی تاکە و لە بنەڕەتدا (ت)یە. پێم وایە دەبێ:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

"دڵو ئیمانییە" بێ نەک "دڵ و ئیمانییە". واتە: نووری دڵت ئیمانیەتی. واتای بەیتەکەش وای لێ دێ: "ئەتوو لەو کەسە تووڕەیت کە نووری دڵت یا ڕووناکایی دڵت، ئیمانێتی" ئەم ئیمانەش دەچێتە پاڵ ئیمانی ئەی ڕەقیبەوە!

مامۆستا جەمال نەبەز لە هەمان گوتاردا و لە شیکردنەوەی وشەی "ئاین"یشدا وای نووسیوە:

(هەروەها وشەی ئاین Ayin یش، گەلێ مانای هەیە، لەوانە ڕێباز و ڕەوشت و جۆری ژیان و جێژن و هەڵسوکەوت و کردار و قانوون و بەرنامە... هتد. وشەی "ئاین" لە پەهلەوی "ئایین" و "ئەڤین" و "ئەدڤەن"ە. تەنانەت فارسەکان ئەم وشەیە لە جیاتی "بەرنامە" بەکار دەبەن و دەبێژن "ئاییننامە"ی حیزب.)

باشە ئەگەر لە بری "دین" و "ئاین" وشەگەلی "دیوان" و "جەژن" لە ئەی ڕەقیبدا هەبوایەن، مامۆستا عەلی باپیر چ هەڵوێستێکی دەبوو؟ تۆ بڵێی ئاوازەکەی حەرام نەکردبا؟ یا ئەگەر کورد ئاییننامەی حیزبی بەکار بهێنابا ئەو بەڕێزە چی دەگوت؟ خۆ ئاییننامە گەلێ لە بەرنامە و برۆگرام لەبارتر و ڕەسەنتر و کوردیترە. ئەگەر وشەی دین پەڕیوەتە ناو زمانی عارەبییەوە و ئیمانیش بە یەکێ لە واتاکانیەوە ماوەتەوە، وشەی مزگەوت و میحرابیش لە ئاینی زەردەشتییەوە ماونەتەوە. ئەدی لە دەست ئەو وشانە سەری خۆمان بۆ کوێ هەڵگرین؟ مزگەوت کە کورد بە ڕەهایی بە کاری دێنێ، لە مەزدگاوە ماوەتەوە و میحرابیش "میهراب" واتە تاقی سەر سارداو. ئەگەر بە وردی ڕیوڕەسمی ئیسلام لە ناو کورددا بپشکنین شوێنەواری زۆری زەردەشتی تێدا دەدۆزینەوە و کەسیش لاری لێیان نییە. خۆ نوێژ و نەماز و ڕۆژوویش هیچیان عارەبی نین و دەکرێ شارەزایانی ئەو بوارە لە جیهانی زەردەشتیاندا بیاندۆزنەوە.

ئیدی دیارە کە دین و ئیمان، هیچیان عارەبی نین و چ بیانوویەک نییە ڕێزی ئەی ڕەقیب، کە بە بێ پرسوڕا بۆتە مارشی نەتەوایەتیمان، نەگیرێ یا بە کوفر لێکبدرێتەوە. خۆ قازی محەمەد زانایەکی گەورە بوو و شارەزاییەکی زۆری لە شەرعدا هەبوو، کەچی کەس نەیبیستووە لەو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سروودە نەتەوەییە ناڕازی بووبێ. دیارە کە ماۆستا عەلی باپیر ڕێزی ئەو سروودە ناگرێ، یا دەبێ مارشی نەتەوەیی بۆ کورد بە پێویست نەزانێ، یا مارشێکی بوێ سەرچاوەکەی ئاینیی بێ... هەرچی ناموسوڵمانی کوردستانێش هەیە، وەک سەردەمی عوسمانلی، کەیفی خۆیانە و زۆر قسان بکەن دەیانفرۆشین! پێشنیاز دەکەم ئەم بڕگە شیعرەی جەلالەددینی ڕۆمی، کە پێم وایە لە پلەیەکی وەها باڵای سۆفیگەراییدا گوتوویەتی، کە وشە دەرەقەتی هەستەکانی نەهاتووە، لە بەر خاتری مامۆستا و مارکسستە دژە کوردایەتییەکان، بخرێتە ناو مارشی نەتەوەیی کوردەوە:

تەنەنەنتەن تەنەنەنتەن تەنەنەنتەن تەنەن

تەنەنەنتەن تەنەنەنتەن تەنەناها یاهو

... و ئیدی هەر کەسە و لە ڕاست خۆیەوە دەتوانێ بەو شێوەیە لێکی بداتەوە کە دڵی دەخوازێ... کۆمۆنستەکان بیکەنە چینایەتی و مامۆستا عەلی باپیر بیکایەتە تەواشیح و منیش، خۆم دەزانم چۆنی لێک دەدەمەوە.

هەڵنەستانی مامۆستا عەلی باپیر بۆ گیانی شەهیدانی کورد و کوردستانیش دەکەوێتە خانەی ڕێزنەگرتنی سروودی نەتەوایەتییەوە و دەیکاتە بێگانەیەکی ناحەزی کورد. ڕەنگە بە لای مامۆستاوە هەندێ لەوانەی بە شەهید دانراوون شەهید نەبن، بەڵام خۆ هەزاران منداڵی بێ تاوان و تەنانەت شیرەخۆرەش لە بۆمباران و ئەنفال و کیمیابارانادا کوژران و هەزاران پیاو و ژنی پیر و پەککەوتە خەڵتانی خوێن کراون و سەدانیش دەرخواردی سەگە ڕەشەکەی نوگرە سەلمان دران... ئەوانە شەهید نین؟ جگە لە دوژمنی کورد، کەس هەیە ئەوانە بە شەهید نەزانێ؟ ئایە نەدەکرا مامۆستا هەر لە دڵی خۆیەوە و لە سەر نیەتی خۆی، بۆ گیانی کەسێکی تایبەتی هەستێ، تا ئەم بابەتە هەستیارە نەورووژێنێ و هەستی خەڵکی کورد بریندار نەکا؟ تۆ بڵێی سەردەمی شەهادەت لەگەڵ کۆتایی غەزاکاندا کۆتایی هاتبێ یا هەر عارەب بۆیان هەبێ شەهید بن یا ئەوەی لە سەر خاک و شەرەفی خۆی بکوژرێ شەهید نییە؟ پێناسەی شەهید، بە پێی بۆچوونی مامۆستا عەلی باپیریش، ئەگەر لە خۆی تێکنەدا، ئاشکرایە:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەنانەت ئەوەی لە غەریبیشدا بمریٚ شەهیدە، چجای ئەوەی لە سەر دین و خاک و نەتەوە و شەرەفی خۆی دەکوژریٚ. من پیٚم وایە لە سەر ئەو کچە کوردانەی کە عارەب بازرگانی پیٚوە کردن و بە میسر فرۆشران، هەر کوردیٚک بکوژریٚ شەهیدە. بەلیٚ ئەو کیژانەش شەهادەی شەهادەت بە کورد دەدەن. نازانم بۆچی مامۆستا گەرەکیٚتی بەو شیٚوەیە بەهەشت بە دەست بهیٚنیٚ! ئایە بە بیٚ سووکایەتیکردن بە بنەما نەتەوایەتییەکانی کورد بەهەشت بە دەست ناییٚ؟ من ئەوەم نەزانیوە و ناشمەویٚ بیزانم و ئەگەر واش بیٚ، ئەو بەهەشتە پیرۆزی ئەو بابەتە خەلکە بیٚ! پیٚم خۆشە لە بەرزەخدا لەگەل مەڕ و بزنی بیٚزەرەردا بم نەک لە بەهەشتیٚکدا بم موسولمان و کوردی وای لیٚ بن.

مامۆستا باپیر پیٚداگری لە بۆچوونەکەی دەکا و جیٚ بۆ نەتەوە و خاک و ولات ناهیٚلیٚتەوە. ئەمە یەکیٚکە لەو کارەساتانەیٚ کە دەمیٚکە یەخەگیری کورد بووە و بەو دەردەی بردووە کە دەیان و سەدان سالە بە دەستیەوە دەنالیٚنیٚ: لە بری ئەوەی ئاین بخاتە خزمەتی نەتەوەکەیەوە، (پۆل پۆت)ئاسا، نەتەوەکەی دەکاتە قوربانی ئایدۆلۆژیاکەی. لە بری ئەوەی چارەسەری کیٚشە نەتەوایەتییەکەی لە دوتویٚی شەرعدا بدۆزیٚتەوە، خاک و نەتەوەکەی لە پیٚناوی شەرعدا وا بچووک دەکاتەوە، کەلکی ئەوەی نامیٚنیٚ باسی سەربەخۆبوونی بکریٚ. ئەمە دەلیٚم چونکە ڕیٚزنەگرتنی مارشی نەتەوە و شەهیدان، سووکایەتییە بە خاک و نەتەوە. بزانە حەسەن عەلەوی لە (عمر والتشیع)دا لە بواری عارەبایەتیدا چۆن باسی عومەری کوڕی خەتتاب دەکا: "ئازادکردنی دیلە عارەبەکان و داهیٚنانی بە سەبیە نەکردنی ژنە عارەب و گیٚڕانەوەیان بۆ قەبیلەکانیان" ئەدی ژنە ناعارەب؟! نا، باسی ئەوان لە ئارادا نییە و تەنانەت دوای موسولمانبوونیشیان تالان دەکران، بە تایبەتی دوای ئەو بڕیارەی عومەر و هەر لە سەردەمی خۆیدا.

من بە هیچ جۆریٚ ئەی ڕەقیب و شەهیدان لە سەر حیزبە دەسەلاتدارەکان حیساب ناکەم و ئەوان، مەگەر بۆ بازرگانی کردن ناوی شەهیدان بیٚنن و وەک ئەوەی ئەرکیان هەر ئەوە بیٚ خەلک بە شەهیدکردن



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بدەن، بە شانازییەوە دەڵێن: ئێمە ئەوەندە و ئەوەندە هەزار شەهیدمان داوە! خۆ هەر کادری ئەوان بوون بەر لە پەیدابوونی پەڕۆی سەوز و زەرد، بە ئاڵای کوردستانیان دەگوت پەڕۆشڕ. شەهید و ئاڵا و ئەی ڕەقیب، ملْک و کەلەپوور و سەرمایەی نەتەوەکەمانن نەک حیزبەکان. خۆزگە حیزبەکان ئاڵای سەربەخۆیی کوردستانیان هەڵدەدا و خۆیان دەکردە هەقسێنی شەهیدان تا گەردەنیان لە گەندەڵی ئازاد بکەین! بەڵام ئەوان خەریکی بنیاتنانەوەی عیراقن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان نەبێ خەمی کوردستانیان نییە و هەرچی بەهایەکی نەتەوەیی و مرۆڤانەی پیرۆز لە کوردستاندا هەبووە، سەرەونخوونیان کردووە. جەنابی مامۆستا، لە کارە چەواشەکارییەکاندا هاوپشکی حیزبە دەسەڵاتدارەکانە، بەڵام لە سروود و ڕێزگتنی شەهیداندا، لێیان جیا بۆتەوە... خۆزگە بە پیچەوانەوەی دەکرد!

ئەگەر ئارەزووی بەدەستهێنانی (بەهەشت و حور و غیلمان)ی مامۆستا باپیر بخەینە تای تەرازوویەکەوە و دنیاویستی و بەردپەرستی و هیچپەرستی خوانەناسی عەلمانی و عیلمانی و ئەهلی گوندی گەورەی جیهانی و داروینست و مارکسستی کورد بخەینە تایەکەی ترەوە، زەرەری بەهەشتویستییەکەی باپیر بۆ کورد و نیشتمانەکەی قورسترە، چونکە سووربوونی ئەم مامۆستا بەڕێزە لە سەر ڕەتکرنەوەی هەموو ڕێ و ڕێبازێکی جیاواز، بە لای خۆیەوە بە پێی یاساکانی ئاسمانە و یاسای ئاسمانیش دەمەتەقێ هەڵناگرێ. بەڵام کێشەی ئێمە کێشەی دنیاییە... ئێمە وڵاتمان داگیر کراوە و نەتەوەکەمان قڕ دەکرێ و تەنانەت تورکەکان کە برای ئاینیمانن و دەسەڵات بە دەستی خواناسانەوەیە، دەست دەخەنە ڕیزمانی کوردیشەوە و پیتی (و W) لە کورد قەدەغە دەکەن. ئەگەر بە سویدییەکان بڵێی پیتی (ئوێ ö) لە زمانەکەتان لابەرن یا بە عارەب بڵێن ئەو (ض)ە ناخۆشە بگۆڕن، نابێتە نوکتەیەکی نێودەوڵەتی؟ مرۆڤ تێنووی ئازادی و سەربەخۆیی و ئاسوودەییە و بۆ بەدەستهێنانی ئەو ویستانە، بە ڕاستی، تای تەرازووی مامۆستا عەلی باپیر قورسە. من گەرەکمە هاوسەنگەری ئەو بم، چونکە خوایەکی هەیە و لێی دەسڵەمێتەوە و ڕێی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دزیکردن و زۆر شتی تری لێ دەگرێ. بەڵام بڵێم چی بە لای ئاواتە نەتەوەییەکانمدا نەچێ؟ ئەو بیروباوەڕەی ئەو باسیان دەکا، لە من نامۆ نین و پێیان گۆش کراووم، کەچی لێمیان دەکاتە کەرەسەگەلێک، کە بە کەڵکی چارەسەری دەردی من نایەن. مرۆڤی عیلمانی و عەلمانی، لەوە حاڵین: ئازادی تاکە کەس لەو جێیەدا کۆتایی دێ کە دەگاتە سنووری ئازادی تاکە کەس یا کەسانی دی. هەر کەسە و بڕیاری خۆی لای خۆیەتی ئاخۆ بەهەشتی دەوێ یا نایەوێ و چی دەکاتە قوربانی چی، بەڵام کەس مافی ئەوەی نییە چارەنووسی میللەتێک بکاتە قوربانی ئەو بەهەشتەی کە بە تەمایەتی یا بیکاتە بەربەست لە بەردەم دۆزەخدا. لەیلا زانای جاران (نەک ئەوەی ئێستا) لە ناو پەرلەمانی تورکیادا ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانی بە قژەکەیەوە کردبوو و بە کوردی قسەی کرد، بۆیە حوکم درا. دەبێ مامۆستا عەلی بۆ ئەو هەڵوێستەی خۆی لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا، کە پێچەوانەی هەڵوێستەکەی لەیلا زانایە، تورکەکان چۆنی خەڵات بکەن! ئەوەیان هەڵوێستی ژنێکی کوردە و ئەمەیان هەڵوێستی پیاوێکی ئاینیی کوردە، لە کاتێکدا (وللذكر مثل حظ الانثيين).

من، بەش بە حاڵی خۆم، هەموو ئەم جیهانەم لە سەر تاپۆ بکەن، ناتوانم ئاینی خۆم بگۆڕم بەڵام ئەو مافەش بە خۆم نادەم ببمە کەرەسەی بەرهەڵست و هەڕەشە لە بەردەم خەڵکی تر، کە ئاین و باوەڕی خۆیان دەگۆڕن، چونکە ئەوە پەیوەندی بەو کەسە خۆیەوە هەیە. کە سویدییەکی مەسیحی دەبێتە موسوڵمان مافی خۆیەتی و ڕێبازی خۆی دەگۆڕێ. کە بۆ ئەمەیان بەرهەڵست نیم بۆچی کە موسوڵانێک دیندەگۆڕێ قەبووڵ نەکەم؟ دیاردەی ئاینگۆڕین و بوونە مەسیحی سەدان کورد، وەک کلیپی هەندێ گۆرانی و هەندێ ڕێنمایی لە سەدا سەد ئەورووپایی، لاساییکردنەوەیەکی بێ بیرکردنەوەیە و بە مەترسی دەزانم. بەڵام ئەوەی لە سەر منە ئەوەیە ڕوونکردنەوەم هەبێ و لە هۆیەکەی بکۆڵمەوە نەک خۆم لەو خەڵکە بکەمە بەربەست و تاکە پیاوی زانا و ئەم یا ئەو ڕێبازیان لێ قەدەغە بکەم. خۆ جبە و عەمامەش لاساییکردنەوەن و فڕیان بە سەر کەلەپووری کورد و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەشوهەوای کوردستانەوە نییە. ئەگەر دەشڵێن ئەو جلوبەرگە سوننەتە، خۆ ئەبو سوفیان و ئەبو جەهل و زۆر لەوانەی لە شەڕی دژی موسوڵماناندا کوژران، هەر شتێکی هاوداmanی وایان لە بەر دەکرد. ئیدی بۆ دژی ئەو نەریتە نەبم؟ ناکرێ بڵێم: من دژی جوببە و عەمامەم چونکە ئەبو جەهل لە بەری کردوون؟

مامۆستا عەلی باپیر لە حەفتەنامەی میدیای ژمارە ٢٣٩دا کە دەڵێ: "خوای پەروەردگار بەهرەمەندی کردووین لە تاکە دین و بەرنامەی ڕاست و دروستی خۆی کە ئیسلامە...) دیارە چەند سوورە لە سەر باوەڕی خۆی و لە بیری نییە هەر حیزبە و بەوەی هەیەتی دڵخۆشە. خەڵکی تر هەن کە بوودایيان پێ ڕاستترین ئاینە و هی دی هەن خۆیان بۆ جوولەکایەتی بە کوشت دەدەن و کۆمۆنستەکانیش کەمیان قوربانی بۆ ماددەی مردوو نەداوە. دیارە هەزاران کەس لە هندۆس و موسوڵمانەکاندا لە سەر پیوی مانگا کوژران، چونکە موسوڵمانەکان دەیانخوارد و تفەنگیشیان پێ چەور دەکرد و بە لای هندۆسەکانیشەوە مانگا پیرۆز بوو و ئەو کارەیان بە سووکایەتی دەزانی. خۆ ئەگەر هندۆسەکان بیانزانیبا ئیسلام تاکە بەرنامەی ڕاست و دروستی پەروەردگارە، چ حەوەجە نەدەبوو ئەو هەموو شەڕ و هەرایە بەرپا بکەن. بزانە لە کتێبی (بەردیش بە دەنگ دێ)ی مۆلیدا ژیمۆسیاک، کە من لە سویدییەوە کردوومەتە کوردی و بڵاو کراوەتەوە، چۆن باسی بوودا دەکا: {دراوسێیەک کە باوەڕی بە خالْم بوو، خەونێکی بۆ گێڕابۆوە. لە خەونیدا گوێی لە ناڵەناڵی بوودا ببوو لە ناو هەندێ قوڕ و زەلەوە هاتبوو و گوتبووی: "هاوڕێکەم! وەرە دەرمبێنە!" ئەوەی خەونەکەی دیبوو زۆر ترسابوو. بەیانی چووبوو بۆ ئەو جێیەی لە خەونەکەدا دیبووی. خاڵیشم ڕازی ببوو بۆ ئەو جێیە لەگەڵیدا بچێ. دەبوو ئەوە، ئەو کاتە و دواتریش هەر بە نهێنی بمێنێتەوە، چونکە باوەڕهێنان بە ئاین مەترسیی بوو. زۆر کەس دەیانزانی کە خالْم خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی پاشایەتیدا هەبوو و خەڵکی لەو بابەتەش هەوڵیان دەدا کەلەپووری نەتەوایەتی، واتە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاین، بپارێزرێ. هەر لە بەر ئەوە بوو ئەو پیاوە باسەکەی بۆ خالْم گێڕابۆوە. ئێمەش خالْمان هەر بە میتامیر (خالْەی پایەدار) بانگ دەکرد.

چووبوون و گەیشتبوونە جێیە دیاریکراوەکە. ڕووبارەکە، لەو جێیەدا پێچێکی ڕکی کردبۆوە و لە وەرزی وشکاندا ئەو جێیە دەبووە زەلەجاڕێکی یەکجار گەورە. کە جێیەکەیان پشکنیبوو، بوودایەکی گەورەی برۆنزیان دیتبۆوە کە لەوێ کەوتبوو. زۆربەی زۆری ئەو پەیکەرانەی کە لەوێ بوون، سەریان پەڕێندرابوو. خالْم گوتبووی: "با دەریبێنین!" بەڵام کابرا زۆر ترسابوو و پەیکەرەکەش بە لای کەمەوە سەد کیلۆگرام دەبوو.

خالْم چووبۆوە و هەموو باسەکەی بۆ ژنەکەی گێڕابۆوە. لە ڕاستیدا، کاری ئاوها بە بێ مەترسی نەبوو. ئەگەر لەو کاتەدا خمێرە سوورێک بیدیبان، ئەنجامی هەردووکیان مردن دەبوو. بەڵام مرۆ یەک جار دەمرێ و چاکتر وایە ئەو مردنە لە پێناوی شتێکدا بێ ئەوەندە بهێنێ.

کە چاودێرەکان پشووی نانخواردنیان دەبێ، خالْم دەکەوێتە ڕێ. داوای یارمەتی لە ڕێبوارێک دەکا ئەویش بە شێتی تێ دەگا! خالْم لە بەر خۆیەوە دەڵێ: "ئەی بوودای بەخشندە! من بە تەنهام و تۆش زۆر قورسیت. بەڵام ئەگەر گەرەکت بێ دەتوانی خۆتم بۆ سووک بکەی". خۆی گورج دەکاتەوە و لاقی بە قوڕدا ڕۆ دەچێ. بەڵام پەیکەرەکە غل دەکاتەوە کەنار. بە دواپاڵیش ڕێک لە سەر گیایەکە دەنیشێت. چۆن توانیبووی ئەوە بکا؟ بۆ باوکمی گێڕابۆوە، کە وای هەست کردبوو بەردێکی کەمێ گەورەیە... لە یەک دوو کەرپووچ قورستر نەبوو}

دەبێ خاوەنی ئەو بۆچوونانە چۆن بیر لە باوەڕی خۆی بکاتەوە و کامە ڕێبازی پێ ڕاست و دروست بێ؟ بە باوەڕیی ئەو، پەیکەرێکی برۆنز دەسەڵاتی ئەوەی هەیە خۆی سووک بکا، بەڵام ناتوانێ خۆی لە قوڕ دەربێنێ! لەگەڵ ئەوەشدا من مافی تەواو بەو بوودایيە دەدەم وا بیر بکاتەوە. خۆ هیچ نەبێ وەک پۆڵ پۆتی ماتریالست، لە سەر باوەڕ و بیرکردنەوە و بنەمای چینایەتی و پلەی خوێندەواری چاویلکە کەس



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناکوژێ. تەمەنی بوودایی هەزاران ساڵ بوو و تەمەنی فەلسەفەکەی پۆڵ پۆتیش هەشت نۆ ساڵێک بڕی کردا!

دیارە چۆن ئەو پیاوەی سایەی پۆڵ پۆت مافی خۆیەتی ئاوها بیر بکاتەوە، مامۆستا عەلی باپیریش مافی خۆیەتی چۆن بیر دەکاتەوە. بەڵام نە ئەم و نە ئەو، مافی ئەوەی نییە قەبووڵ نەکا کەسێکی دی ئەو باوەڕەی نەبێ یا باوەڕێکی جیاوازی هەبێ. ئەگەر من لە بنەماڵەیەکی ئەهلی هەق یا ئێزدی بوایەم و ئەو ڕستەیەی مامۆستا عەلی باپیرم بخوێندبایەوە، چم دەگوت و چ هەستێکی هاوبەشم لەگەڵ کوردی موسوڵماندا دەبوو و لە ترسی ئەو پەنام بۆ کێ و کوێ نەدەبرد، لە کاتایکدا نەتەوەکەمان لە هەموومان پێک دێ؟ کە لەگەڵیدا یەکڕا نەبوایەم، چ فەتوایەکی بۆ دەردەکردم؟ دەبێ بە فەتوای ئەو، میرێکی تری سۆرانم لێ نەڕەخسایە؟ ئەدی چ تاوانێکم دەبوو باوکم و دایکم لە سەر ئاینی ئەو نەبوایەن، تا بە موسوڵمانەتی بێمە دنیاوە و ئیسلامانە گۆش بکرێم؟

ئێستا و لەم ساتەوەختەدا ئاینی ئیسلام بۆ من، پەیوەندییەکی ڕۆحییە لە نێوان من و خوای خۆمدا و تا ئێستا هیچ ڕێیەکی ترم نەدۆزیوەتەوە وەک ئیسلام لە خودام نێزیک بکاتەوە یا لایەنە ڕۆحییەکەم پاراو بکا. ئیسلام بۆ من، جگە لە یاسای هاوسەرێتی، بەڕێوەبردن و ئیدارەکردن و هەڵسوکەوت و پەیوەندی نێوان من و مرۆڤی دی نییە. ئیسلام لە وڵاتی سویددا هەبێ یا نەبێ، شتێک لە ژیانی من ناگۆڕێ بەڵام پەیوەندیم بە خوداوە، بە هەموو هەستێکمەوە، لەو ڕێبازەوەیە و تا ئێستا هیچ ڕیبازێکی ترم نەدۆزیوەتەوە ئاوها دڵم ئاوی پێ بخواتەوە بەڵام نازانم سبەینێ بە سەر چ ڕێباز و مەزەبێکدا دەکەوم و چ نهێنییەکم بۆ ڕۆشن دەبێتەوە. ڕەنگە تاکە هۆیەک بۆ کڕنۆشبردنم بۆ خوا نەهێشتنی هەستی کۆیلایەتی بێ بۆ غەیری خوا. دەزانم خوا پەکی بەوە ناکەوێ ئاخۆ من نوێژ دەکەم یا نایکەم، بەڵام خۆم پێویستم بەو نوێژکردن و نێزیکبوونەوەیە هەیە و ڕەنگە فەرزیش نەبوایە هەر بمکردایە. بەر لەوەی بیر لە دنیاکەی دی بکەمەوە، نوێژ پێویستییەکی ڕۆحییە بۆ ئەم دنیایەم. بە نوێژکردن سەری ئەو فیرعەونەی دەروونی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆم تەنها بۆ ئەو نەوی دەکەم کە ئەگەر وریای نەبم، لەگەڵ ئاسماندا بەشەڕ دێت و لە هەمان کاتدا ئەو کۆیلەیەی دەروونیشم ئاسوودە دەکەم کە حەزی لێیە سەر بۆ سەردەستەی دزان و فایلداران و کۆنە دەعەجانەکانی سەردەمی بەعس شۆڕ بکا و کلکە لەقێیان بۆ بکا و لە پارە و کورسی وبازنەی پەرلەمان و دەسەڵات بتی پەرستن داتاشێت و هەر ئەمەش نەیهێشت ڕۆژێ لە ڕۆژان سەر بۆ بەعس نەوی بکەم. ئەم هەستەم وام لێ دەکا، هەمیشە دژی زۆرداران و خائینان بم و لە سەنگەری غەدر لێکراوانی کورددا بم. دەبێ بزانین کە دەروونی مرۆڤ هەستی خوادارێتی و کۆیلایەتی پێکەوە، وەک جمک، تێدان و بە کڕنۆش بردن بۆ خودا ڕام دەکرێن و ئارام دەبنەوە. من هەوڵ دەدەم ئەو خوایە خۆشەویستەم لێ زویر نەبێ، چونکە زویر بوونی ئەو بۆ من دۆزەخە و ڕەزامەندیشی بەهەشتە و لە ناخەوە هەست بە ڕەزامەندی و ناڕەزایی ئەو خوایە دەکەم و بەو پێیە گەش دەبم و گرژ دەبم. ئەمە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە و مافی دەستتێوەردان بە کەس نادەم.

خوێندنەوە و ڕامان و بەراوردکاری و لێکدانەوە، من دەخەنە سەر ئەو ڕێبازەی کە بە ڕاستی دەزانم و گەلێ جار شێوازی قسەکردنی هەندێ مەلا کە بە هەڕەشە و گوڕشەی دۆزەخ دەست پێ دەکەن و دەڵێی هەر ئێستا لەوێ هاتوونەتەوە، وام لێ دەکا قسەیان بە گوێمەوە نەچێ چونکە باسی خەمە گەورەکەی من ناکەن: مەسەلەی نیشتمان و نەتەوەکەم! من چی لە داستانی ئیسرافیل و هەورەتریشقە بکەم کە یەک عارەبی تەعریب لە کەرکووک دەرناپەڕێنێ؟ خۆزگە بیسمیللا و "قل اعوذ برب الفلق" عارەبیان وەک جنۆکە لە کەرکووک دەردەپەڕاند! ئاخر ئەگەر هەموو ژیانی دنیام ترس بێ لە پیاوەکانی بەعس و داگیرکەر، ها ئێستا نا نەختێکی دی دەمکوژن و تۆشم لێ ببێتە سەربار و بە جەهەننەم بمتۆقێنی، چ بەرهەمێکم بۆ خاک و نیشتمان و نەتەوە و تەنانەت بۆ دینەکەشم دەبێ؟ ترس و ترس و ترس... ئەلفرێد هیشکۆک سەری لێ دەرناکا و باوەڕ ناکەم خوداش بەندەی ئاوها ترساوی خۆش بوێ. من لە گورگ و بەعس و دوپشک و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕاپۆرتنووس و مار و دەمپیس دەترسێم و خۆم دەدەمە پەنای خوا تا لەوانەم بپارێزێ، تۆش دێیت ئەو پەنایەم لێ تێکدەدەیت و لەو خوایەش دەمترسێنی! سەری خۆم بۆ کوێ هەڵگرم؟ نەخێر من خودام خۆش دەوێ و هەر ترسێکم هەبێ پەنای بۆ دەبەم... لێمگەڕێن با لە ترسی ئەویش، پەنا بۆ غەیری خۆی نەبەم! نوێژ کە بووە ئەرکێکی ڕۆژانەی ئاسایی و ڕیزبوون بە دوای مەلاوە، بۆ من هەیبەتی خۆی لە دەست دەدا. کە لە نوێژی جومعەدا بۆ (اللهم اغفر للمؤمنين والمؤمنات) ئامین دەگوترێ، گرمەی دێ. دوایی ئامینەکان لەگەڵ ڕیتمی دوعاکاندا خاو دەبنەوە و خاو دەبنەوە تا لە ئەنجامدا دەبنە منجەمنجێکی ناچاری و بەڕێکردن. حەز لەو ناچارییە ناکەم و نوێژکردن کڕنۆشی ڕۆحیی تێدا نەبێ، شەرمە بە هەستێکی ڕووکەشانەوە بەرانبەر بە خودا بوەستین[1]. تۆش پێم دەڵێی: نوێژ هەر دەبێ بکرێ. ئەو گوتەیە بۆ ئەوانەیە کە هەر بە تەڵقین و بێ ڕامان و بیرکردنەوە موسوڵمانن و باوەڕ بە هەموو بوختان و درۆیەک دەکەن و ئەگەر چاوسوورکردنەوە نەبێ، یەکتر کەوڵ دەکەن. بیستم کەسێک سێ دەستە جلی لە ئۆتۆمبیلەکەیدا دانابوون: یەکەمیان جلی مەلایانە، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری دائیرەکان. دووەمیان، جلی کوردی بۆ کوردایەتی و مێوانداری و سەردانی خزمان. سێیەمیشیان دەستێ جلی ئەفەندی بۆ سەردانی بەرپرسان. کە ئیسلامییەکانیش لێیان قەوما، ڕێک و ڕەوان خەبەری لێ دان! کاری وا لە دەست کەسێکی وەکو من دێ؟ هاشا...

جگە لە باوەڕە مرۆڤانە و نەتەوەییانەکەم کە لە خراپەکاری دەمپارێزن، ئەو باوەڕەشم بە خودای خۆم هەیە و شەرمی لێ دەکەم بە بەر چاویەوە کاری ناشایستە ئەنجام بدەم. بۆ من، لە کەبائیر (گوناحە گەورەکان) گەورەتر خیانەتە لە خاک و نیشتمان و ئەگەر بڵێم بێڕێزیکردن بە شەهیدان و مارشی کوردستان و بریندارکردنی هەستی ملیۆنەها خەڵکی دیلی ئەم نیشتمانە دەچێتە ئەو ڕیزەوە، ویژدانم ئازارم نادا. ئایە ئەگەر ڕێزی ئەی

---

[1] نوێژ بە لای منەوە هەر ئەوە نییە دەستنوێژی بۆ دەشۆرێ و ڕکاتەکانی دەژمێردرێن، هەموو ڕامان و بیرکردنەوەیەک لە پەروەردگار، نوێژە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕەقیب بگرم و بۆی هەستمە سەر پێ یا بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، کە بۆتە شەهیدستان، هەستم خوام لێ زویر دەبێ؟ مومکین نییە ئاوها بێ. خوا، وەک سۆزی داوە عەقڵیشی داوە و عەقڵ ئەوە قەبووڵ ناکا و هەر خۆشی مرۆڤی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی بیر لە پیاسەی ناو کاکێشانی دوورەدەست بکاتەوە نەک دوعا و پاڕانەوە و بدوح قمطیر و یاسەمەعلون، کە هەر ڕۆڵی سڕکردنیان هەیە. ئاخر کۆیلایەتی، کوفر و ئاینگۆڕکێ و کوشتن و دزیکردن و سەت گوناهی تری بە دوودا دێن و هۆکاری هەموویانە، بۆیە بە لای منەوە خیانەت گوناحی گوناحان و دایکیانە. ئەرێ ئەو گوڵاڵە جوانەمەرگە سوورانەی دەم ئاوەکەی هەڵەبجە کە ژەهری بەعس شەهیدی کردن، هی ئەوە نین بۆ ڕێزلێنانیان هەستینە سەر پێ و تەنانەت سەریشیان بۆ شۆڕ بکەین و بە شەرمەوە بڵێین: ببوورن کە نەمانتوانی نیشتمانێکی ئازاددتان بۆ دابین بکەین؟! ئەگەر بریندارکردنی هەستی خەڵکی ناشەرعی بێ، کە بە لای منەوە ناشەرعییە، ئەوا ڕێزنەگرتنی ئەی ڕەقیب و شەهیدانیش ناشەرعییە، نەک پێچەوانەکەی. ئاخر خودا لە مافی خۆی خۆش دەبێ بەڵام لە مافی عیبادی خۆی خۆش نابێ، یا زەحمەتە لێی خۆش بێ. خۆ ڕیزگرتنی نیشتمان و بەهاکانی، بتپەرستی نییە! ئەگەر کەسێ بییەوێ بە بێ ڕێزیکردن بە نەتەوەکەم لەم بازنەی بیرکردنەوەیە دەرمبێنێ، ڕەنگە ئەوەی پێ بکری، بەڵام ناتوانێ بمخاتە ناو بازنەی بیرکردنەوەی خۆیەوە.

نامەوێ ببمە کۆیلەی هیچ حیزب و سەرکردە و کادیرێک... ئەگەر هەستی کۆیلایەتی وەک لفانەی هەست و خواستی بوونە ئێزدان لە مرۆڤدا هەبێ، با هەستی کۆیلایەتی من تەنها بۆ ئەو خودایە بێ کە باوەڕم پێی هەیە. من چ لە دۆزەخ ناترسم و تەماحیشم لە بەهەشت نییە و هەردووکیانم داوەتە دەستی خوا خۆیەوە، بەڵام وەک ئیمامی عەلی دەفەرموێ: خوا بە شایانی پەرستن دەزانم، بۆیە دەیپەرستم.

مامۆستا عەلی باپیر لە حکوومەتی کوردستانی دەوێ ڕێ نەدا خەڵک ببنە نەسرانی. تەنها ڕێگرتن لەو دیاردەیە، ڕێگرتنی تری بە دوودا دێ و ئیدی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فرمان بە سەر ئەم سەردەمەوە نامێنیٚ. ناکری بە زۆر وا لە خەڵکی بکەن بە ڕۆژوو بن یا نوێژ بکەن، چونکە ئەو کەسە ئەگەر خۆی باوەڕی پیٚ نەبیٚ و لە ترساندا بیکا، بە دزییەوە و پەنامەکی پێچەوانەکەی دەکا. هەندیٚ لە بەرهەڵستکارانی جمهوری ئیسلامی ئێران لە کاردانەوەدا گەیشتوونەتە ئاستێک، هەرچی خوا پێی خۆش نییە بە ناوی خەبات و بەرهەڵستکارییەوە ئەنجامی دەدەن و کۆمۆنستی کرێکاریی کە ئازادی سێکس یەکێکە لە ئامانجەکانی، یەکێکە لەوانە. هاوڕێیەکی هەرزەکاریم کە بە قەولی خۆی بۆ باوکی بە ڕۆژوو دەبوو، لە کاتی خۆشوشتن یا مەلەکردندا، قومیٚ ئاوی هەر بۆ ئەوە دەخواردەوە، ڕۆژووکەی بە سەلامەتی دەرنەچیٚ. کەچی کە بوو بە خاوەنی بڕیاری خۆی، ڕۆژووی بە پاکی دەگرت. هەر ئەو خواستەی مامۆستا عەلی باپیر دەریدەخا ئەگەر دەسەلاتی ڕەهای هەبیٚ چی تر قەدەغە دەکا و چ کاریٚ بە غەیرەدین و کەمباوەڕان دەکا. ئاخر ئەوە بەشەرە و هەر دەبیٚ هەمەجۆر بیٚ!

دڵم بە زۆر قسەی مامۆستا عومەر چنگیانی دەکرێتەوە و خۆشحاڵم کە ئەو یەکێکە لەو دەگمەنانەی کە پیٚ دەچیٚ بیەویٚ جێگای کوردایەتی و سەربەخۆیی لە توێی شەریعەتدا بکاتەوە. مامۆستا شێخ عومەر غەریب، هەر زوو ئەو ڕیبازەی گرت و ئەگەر حیزبێکی ڕزگاریخوازی ئیسلامی هەبیٚ، بە بیٚ دوودڵیی لایەنگریی لیٚ دەکەم و دەمبە یەکێک لە سەربازەکانی. کەچی مامۆستا عەلی باپیر دەڵیٚ: "مەلا هەیە بووەتە کادیری پارتی و یەکێتی کە هیچ کەس دوو قسەی بە ناوی دینەوە لیٚ وەرناگریٚ". مامۆستا ببوورە! من کەسێکم و زۆر قسەی لیٚ وەردەگرم و خۆزگە دەخوازم پارتی بچێتە سەر ڕێبازی مامۆستا عومەر چنگیانی و خۆزگەش دەخوازم هەموو مەلاکان ئاوها بوایەن و تاکە مەرجم لە سەریان هەر ئەوەیە بەرگریی لە فایلڕەش و جاسووس و کۆنە موستەشاری چنگ بە خوێن نەکەن. جگە لەوەش خۆ جەنابیشت کادری حیزبێکی و لەگەڵ کادری حیزبێکی تری ئیسلامیدا یەک ناگریتەوە، با میری ئەو حیزبەش بیت. بزانە قەت مەلایەکی عارەبی سوننە لە خەتی عارەبایەتی و تەنانەت بەعسایەتیش



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لادەدا! بزانە یەک دونیایی عارەبی سوننە، بە یەک وشە خراپەی مەلاكانی خۆیان دەڵێ! بزانە هەموویان لە پێناوی بەدەست هێنانی دەسەڵاتی ڕەهادا بۆ كۆیلەكردنی غەیری خۆیان یەک ڕا و یەک هەڵوێست نین! عارەبی سوننە هاومەزەبی كوردن و هاوقەومی عارەبی شیعەن و باش زانیویانە ئەو هاوبەشییانە لە دژی كورد و شیعە بەكار بێنن. بزانە بە ئاشكرا بەرگریی لە كوردكوژەكان دەكەن یا نا! ئاخر ئەوان میللەتی خۆیان زۆر بە گەورە دەزانن و ئێمەش بە پێچەوانەوە، هەر كۆیلایەتی و موالیتی بە باڵای نەتەوەكەی خۆمان دەبڕین. ئەوان، هەر لە كۆنەوە هەستی مەولایەتی و سەیدایەتییان تێدایە و ئێمەش هەر لە كۆنەوە هەستی موالیتی و دونێتی و بچووكی و كۆیلایەتیمان بە دواوەیە.

برایەكم، خودا لێی خۆش بێ و بە گەورەیی خۆی لەگەڵدا بكا، هەتا مرد بە پاكی و مەردایەتی ژیا و قەت سەری بۆ بەعس شۆڕ نەكرد و باوەڕ ناكەم لوقمەی حارام بە زاری چووبێ. سەردەمێک زۆر لادین بوو. ڕۆژێكیان، لە سەردەمی لادینیدا، لە سەر شەقامەكە تووشی كوڕەكەی خۆی دەبێ. لێی دەپرسێ:

"ئەوە كیوە دەچیت؟"

"دەچم بۆ مزگەوت، بۆ نوێژی جەماعەت"

ئەویش دەیگرێ و تێر و پڕی لێ دەدا و بەرەو ماڵ دەیگێڕێتەوە. ساڵ هاتن و چوون، ئەو برایەم وای لێ هات، حەفتەی بە لای كەمەوە جارێک قورئانی خەتم دەكرد و زۆربەی قورئانی بە ڕەوانی لەبەر بوو و هەموو نوێژێكی، تەنانەت هی بەیانیشی بە جەماعەت دەكرد. ڕۆژێكیان من لە ماڵیان بووم، بووە هەرا. هەمان ئەو كوڕەی خۆی داكوتا كە لە ڕێی مزگەوت گێڕابوویەوە. چوومە نێوانەوە و گوتم چ بووە؟ گوتی: كفر دەكا! منیش یەكسەر لێدانەكەی پێشتریم بیر كەوتەوە و بە كاوەخۆ گوتم:

"ئەم لێدانەت لە سەر هەقە یا ئەوەی سەر جادەكە؟"

"ئەمەیان لە سەر هەقە!" لە تووڕەییدا دەهەژی و ئەوەی گوت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

منیش نازانم کامە شەرع هەق و ڕاستە. ئەوەی مامۆستا عەلی باپیر یا ئەوەی شێخ عومەر و شێخ مەعشووقی ڕەند کە لە پێناوی نەتەوە غەدرلێکراوەکەی خۆیدا شەهید بوو. ئەوەی عەلی باپیر ڕاستە یا ئەوەی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورەی کۆیی و قازی محەمەد! ئایە لە سەرمانە وەک عەلی باپیر بێ ڕێزی بە ئەی ڕەقیب بکەین یا وەک قازی محەمەد خۆمان لە پێناویدا بەخت بکەین و بچینە بەر پای سێدارە! ئاخر ئەم دوو ڕێیە جیاوازییان گەلێ زۆرە و زەحمەتە باوەڕ بکرێ سەرچاوەی هەردووکیان یەک ڕێباز و یەک مەبەست بێ.

بوونە مەسیحی دەیان و سەدان کورد دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە و وا ئاسان نییە بە هەزار دۆلار گوایە پێیان دەدرێ پینەوپەڕۆ بکرێ یا نەزانی و نەفامی بکرێنە بیانوو. لە ڕاستیدا، نەزان و نەفام زۆر درەنگتر لە دین لادەدەن. نا، ئاینگۆڕینی سەدان کەس ئاوها لێکنادرێتەوە و من لێکدانەوەی ترم بۆی هەیە و هیوادارم هۆکارەکان لە سەرچاوەوە چارەسەر بکرێن و چارەسەریش لە دەستی ئەوانەدایە کە بژێویان لە سەر ئاینە، ئەوەش بەوەی ئیسلامیان لە لا جوان کەن نەک بە ناوی ئیسلامەوە سووکایەتی بە بەها پیرۆزە نەتەوەییەکانیان بکەن و بە چەکی ئیسلام لە مافە سروشتییە سەرەتاییەکانیان بێ بەش بکرێن.

بە ناوی ئیسلامەوە و بە دەم سەڵاوات لێدانەوە، سەربڕینی مرۆڤ، یەکێکە لە هۆکارەکان، وەک لە سەربڕینی کوڕە زاخۆییەکاندا کردیان. هەڵوێستی ناجوامێرانەی دەوڵەتە ئیسلامییەکان لە ئاستی کوردقڕاندا هۆیەکی ترە. بێ ڕێزیکردن بە ئەی ڕەقیب و شەهیدانی کورد، هۆیەکی ترە. بڕیاری بە زایۆنیکردنی کورد لە لایەن مەلای عارەبەوە هۆیەکە. نێربازی و ژنبازی و سەربڕینی منداڵ لە پێناوی ئیسلامدا و هەبوونی لایەنگریان هۆیەکە. دوعاکردنی مەلای کورد بۆ تەمەندرێژی سەددامی کوردکوژ و هەموو فیرعەونەکانی ئەم سەردەمەی دەوڵەتە ئیسلامییەکان هۆیەکە. مەلایەکی پیرەمێردی هەشتا ساڵە کە کیژۆلەیەکی منداڵکار دەکاتە هاوسەری خۆی، هۆیەکە. ئەوجا بەراوردکاری نێوان حاڵ و گوزەرانی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەشەری موسوڵمان و ناموسڵمانی ئەوروپا، هۆیەکی ڕوون و ئاشکرایە. ماملۆستا! موسوڵمانان خەریکە کرم لێیان دەدا! ئەوجا دوای هەموو ئەوانە نۆرە دێتە سەر ئینتەرنێت و سەحن و لاساییکردنەوەی نەفامانە و نەزانانەی ئەوروپا و بەراوردکردنی وێرانەی موسوڵمانان و بەهەشتی سەر زەمینی خاوێن و ئاوەدانی ئەوروپا. چەندین جارمان بیستووە کە عارەب ویستوویانە کوردێک بکوژن، کوردەکە گوتوویەتی: خاتر ئەڵڵا. ئەوانیش گوتوویانە خودا لە ئیجازەیە. بە ڕاستی، نابێ پێمان سەیر بێ کە کورد دەبنە مەسیحی، بەڵکو دەبێ ئەوەمان پێ سەیر بێ چۆن کورد، دوای ئەو هەموو پەتپەتییەی لە سەردەمی غەزاکانەوە پێی کراوە و ئێستاش پێی دەکرێ، ئاوها بە توندوتۆڵی ئیسلامی گرتووە و دەسبەرداری نابێ! کورد بەشەرە و لە سەر پەڕەی هەور، لەگەڵ مەلایەکەتاندا ناژێ و برینداردەبێ و برسی دەبێ و هەستی دەڕووشێ. ئەوەتا کورد خۆی بە ناوی ئاینەوە سووکایەتی بە بەها نەتەوەییەکانی خۆی دەکا! من چۆن بتوانم ڕێزی ڕێبازێک بگرم سووکایەتیم پێ بکا. با شەرعیش نەیگوتبێ بۆ ئەی ڕەقیب هەستنە سەر پێ! ئیدی نابێ هەستین؟! چما شەرع باسی ئی مەیل و مۆبایل و نووکەی کردووە؟ چما شەرع لە بارەی سوکانی ئۆتۆمبیلەوە، لە لای ڕاستەوە بێ یا چەپ، شتێکی گوتووە وا بەوە ڕازین لە لای چەپەوە بێ؟ نابێ لە سەر بنەمای (خیر الامور اوسطها) لە ناوەڕاستەوە بێ؟ من ئامادە نیم مەئمورمی کەسێ بم سووکایەتی بە بەها نەتەوەییەکانم بکا و ناشمەوێ کەسێکی ئاوها چارەنووسم دیاری بکا... ئامادە نیم بەرەنگاری لە ڕێبازێک بکەم بەرەو کۆیلایەتی عارەب بمبا، با قورئانیش بە عارەبی بێ. ئەگەر یەک وشە لەو گەوجایەتییەی مەلا عارەبەکان بەرانبەر کورد دەیڵێن و دەیکەن و دەیانەوێ بیکەن، بە دەق لە قورئاندا هەبێ، من دەسبەرداری ئەو دەقە دەبم! ئیسلام لای هەر کەسە و جۆرێکە کە بە هەق و ناهەق خزمەتی خۆی و نەتەوە و نیشتمانەکەی پێ دەکا و لە لای منیش ئاوهایە. لای من دەبێ ڕزگارکەری کورد بێ و لای مەلا عارەبەکانیش ئەوەیە کە کورد کۆیلەیان بێ و لای فارسەکان ئەوەیە لە موالیێتی دربازیان بکا و لای



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تورکەکان ئەوەیە بۆیان هەبێ ببنە خەلیفە! ئەدی لای مامۆستا عەلی باپیر چییە؟ جادەیەکی قیرتاوە و بە پەرلەمان و دەوڵەمەندبووندا ڕەت دەبێ و دواوێستگەشی بەهەشتە؟!

ئەگەر سەرلەبەری مێژووی عارەب بپشکنین، دوو دیاردەی مەزنی وا دەبینینەوە کە ڕێڕەوی مێژوویانی گۆڕیبێ و ڕەنگە مافی خۆیان بێ شانازییان پێوە بکەن: یەکەمیان ئەوەیە کە قورئان عارەبییە و ئیسلام لە جەهالەتێکی تاریک دەربازی کردن. ئەوەش لە ئازایەتی خۆیان نەبوو و خوا ئاوهای ویست. دوومیش، قودس لە دەست خاچهەڵگران، جارێ لە جاران ڕزگار کراوە. بۆ یەکەمیان عارەبی ئێستا بەردەوام (العرب والمسلمون) و (عروبة و إسلام) لە سەر زاریانن و بەوە خۆیان لە ئیسلام و ئەو شانازییە دادەبڕن و ڕزگارکردنی قودسیش کورد بۆی ئەنجام دان و شەرەفی کڕینەوە. ئیدی مێژوویەکی خوێناوی پڕ لە وەئد و تالآن و بڕۆ و کەڕ و فەڕ و کوشتار! ئیبن خەلدوون لە بەشی سێیەمی پێشەکییەکەیدا دەڵێ: "گەلێ جار دووپشک و سیسرکیان دەخوارد و ئەگەر (علهز_عیلهیز)یان بخواردبا، کە کوڵکی حوشترە و بە بەرد لە ناو خوێندا دەیجنن و دەیکوڵێنن، شانازییان دەکرد. بارودۆخی قورەیشیش هەر شتێکی لەو بابەتە بوو" کەچی دوای هاتنی ئیسلام و پەرەسەندنی و دوای داگیرکردنی وڵاتی کورد و فارس، هێندەیان تالآن کرد، لە تەویلەکانی تەڵحەدا، وەک گەراجی بەرپرسانی ئەمڕۆی کورد کە پڕن لە ئۆتۆمبیلی سەیر و سەمەرە، هەزار ئەسپ و هەزار حوشتر و دە هەزار سەر مەڕ هەبوون، جگە لەوەی ڕۆژانە بایی هەزار دینار دەسکەوتی لە عیراقەوە بۆ دەهات. زوبێری کوڕی سابتیش کۆشکێکی لە بەسرا هەبوو و یەکێ لە میسر (قاهیرە) و یەکێ لە ئەسکەندەرییە و یەکێکیش لە کووفە. تەماشا! سەرانی ئێستای کوردیش هەر دەڵێی لەوانەوە بۆیان ماوەتەوە. ئەوان عیلهیزیان دەست نەدەکەوت و ئەمان نان و دۆیان دەست نەدەکەوت، ئێستا لە هەر وڵاتە و کۆشکێکیان هەیە. ئەو کاتەی عارەب لە خورما بتی پەرستنیان دروست دەکرد و دوایی دەیانخوارد یا لە یەکتریان دەڕفاند و لێیان دەبووە گوێفڕکێ، کورد خودای



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تاک و تەنهای دەپەرست و بەڵگەش هەیە کە ئەوانەی سەر بە ڕێبازی زەردەشتی بوون بە خاوەن کتێب دانراوون. ئەو فەلەستینەی کە ئێستا باسی ڕزگارکردنی دەکەن، بە دەستی خۆیان فرۆشتیان و ئەگەر ئەو جوولەکانە نەبوونایە کە لە وڵاتە عارەبییەکانەوە بۆ فەلەستین دەرکران و بەڕێ خران، ئەو ئیسرائیلەی ئێستا دروست نەدەبوو... ناردیانن، ئەوجا خاکیشیان پێ فرۆشتن! ئەگەر من عارەب بم، شەرم لەو مێژووە دەکەم، ئەگەرچی وەک کوردێک، شانازیش بە مێژووی خۆمەوە ناکەم. لە سەر ئەو هەموو دەردەشەوە، موسوڵمانی ناعارەب بە کۆیلەی خۆیان دەزانن! ئێدی چۆن ماڵی موسوڵمانان وێران نابێ و کورد نابنە مەسیحی؟ دەبێ زانا ئاینییەکانی کورد بە خۆیاندا بچنەوە و ڕێڕەوێکی دی لە ناو ئیسلامدا بدۆزنەوە، دەنا هێشتا سەرەتایە بۆ لادانی خەڵک لە ئاین و هەر ئەو زانایانەش بەرپرسیار و خەتابار و گوناحکارن کەئیسلام بچووک دەکەنەوە ڕێزی هەستی خەڵکی ناگەن.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## نەتەوایەتی کورد، کەی حەڵاڵە؟

ئەوجا با بێمە سەر کتێبەکەی مامۆستا عەلی باپیر (سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامەوە) کە بەو دواییانە چاپی دووەمی کراوەتەوە، بەڵام من باسی چاپی یەکەمی دەکەم و ئەوەش مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەیە.

ئیسلام پێویستی بەوە نییە من بەرگری لێ بکەم و ئەگەر بشیکەم، بەرگریکردنەکەم دەبێتە دڵۆپێکی دەریا و بە هیچەوە دیار نابێ. ئەوەی کە پێویستی بە بەرگریکردنی من هەیە نەتەوەکەمە، کە بە ناپەسەندترین و نامرۆڤانەترین شێوە، داگیر و دابەش کراوە و لە لایەن هاوئاینی خۆیەوە دەچەوسێتەوە و ئەوەی ئەوان پێی دەکەن، باوەڕ ناکەم هیچ دیندوژمنێک بتوانێ یا ڕێ بە خۆی بدا پێی بکا. ڕەنگە هەبێ بڵێ: بەرگریکردن لە ئیسلام، خۆی لە خۆیدا بەرگریکردنە لە کوردیش، وەک کە هەیە بڵێ: بەرگریکردن لە ئیسلام دژایەتیکردنی ڕاستەوخۆی کوردایەتییە. بەڵام نا، گوێم پڕە لە هاواری شۆڤێنیانەی موسوڵمانانی ناکورد کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئیسلامیان کرۆتە کارتێکی گەمەی سیاسی هەموو سەردەمەکان، ئەگەر کارتێکی کامبایەخی گەمەکانیش بووبێ. میللەتە هاودینەکانی دەوروبەرمان، بەر لەوەی موسوڵمان بن، خۆیان بە عارەب و ترک و فارس دەزانن، وەلێ لە ئێمەیان دەوێ بەر لەوەی کورد بین موسوڵمان و عیراقی و ئێرانی و تورکیایی و سوریایی و کرێکار و پێشکەوتنخواز و هەزار شتی تر بین و ئەمەش تەڵەیەکی کوشندەیە و لە مێژە پێماندا تەقیوەتەوە و تا ئەمڕۆ پێوەی دەتلێینەوە[1]. قوڕەکەش بەوە خەستتر دەبێ

---

[1] حەسەن عەلەوی لە (الشیعة والدولةالقومیة)دا، لە باری (توربە)وە دەڵێ: وەک عارەبێک شانازی بەو دیاردەیەوە دەکەم و ئەگەر قەومییەکی فارسی بوایەم لە کوڕانی میللەتی خۆمم حەرام دەکرد لە سەر ئەو (توربە)یە نوێژ بکەن یا زیارەتی مەرقەدی ئیمامە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کە مەلای ئاینیی خۆمان هەر ئەوەیان لێمان بوێ و لە شەرعدا جێی بۆ بکەنەوە. بە هۆی تەفسیری هەمەجۆر و زۆریی حەدیسەوە، یا لە بەر هەر هۆیەکی تر بێ، هەزار بیانوو، نەک هەر بۆ حەلاڵکردنی داگیرکارییەکانیان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤانەی کورد، بەڵکو بۆ ڕەشەکوژیمان و حەلاڵکردنی شەرەف و نامووس و سەر و سامان و خاکمان دەدۆزنەوە و بە ویژدانی ئاسوودەوە لە سێبەری ئیسلامدا تاوانی خۆیان ئەنجام دەدەن. یەک ملیارد بەشەر باوەڕیان بە ئیسلام هەیە و خەڵکی وا هەیە، ئەگەر هەڵە بێ ئەگەر ڕاست، ئامادەیە خۆی لە پێناویدا بتەقێنێتەوە. ئیسلام ئاینێکە بەرگەی گەلێ هێرش و پەلامار و بۆچوونی فەلسەفی گرتووە. هەزاران کتێب لە سەری نووسراون و دەیان زانا و ئەهلی فکر بەرەو ڕووی بوونەتەوە. مارکس یەکێکە لەو کەڵە بیرمەندانەی کە سەدان ملیۆن خەڵکی گۆی زەوی، بە موسوڵمانیشەوە، دوای بۆچوون و تیۆریەکانی کەوتن و نەک هەر دژی ئیسلام، بەڵکو دژی هەموو بنەما ئاینیەکانی تریش بوو و لە ئەنجامدا خۆیان کەوتن. تاکە وڵاتێک کە لە سێبەری مارکسیزمدا ئیلحادی ڕاگەیاند، ئەلبانیای موسوڵمانی ئەورووپا بوو و جگە لەو میللەتە (کە بە سۆمالی ئەورووپا ناو دەبرێ و حاڵی حازر هەندێماڵیان چرای نەوت دادەگیرسێنن) کەس زاتی نەکرد ئاوها بە ڕاشکاوی ئیلحاد ڕابگەیەنێ. ئەوانەی بە دووی لینین کەوتن و شۆڕشی ئۆکتۆبەریان بەرپا کرد، بەر لە هەموو شتێک شوێنی خواپەرستییان لە ڕووسیادا تێکدا و خاچ و زەنگی کڵێساکان و منارەی مزگەوتەکانیان هێنانە خوارێ وپەیکەری لینین و دواتر هی ستالین جێیان گرتنەوە و فەلسەفە مادییەکەیان کردە ئاینی خۆیان و وەک هەر دینێکی تر، چەند مەزەب و ڕێچکەیەکی تری لێ کەوتنەوە و ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێم: ئەسحابەیان بۆ مارکس و لینینیش دۆزییەوە و ڕێک کردیانە ئاین و ناوی لینین و ستالین، جێی ناوی خوا و پێغەمبەریان

---

عارەبەکان بکەن و پارە لە شارە عارەبیەکاندا خەرج بکەن. هەڵوێستم وەک هی تورکە قەومیەکان دەبوو کە ڕازی نەبوون خەلیفە ڕاشیدەکان سەرکردە و قارەمانیان بن و لە بری ئەوان جەنگیز خان و تەیموور لەنگیان هەڵبژارد.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گرتەوە. ئەنجامی ئەو پەیکەرانەش کە لە جێی خاچ و زەنگ و مانگ دانران، لە دوای پرۆسترۆیکا، هەر ئەوە بوو پەتیان لێ گیر بکرێ و وەک زەنگی کڵێساکان بڕمێن. ململامێکردنی ئاین ئاسان نییە. کێ لە هەموو کەس زیاتر بوونی خوا ڕەت دەکاتەوە و گاڵتەی بە ئاین و غەیب دێ، لە بارودۆخی تایبەتیدا دەستودامانی غەیب دەکەوێ. ئەمە سروشتی مرۆڤە و ئەرکی من نییە لەم باسەدا، لە هۆیەکەی بکۆڵمەوە. ئەگەر مرۆ خوداش نەناسێت، خۆی بە هەڵەداوان بە دوای خودایەکدا دەگەڕێ تا لە سایەیدا بحەسێتەوە و لە تەنگانەدا هانای بۆ ببا. ئەوانەی کە خودا ناناسن، لە تەمەنی خۆیاندا و بێ ئەوەی پێی بزانن، چەندین خودایان گۆڕیوە و لە بارودۆخی جیاوازدا خۆیان داوەتە پاڵیان و لە سەردەمی بەردەوە ئاوها بووە.

من ئەوە باوەڕمە و خوێنەرێ هێژاش چ باوەڕێکی هەبێ، ڕێزی دەگرم. من ناتوانم خودا بە تیۆرییەکانی فیزیا و بیرکاری بدۆزمەوە و ئیسلام بە سووکایەتی پێ کردن هەرەس ناهێنی وەک بە سووککردنی ئەنتی ئیسلامیش گەشە ناکا، خودا بەوانە بدۆزراباوە یا ڕەت کراباوە، زانا ماتریالستەکان لە سەری یەک ڕا دەبوون و دەبڕایەوە. وەک فیزیازانی ئیماندار زۆرن، نەخوێندووی بێ ئیمانیش زۆرن. زاناکانی بواری فیزیا و بیرکاری و کیمیا لە سەر بوونی خودا یەکڕا نین، بەڵام ڕەنگە زۆر لە نەخوێندەواران لە سەری یەکڕا بن. جا سەیر نییە من و تۆ نەتوانین یەک ڕامان لە بارەی خوداوە هەبێ. دۆزینەوەی خودا بە زانستی تەتبیقی ناکرێ بەڵکو مەسەلەیەکی ڕۆحییە و پەیوەندی بە تاک خۆیەوە هەیە. ڕەنگە لەخۆبوردەیی و دەستپاکی و چاکەخوازی، یا ڕاستتر بڵێین ژیانێکی سۆفیانەی دنیانەویستی لە خوامان نێزیک بکاتەوە، نەک پێچەوانەکەی... واتە، مەرج نییە خواناسی بەرەو لە خۆبوردەیی و دەستپاکی و چاکەخوازیمان ببا و بەڵگەی ئەمەش لەم نووسینەدا زۆرە. خودا بۆ من ئەو ئاسوودەییە دەروونی و ڕۆحییەیە کە لە هەموو تەنگژەیەکدا بە دەنگمەوە دێ. وای بۆ دەچم کە ئیماندارانیش، هەر یەکە و بە جۆرێ بیر لە خودا و بوونی خودا دەکاتەوە. ئەو خودایەی کە (تۆربیۆرن سێڤە)ی سۆفی سویدی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە پێشەکی (بەرماڵە دزراوەکە)یدا و لە زۆر نووسینی تریدا باسی دەکا، گەلێ لە خودای ئەوانەوە دوورە کە خەڵکی لە سەر هەڵەیەکی هەرزەکارانە بەردباران دەکەن یا دەستی برسییەک لە سەر دزینی نانێک دەبڕن یا منداڵی سەر بێشکە لە پیرەمێردێک مارە دەکەن. خودای سێفە، بە لای خۆیەوە جوان و بەسۆز و پڕ خۆشەویستییە و خەلقەندەکانی خۆی خۆش دەوێن و دڵی نایێ دەستیان ببڕێ و بەردبارانیان بکا. سیفە، ئاواتەخوازە ئەو ئاینە (ئەوەی کە خۆی تێیدەگا) بەرەکەتی بە سەر میللەتەکەی ئەویشدا بباریێ. ئاخر گوناح نییە بە چەند هەڕەشەیەکی دەستبڕین و بەردبارانکردن و دۆزەخ ئەو خەیاڵە جوانانە لەو سۆفیە فەیلەسووفە سویدیە تێکبدەی؟

یا گەورە بیرمەندێکی خاوەن چەندین شاکاری جیهانی وەک کازانتزاکیس، کە پێم وایە دەرگای پێغەمبەرایەتی دانەخرابا بە پێغەمبەر ناوی دەبرا، بزانە چۆن باسی خودا دەکا: "بە دار بادەمێکم گوت: باسی خودام بۆ بکە، دار بادەمەکە گوڵی کرد". جا وەرە خاوەنی ئەو بیرە جوانە بە کافر بناسە و دۆزەخی لە سەر تاپۆ بکە، چونکە لە دوای مەلایەکی نیمچە خوێندەواری کوردەوە نوێژ ناکا!

هەست دەکەم خودا داوام لێ دەکا بەر لە هەموو شتێک بیر لە چارەنووسی نەتەوەکەم بکەمەوە، بۆیە کوردایەتی وەها چۆتە خوێنمەوە کە بە بەشێکی دینداری دەزانم. هیوادارم مامۆستا عەلی باپیر لە سەر بۆچوونم لە بارەی خواوە بە گژمدا نەیەتەوە چونکە من، ئەویش هەر بە بەشەرێک دەزانم و پێم وا نییە مافی تەسەورکردنی خودا هەر بە خۆی بدا. ئەمە دەڵێم و چاک دەزانم ئەوەی بتوانێ تەسەوری خودا بکا، واتە خودای نەناسیوە. هەر لە بەر ئەوەیە کازانتزاکیس، بێ ئەوەی پێناسەی خودا بکا، جوانترین پێناسەی کردووە! کەسێ دەتوانێ بە ڕەهایی پێناسەی خوا بکا، کە توانای ڕەهای هەبێ و توانەیەکی ئەوتۆش هەر خودا هەیەتی. ئەوانەش کە خۆیان بە خاوەنی توانای ڕەها دەزانن و خۆیان لە پەنای ئایندا ماتداوە و مافی بەرگریکردنیش بە کەس نادەن، گەرەکیان بێ یا نەبێ بە ڕێی ئیلحاددا دەڕۆن. من یەکەم جار باسی خودام لە نەنکم بیستووە و وە نەبێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەنکم زانای ئەتۆم بووبێ. دەکرا گۆرانی کوردی لە نەنکم بکرێتە قورئان و قورئانیشی لێ بکرێتە گۆرانی. ئێستا، وەک ئەنیشتاین ناتوانێ ئەو تەسەورەم بۆ خودا بسڕێتەوە، هیچ مەلایەکیش ناتوانێ ئەوە بکا، کەچی کازانتزاکیس خەریکە دەسکاری تەسەورەکەم بکا. مامۆستا عەلی باپیر یا هەر کەسێکی دی، وەک من لە موختەبەری دایکیان یا نەنکیانەوە خوایان ناسیوە و کەس ناتوانێ پێیان بگۆڕێ و ئەوەی ئەو موختەبەرە ساکارەی نەبووبێ، نازانم چۆن بیر لە خودا دەکاتەوە!... ڕەنگە نەتوانێ بیری لێ بکاتەوە. ئێمە دەتوانین لە سەر خێرایی دووجای تیشک یا مەحاڵبوونی هاوتەریبی دوو هێڵ لە ئەندازەی نائیکلیدیدا دەمەتەقێ بکەین، بەڵام ناتوانین بە دڵنیاییەوە لە سەر شێوەی ڕوخسار و بیرکردنەوەی مرۆڤی دە هەزار ساڵ لەمەوبەر دڵنیا بین. ئەگەر ئەمەش کەوتە بەر گەز و جاوی زانستەوە و لە ڕێی کرۆمۆسۆم و ترشەی نەوەوییەوە خەلق کرایەوە، دەممان دەبێتە تەڵەی تەقیو و بە سەرسوڕمانەوە ڕازی دەبین. تەماشا! خەلقکردنەوە دێتە بەر باس و ناوێلیش لە ئارادا نییە و بە دووری نازانم ماوەیەکی دی مەلایەک پەیدا بێت و بڵێ: کرۆمۆسۆم لەوحی مەحفووزە و کۆدەکانیشی چارەنووسی مرۆڤیان لە سەر تۆمار کراوە! ئەمە چاکە و ئەمە خراپە و تەمێ کردن و چاکە و خراپەش ڕێژەیین. چاکی تۆ بۆ من خراپ بێ، تەمێ کردنەکەت بۆ من دەبێتە بە هەڵەبردن و لە خشتەبردن. دەشێ هەبێ بڵێ قورئان هەڵە ناکا، بەڵام من دەڵێم خۆ تۆ لە تەفسیر و لێکدانەوەدا بۆت هەیە هەڵە بکەی، مەگەر عالیمی غەیب بێت، کە هەو نیت! هەر بڵێی هەڵە ناکەم، لە باوەڕەکەشت دەکەومە گومانەوە. جا ئەو مافەی لە بارەی خواوە بە خۆتت داوە، بە منیشی بدە دەنا هەر هێندەم لە دەست دێ بڵێم: ئەعوزوبیللا!

من وا بیر لە خودا دەکەمەوە و تۆش، کەیفی خۆتە ئەوەی باوەڕت پێی هەیە لێتی دەوێ بەر لە هەموو شتێک بیر لە چی بکەیتەوە. چارەنووسی کرێکارانی جیهان یا ژنی غەدرلێکراوی واقواق یا حوور و غیلمانی بەهەشتی دوای مەرگ یا سەرگوزەشتەی موسەیلیمەی درۆزن یا گلوبالیزم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و بەزمەکانی، کە ئەمەی دواییان هەمان بەزمی ئینتەرناسیۆنالیزمە ناسەرکەوتووەکەی بەرەی سۆڤیەتی جارانە و کەوتۆتە لای خۆراواوە و وا بە پای پیلان دوای ئەمەشیان دەکەوین و بە ئاگاییەوە، بە داوێکی تریشەوە دەبین، لە کاتێکدا زۆر لە ڕۆژاواییەکان، خۆیان لە دژی دەوێستنەوە و خۆپیشاندان ساز دەکەن، چونکە دەترسێن کەلەپووری خۆیان لە دەست بدەن و هی ئەمەریکا بە سەریاندا زاڵ بێ. ئێمەش، بە بێ ئەوەی بیر لە ئەنجامەکانی بکەینەوە، بە هەڵەداوان دوای دەکەوین. لەو باوەڕدام ئەگەر دوا وەچەی تەکنیکی ئەم سەردەمە بکەوێتە بەر دەستی میللەتێکی بێ وڵات و ئاڵا، وەک ئەوەیە شقارتە و بارووت بخەیتە بەر دەستی منداڵێکی پێنج شەش ساڵان. ڕەنگدانەوەی تەکنیکی تازە بە ئاشکرا بە کۆمەڵگاکەمانەوە دیارە: خۆکوژی و ژنسووتاندن و کەتنکردن و کوشتن و دوژمنداری... ناهەقیشمان نییە، ئاخر ئێمەی دیل بەندیخانەکەمان دەگۆڕین نەک خۆمان.

ئیسلام بێ ناز و بێ دەسەڵات و بێ پشتوپەنا نییە. ئەوەی بێ دەسەڵات و بەستەزمانە، نەتەوەکەمانە. نەتەوەکەمان لە بەردەم هەڕەشە و پیلاندایە. من و تۆ، باوەڕمان بە ئیسلام هەبێ یا نەبێ، مادام کوردین، کۆیلەی زەلیلی ئەو میللەتە موسوڵمانانەین کە وڵاتمانیان داگیر کردووە، ئەوجا ئێمەش و داگیرکەرانی وڵاتەکەمان، بۆ زلهێزەکان داشی دامە نەبێ هیچی تر نین. من هەست بەو کۆیلایەتی و داشایەتییە دەکەم و دەمەوی هەموو کوردێک هەستیان پێ بکا. ئەمە بە ئەرکی خۆم دەزانم و دەزانم ئەو (برا!) موسوڵمانانەی وا پەروەردە کراون کە موالییان بین، بە یەک شێوە ئێمەیان قەبووڵە: کورد نەبین! ئەم نووسینەم بۆ ئەوەیە بە کورتی بڵێم: بە پێی بۆچوونی من تا کورد کۆیلە و ژێردەستە بێ و خاکی داگیر کرابێ، ڕەوا نییە یەک دڵۆپە خوێنمان لە پێناوی هیچ ئاین و فەلسەفە و باوەڕێکی تردا لە بەر بڕوا. تا نەتەوەکەمان کۆیلە بێ ڕەوا نییە یەک فلسمان بۆ ئاین و فەلسەفە و باوەڕێکی تر لە دەست دەربچێ... تا ماڵ وەستابێ مزگەوت بەتاڵە و بەمەش نە خودا لە فکری خەڵکدا دەکەوێتە تەنگژەوە و نە ئیسلامیش لێی دەقەومێ... ئاخر نەتەوەیەکی کۆیلە بۆ ئاین چی پێ دەکرێ؟



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من وەک خەلقەندەیەکی بەناز و شانازی دەستی خودا مافی گڕووگرتن (نەک یاخیبوون و لادان) بە خۆم دەدەم: خودایە، من حەج ناکەم تا میللەتەکەم ئازاد نەبێ! ڕەنگە ئەمە بۆچوونێکی سۆفیانە بێ... با وا بێ و با من جوانیی خودا لە نیشتمانەکەمدا ببینم نەک وەک ئیبنولعەرەبی، لە ژندا!

بەڵام مامۆستا عەلی باپیر وا نالێ و بۆچوونی ئەو لە باسی کورددا لەگەڵ بۆچوونی مندا یەک ناگرێتەوە. ئەگەر ئەو مامۆستا بەڕێزە کوردی نەخستایەتە سەر ڕێبازێکی سیاسیانەی ئیسلامی یا ئیسلامی نەکردبایەتە ڕێبازی دەربازبوون و نەتەوایەتی کوردی ڕەت نەکردبایەتەوە، چ مافی دەمەتەقێم بە خۆم نەدەدا. ئەو مافی خۆیەتی بۆچوونی خۆی بڵاو بکاتەوە و منیش مافی خۆمە بەرپەرچی ئەو بۆچوونانەی بدەمەوە کە پەیوەندییان بە نەتەوایەتی کوردەوە هەیە، چونکە باسی کورد باسی من و نەوەکانی منیشە... وەک ڕەگم لە ڕابردوویدا هەیە، بە داهاتووشیدا ڕۆدەچێ. دەمێکیشە بیرۆکەی نووسینێک لە بارەی نەتەوایەتی کورد و ئیسلامەتییەکەیەوە لە هۆشمدا گەڵاڵە بووە بەڵام هەتا کتێبی (سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامەوە)م نە خوێندەوە کە ماۆستا عەلی باپیر نووسیویەتی، هەنگاوم بۆی نەنا و ئێستاش نەمزانی چۆن ئەو مامۆستا بەڕێزە مافی بە خۆی داوە ببێتە خاوەنی تەرازووی ئیسلام و سۆز و بیری پێ پێوانە بکا. تا ئێستا زۆرینەی زۆری ئەو نووسینانەی کە لە سەنگەری حیزبایەتی عیلمانی کوردەوە لە باسی ئیسلامدا نووسراوون، لە هێرش و ڕەتکردنەوەی ئیسلامیان تێنەپەڕاندووە و هەرچی چارەڕەشی و کڵۆلی کورد هەیە بۆ ئەوەیان گێڕاوەتەوە کە کورد موسوڵمانە و پێیان وایە ئەگەر کورد موسوڵمان نەبوایە چارەنووسی وا نەدەبوو! بەرانبەر ئەمەش، لایەنگری حیزبی ئیسلامی وا هەن، چارڕەشی کورد بۆ کەمباوەڕییەکەی دەگەڕێننەوە. ئایە ئەم بۆچوونانە ڕاستن، یا کامەیان ڕاستە؟ بەر لە هەموو شتێک، موسوڵمانەتی قەدەری زۆرینەی کوردە و مەودای لێ دابڕانی نییە، چونکە کە دادەبڕێ دەبێتە چی؟ ئیسلام چۆتە ناو کەلەپووری کوردەوە و لەگەڵیدا موتوربە کراوە، ئەوجا دەبێ بەو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەدەرەوە بیری لێ بکەینەوە کە هەیەتی. واتە، وەک میللەتێکی موسوڵمان یا زۆرینە موسوڵمان بە تاڵ و کرمێیەوە سەیری بکەین. لە بۆچوونی یەکەمدا کە ئیسلام بە بەڵا دەزانێ، تۆ بڵێی موسوڵمان نەبووینایە چارەنووسمان لە چارەنووسی ئاشووری و ئەرمەنییەکانی ناو سنووری دەوڵەتی عوسمانی چاکتر بوایە؟ تۆ بڵێی بە هۆی موسوڵمانەتییەوە کەمێ دەستیان لێمان نەگێڕابێتەوە؟ ئایە ئەگەر کورد سەرلەبەری یا زۆرینەی ئێزدی بوایە، میری موسوڵمان بە پاڵپشتی ترک ئەوەی بە هەموو کورد نەدەکرد کە میری گەورە کردی؟ ئایە ئەگەر ئیسرائیل هێزێکی لە ڕادەبەدەری سەربازی و لێکدانەوەی سیاسی نەبێ و جووەکان کارێک نەکەن ڕۆژاواییەکان پشتیان بگرن، ئێستا لە ناوجەرگەی دەوڵەتە ئیسلامی و عارەبییەکاندا و لە هەستیارترین خاکدا دەمان و فرە نەدەدرانە زەریاوە؟ ئایە ئێستا حیزبە ئیسلامییەکانمان، هێندەی بە هۆڵی فەلەستینەوەن بە هۆڵی کوردستانەوەن؟ واتە موسوڵمانبوونی ئێمە یەکێکە لە هۆیەکانی مانەوەمان با بە کولەمەرگیش بێ و با بوونیشێتیشە هۆی نەبوونی دەوڵەتی کوردی!! لە دووەمیشدا، کە بێ باوەڕی کوردی کردۆتە هۆ و بیانوو، ئایە کامە میللەتی خاوەن دەوڵەت و کیانی دوور و نێزیکی کورد هێندەی کورد لە ئاینەوە نێزیکە و پێوەی پەیوەستە؟ تەماشای هەر گوندێکی کوردستان بکەین، بە پێچەوانەی گوندی عارەبەوە، دەبینین مزگەوتێکی تێدایە و لەبارترین جێگاش بۆ مزگەوت تەرخان کراوە و هەر تەماشاکردنی مزگەوتەکان لە کاتی نوێژی جومعەدا، دەریدەخا کورد چەند بە ئیسلامەوە وابەستەیە. من پێم وا نییە هیچ کام لەو دووە ڕاستی پێکابێ. دەبینین ئەوانەی لە سەنگەری دژە ئیسلامەوە قسە دەکەن، خۆیان کوردیان کرۆتە سەدەقەی بیروباوەڕە ماتریالستانە و فەلسەفە و بیری بێگانەی بەئاینبووی خۆیان و دژی کورد یا ڕاسستر دژی فکر و هەوڵی سەربازانەی کورد قەڵەم و چەکیان هەڵگرتووە. ئەی ئەوەی کە ئێستا دەکرێ ئەوە ناگەیەنێ کە کورد کراوەتە قوربانی حیزبایەتی و بەرژەوەندی چەند کەسێک کە دەڵێی دەسەڵاتدارێتی ناو کوردیان تاپۆ کردووە، ئەگەرچی لە یەک تاکە گفتوگۆدا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرکەوتووش نەبوون؟ دیارە کە کورد لە سەنگەری ئیسلامیشەوە خەبات دەکا، هەمان کار دەکا و هەتا ئەمڕۆش وای کردووە. واتە: بەرژەوەندی کورد دەکاتە پێشباری قەیامەت و ئیشەڵڵا خوداش لێی هەڵناگرێ. کێشەکە لە شێوەی لێکدانەوە و تەفسیرکردنی ئایدۆلۆژیاکەدایە نەک جۆری ئایدۆلۆژیاکە خۆی، بە ئیسلامیشەوە. هەر ئایدۆلۆژیایەک بگرین (جگە لە بوودایی)، ئاسمانی و نا ئاسمانی، بە لای خۆیەوە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ پەیدا بووە بەڵام دەستی یار و یاوەرانیشی بە خوێنی مرۆڤ سوورە. هەر کاتێ توانیمان ئەو ئایدۆلۆژیایەی باوەڕمان پێیەتی بخەینە خزمەتی بەرژەوەندی نەتەوایەتییەوە، نەک دنیا و قەیامەتی تاکە کەسی خۆمانەوە، لەو باوەڕەدام یەکەم تروسکایی ئازادیمان لێ دەردەکەوێ و ئیمانیشمان سەلامەتتر دەبێ. زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی لە سەنگەری حیزبی ئیسلامییەوە نووسراوون، دژی چارەسەری دەرەوەی خۆیان دەدوێن، بۆیە ململانێی حیزبی سەر بە ئاینی ئیسلام و حیزبی دنیایی بۆتە بابەتە دەوەن بە ئاشێکی مندالانە و گەیشتۆتە ئەوەی خەڵکی وا هەبێ بە نیازی چوونە بەهەشت، بۆمبا لە ناو کوردی موسوڵمانی کەرکووک و هەولێر و سلێمانیدا بتەقێنێتەوە. کەسیان دەست ناکەوێ لە کورد بێ دینتر بێ تا دەستیان بە خوێنیان سەوز کەن یا ئامانجێکی قەومی ئەوەیان پێ دەکا؟ دیارە کورد میللەتێکی موسوڵمانە و ڕێوڕەسمی ئیسلام سەراپای کەلەپوورەکەی گرتۆتەوە و دابڕانی ئیسلام لە کورد یا کورد لە ئیسلام (کە مەحاڵە بانگی کوفریش بدەین ڕۆژاواییەکان باوەڕمان پێ بکەن و لەو باوەڕەشدام ئەو کوردانەی بوونەتە مەسیحی، هەر بە مەسیحییە موسوڵمانەکان ناویان دەبەن)، سوودی هیچیانی تێدا نییە و بە زەرەری هەردووکیان کۆتایی دێ و خوداش بەوە پەکی ناکەوێ ئاخۆ کورد دوای دەبڕێتەوە یا دەبێتە دەوڵەت یا دەبێتە مەسیحی.

ئەگەر داگیرکەران دەست نەخەنە کاروبارمانەوە، خەسڵەتی ئازادی و مەودادانی ئاینیی (تەسامحی دینی)ی کورد وەهایە کە دەتوانێ موسوڵمانێکی ساغ و ڕاست بێت و بە بێ کێشە لەگەڵ ناموسوڵمان و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەمباوەڕ و بێ باوەڕەکانی کوردستاندا هەڵ بکا و پەیڕەوی (لا اکراه فی الدین) بکا. وا نەبوایە نە کوردی ئێزدی تووی دەما نە ئەهلی هەق و نە ئەوانەی سەر بە دینی مەسیحن و، تاقیکردنەوەشمان لەم بارەیەوە کەم نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مشەخۆری دەرباری عوسمانلی بە ناوی ئیسلامەوە کوردی خۆشباوەڕیان بە فەتوایان تەفرە داوە و شەڕی یەکتریان پێ کردوون و ڕەنگە یەکەم دیاردەی جاشایەتی بەرفراوانی کورد بە هۆی فەتوای ئەو لوقمەخۆرانەی دەرباری عوسمانییەوە پەیدا بووبێ ئەگەر پێشتر لە سای ئەمەوییە شۆڤێنییەکاندا نەبووبێ و بەم دواییەش، جاشایەتی وەها چۆتە قاڵبی سروشتییەوە و جاشی مەبدەئی و ئایدۆلۆژی وەها پەیدا بوونە، دەڵێی جاشایەتی و کورد جووتە بران. ئاخر لادان لە قسەی مەلا و وەعزدەر و کادری ئایدۆلۆژست بە خەیاڵی ئیمانداران و حیزبیی کورددا نەهاتووە و جگە لەوەش، جاشایەتی دیاردەیەکی مەیلەو سروشتییە بۆ میللەتی ژێردەستە و کۆیلە. بزانە میللەتی سەربەخۆ و ئازاد دیاردەی جاشایەتی و جاسووسیێتی بەو شێوە فراوانە تێدا هەیە! بزانە ژمارەی جاسووسی کوردی کۆیلە لەگەڵ جاسووسی میللەتێکی سەربەخۆدا بەراورد دەکرێ! (کنوت هامسن)ی نەرویژی کە ساڵی ١٩٢٠ خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبدا پێ درا، نووسەرێکی گەورەی جیهانی وەک هەمەنگوای بە مامۆستای خۆی ناوی بردووە، لە سەردەمی نازییەکاندا لایەنگری داگیرکەری وڵاتەکەی خۆی بوو کە لەشکری نازی بوو، ئێستاش نەرویژییەکان، بێ ئەوەی بیر لە پلە و پایە و خەڵاتەکەی بکەنەوە، نەفرەتی لێ دەکەن و تەنانەت نایانەوێ وێنەکانیشی بڵاو بکرێنەوە. کەچی ئێمە، ئەو بابەتە خەڵکانەی خۆمان لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا دادەنێین و دەیانکەینە کەڵەگای میللەتی خۆمان. فایلی ڕەش شایەدن و لە فایلە خۆڵەمێشییەکانیش گەڕێ کە وەک ڕەوە ئەسپ بەرەڵان و بەرپرسی لاوەکی ئەم دەزگای حیزبی و ئەو دەزگای جەماوەرین و کەس پێیان ناڵێ بان چاوتان برۆیە. هەر کە باسی ئەم کێشەیەش دەکەین، کە هەر بە لای کلۆڵێکی وەک منەوە کێشەیە، یەکسەر بە دەمماندا دەدرێتەوە: "خۆ ناکری



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو هەموو جاش و جاسووسانە بکوژین! ئەگەر وا بکەین جیاوازی نێوان ئێمە و بەعس چییە؟" بەڵام کاکی خۆم کەس نەیگوتووە بیانکوژن، دەڵێین مەیانکەنە کەڵەگا بە سەرمانەوە و کارێ مەکەن، چۆن لە سای بەعسدا لێیان دەترساین، ئێستاش لە سای ئێوەدا لێیان بترسین! ئەگەر چارەنووسی ئەو میللەتە لە دەستی ئەواندا بێ، خۆ بەعسیش هەر وای دەکرد! تۆ بڵێی هیچ هەڵبژاردنێک لە نێوان کوشتن و بە وەزیرکردنیاندا نەبێ؟ تۆ بڵێی خەتی نێوان کوشتن و بردنە پەرلەمان ئەوەندە باریک بێ؟ با بچن وەک ئەو خەڵکە گۆرەوی و فانیلە بفۆشن! نابێ؟ نەخێر نابێ، چونکە ئەوانە فێری پارووی چەور و پارەی زۆر و کورسی بەرز و چاوسوورکردنەوەن! خەریکە دەکەومە گومانەوە کە لێپرسراوان جێ و ڕێ بەوان دەدەن یا نادەن! نەخێر، ئەوانن کە لێ دەگەڕێن بەرپرسی سیاسی و ئیداری پلە و پایەیان هەبێ و بە ڕاستی، ئێستاش مەلیک ماوە!!

ئەگەر من وەک کوردێکی نەتەوەیی پێم وا نەبێ ئیسلام چەکێکی بەکارە بۆ ئازادی نیشتمانە داگیرکراوەکەم و پێشخستنی نەتەوە ژێردەستەکەم، پێم وا نییە هۆیەکەی بۆ کەموکوڕی ئیسلام خۆی بگەڕێتەوە (ئەوەی بەرگری لە خاکی خۆی بکا و بکوژرێ شەهیدە) بەڵکو بۆ بێ دینی و بێ ویژدانی هەندێ لە زانایانی موسوڵمانی کورد دەگەڕێتەوە، کە بە ڕزقی زۆرداران دەژین و بە ناهەقیگوتن گەشە دەکەن و خۆیان تووشی فوسق دەکەن تا دڵی ئەم وڵات و ئەوی دی ڕاگرن، یا ئەو پەڕەکەی پاروویان چەور بێ. ئاخر ئیسلام یەکێکە و مەزەب و تەفسیر و ئیجتیهاد و لێکدانەوە و ڕێباز هەزار، بەڵام یەک کەس پەیدا نەبووە فەتوا بدا و بڵێ دەبێ هەموو عیراق لە عارەب پاک بکرێتەوە. نەک هەر ئەوە ناکرێ، بەڵکو هەتا یەکێکی هەقخواز لە سەنگەری ئیسلامەوە پەیدا دەبێ و ئازادی نەتەوەییمان بۆ جائیز دەکا، هەزارانی دی لە هەمان سەنگەرەوە و بە هۆی هەمان داوامانەوە بۆ ئازادی، فەتوای قڕکردنمان دەدەن و سەر و ماڵ و شەرەفیشمان بۆ خۆیان و لۆتییەکانی دەوروبەریان حەڵاڵ دەکەن. تەیمووری لەنگ، بۆ ئیسلام و لە پێناوی ئیسلامدا چی نەکرد؟ بۆچی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەیموورێکی ئاوها لە کورددا هەڵنەکەوت بچێ دەست بە سەر بەغدا و شامدا بگرێ کەچی هەر لە کاولە داگیرکراوەکەی خۆیەوە خەریکی بە کۆیلە هێشتنەوەی کورد و تەعریبکردنێتی؟ جگە لەوەش، ئیسلام لە دوای پەیامبەرەوە، بە هۆی ڕۆحزلی قورەیش و بە کەمگرتنی موالی و کۆیلەوە، تووشی لادان و بێ شەرعێتی کراو هەر لەو چوار خەلیفەیەی دوای محەممەد، سیانیان لە سەر ململانێی دەستکەوت و دەسەڵاتی قورەیشدا کوژران و شەهیدی هەرە گەورەیان ئیمامی عەلی بوو. جگە لەوەش، هەتا ئێستا عارەبە موسوڵمانە نەژادییەکان، دەتوانم بڵێم لە هەموو وڵاتە عارەبییەکاندا، عارەب و موسوڵمان لێک دادەبڕن و سەر زمان و بن زمانیان (العرب والمسلمون)ە و هەتا ئەوانە ڕابەرایەتی ئیسلام بکەن، حاڵی موسوڵمانان لەوەی هەیە چاکتر نابێ و دەبێ کوردیش وەک هەمیشە بە بەژن و باڵای برایەتییەکی درۆینەدا هەڵبلێ و لە پێناوی ئاین و برای ئاینیدا، چاوپۆشی لە ئەنفال و ژنفرۆشتن بکا. تۆ تەماشای تەفسیری ئەم ئایەتە بکە کە (عبدالرحمان بن ناصر السعدی) لە سوورەتی یوسفدا کردوویەتی: إنا أنزلناه قرآنا عربيا لعلكم تعقلون. لە تەفسیرەکەدا دەڵێ: إنه أنزله باللسان العربي، أشرف الالسنه وابينها. واتە: خوا بە زمانی عارەبی، کە شەریفترین و ڕەوانترین زمانە دایبەزاندووە. ڕەنگە ڕەوانیی زمانی عارەبیم لە بەر گران نەبێ، بەڵام شەریفترین زمان بێ بە لامەوە سەیرە! تۆ بڵێی زمانی کەمشەرەف و بێ شەرەفیش هەبن! لە کوێی ئایەتەکەدا باسی پلە و پایە و شێوەی زمانی عارەب، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کراوە؟ ئەوەی ئەو تەفسیرەی کردووە، با زۆرزان و زاناش بێ، نەیویستووە لە ڕێی ئەو کارەیەوە خزمەتی قەومایەتی و بەعسایەتی خۆی بکا؟ من ناتوانم باوەڕم بەو تەفسیرە هەبێ، بە پێچەوانەوە، من وای تێدەگەم کە خوای گەورە بە عارەبەکانی گوتبێ: لە بەر ئەوەی نەفامن و بۆ ئەوەی تێبگەن، ئەم قورئانەمان بە زمانی خۆتان دابەزاندووە. بەڵام پێم وا نییە یەک عارەب بەو تەفسیرە ڕازی بێ. لەگەڵ ئەوەشدا قورئان بە عارەبی هاتووە، کەچی زۆرینەی زانایانی ئیسلامی هەر لە کۆنەوە ناعارەب بوونە و ئەوەش



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵگەی بۆچوونەکەی من و نەفامییانە. ئەو زانایانەی کە لە سەردەمی عەبباسییەکاندا پەیدا بوون، زۆربەیان ناعارەب بوون. ئێدی چ شانازییەک بە خۆیانەوە دەکەن و بۆ دەبێ ئەوەی بە گەورەیان نەزانێ شعوبی بێ؟ هەتا ئێستاش عارەبی سوننەی عیراق، زیاتر بە لای کاری موخابەراتی و سەربازی و تالانچێتی و جەنگ و کوشتن و بڕینەوە دەچن و ئەوانەی کاروبارە زانستییەکان بەڕیوە دەبەن، ناعارەبن، یا بە لای کەمەوە عارەبی سوننەی دەسەڵاتداریان کەم تێدا هەن و سەیری هەر دەزگایەکی زانستی دەکەی کە پێویستی بە هۆش و بیرکردنەوەوە هەبێ، ئەو ڕاستیە زەقەت بۆ ئاشکرا دەبێ. بۆچی مەلایەکی کورد ئەو ئایەتە بە بارەکەی تردا تەفسیر ناکا؟ نا، نایکا چونکە ناخی تەعریب کراوە و قەبووڵیەتی موالییان بێ. ئەگەر لەم بۆچوونەمدا هەڵە بم، نهێنییەکی گەورەتر لە ئارادا هەیە و پەی پێ نابەم!

بۆ هەمان ئایەت، تەماشای (صفوة التفاسیر)ی (محمد علي الصابونی)م کرد کە ئاوها هاتووە: (إنا انازلناه قرآنا عربیا) أی أنزلناه بلغة العرب کتابا عربیا مؤلفا من هذه الاحرف العربیه (واتە "الر" کە لە سەرەتاوە هاتووە) لعلکم تعقلون أي لتعقلوا و تدرکوا ان الذي یصنع من الکلمات هذا الکتاب المعجز لیس بشرا، وانما هو الآله القدیر و هذا الکلام وحي منزل من رب العالمین. (تا عاقڵ بن و تێبگەن) لە تەفسیرەکەدا هەیە. بە بێ دیتنی ئایەتەکە، کێ دەتوانێ بزانێ هەردووکیان تەفسیری یەک ئایەتن؟ مام هەژاریش لە وەرگێڕانەکەیدا وای نووسیوە: "قورئانێکە بە عارەبی ئێمە ناردمانە خوارەوە، شایەتا ئێوە تێبگەن) کە شایەتا (لعلکم) لە ئارادا هەبێ، ڕێی تێنەگەیشتنیش بە ئیحتیمالی زۆرەوە دەمێنێ و دەشێ تێینەگەیشتبن و قەتیش تێینەگەن... خۆ حەیفیشە تێیبگەن!

ئەگەر بەراوردێکی سەرپێی لە نێوان ئەو دوو تەفسیرەدا بکەین، دەبینین خزمایەتییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە و ئەوەش ڕێگا بۆ تەفسیری تر خۆش دەکا. (اشرف اللغات) لە کوێ و عاقڵبن لە کوێ؟ دیارە بە لای کەمەوە یەکێ لەو دوو ترفسیرە ڕاست نییە یا زیادی بە سەرەوە نراوە و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من پێم وایە لە یەکەمدا عارەبچێتی زاڵە بە سەر ئیمانی موفەسیرەکەدا و دووەمیش یا نەوێراوە تەفسیری تەواوی بکا یا نەختێ خاتری عارەبەکانی گرتووە، دەنا ڕەقتری تەفسیر دەکرد.

لە تەفسیری یەک ئایەتدا کە واتاکەی تا ڕادەیەک ئاشکرایە، ئەم کێشەیەمان بۆ دێتە پێش. ئەدی لە تەفسیر و لێکدانەوەی هەموو قورئاندا، بە تایبەتی لە کێشە هەستیارەکاندا کە بە لای منەوە کێشە نەتەوایەتی و ڕەگەزییەکانە، دووچاری چی دەبین؟ دەبێ خەلیفەی موسوڵمانی ئەمەوی و عەبباسی بە چ تەفسیرێک بووبێتنە خاوەنی هەزاران کەنیزە و لووسکە و کۆیلە و بە چ تەفسیرێک خەڵکیان خستبێتە فڕنەوە؟ بە تەفسیری ئایەت یا لێکدانەوەی حەدیس یا سوننەتەکانی پێغەمبەر؟ کێ دەتوانێ وەڵام بداتەوە؟

جارێ چوومە پێشانگای کتێبی ئێرانییەکان و پرسیاری (تفسیر الجلالەین)م کرد، کە تەفسیرێکی کورت و خۆشە، کەچی کابرا بە تووڕەیی وەڵامی دامەوە و گوتی: نیست! مەگەر هەر بە مەزەندە بزانم ئەوان ئەو تەفسیرەیان قەبووڵ نییە بۆیە ئاوهایان وەڵام دامەوە. جا منیش مافی خۆمە بۆ تەفسیری (السعدی) بڵێم "نیست!" و قەبووڵم نەبێ با هەر سێسەد ملیۆن عارەب و بەعارەببووەکانیش شانازی پێوە بکەن.

من لە ڕۆژاواییەکان دەترسێم و خۆشیم پێیاندا نایەتەوە. ترس و خۆشی پیدانەهاتنم، لە داخی فەلەسەتین و لە بەر خاتری کرێکارانی جیهان نییە و لە بەر ئەوەش نیە چەکی هۆشیاریان لە ئەفغانستان و عیراقدا بەکارهێناوە، بەڵکو ڕاست لە بەر ئەوەیە کە ئەوان وڵاتی کوردیان لەتوپەت کرد و هەر لەتێکیان بە دەوڵەتێکی دەسکردی خۆیانەوە گرێ دا و یەک بستۆکە خاکی ئازادیان بۆ کورد نەهێشتەوە تا تیایدا بحەسێتەوە و بیر لە کێشەی خەڵکی دی بکاتەوە. ئەوان یارمەتی داگیرکەرانی کوردستانیان دا و ئەوان بوونەتە هۆی سەرکوتکردنی کور و کوێرکردنەوەی هیواکانی. ئەوان چەکی پێشکەوتوو و ژەهریان بە داگیرکەرانی کوردستان داوە و پێیان قڕ کراوین. دەبێ عارەب و ترک و فارس کە گوایە برامانن لە چ ئاستێکی دڕندایەتیدا بن کە لە دەستیان پەنا بۆ ئەو ڕۆژاواییانە دەبەین، تا لە زوڵمیان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بمانپارێزن و پشتمان بگرن و نەهێڵن ئەو ئاینبرایانە ئەنفالمان بکەن؟! چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاینیی دەوڵەتە ئیسلامییەکان بەستران و گیران، بەڵام بە یەک وشەش باسی ئەو زوڵم و زۆرانەیان تێدا نەکرا کە لە کورد کران و دەکرێن. ڕووخاندن و سووتاندنی هەزاران گوندی کوردستان (بە مزگەتەکان و قورئانەکانیشەوە)، دەیان و هەزاران شەهید و ژەهرباران و ژنفرۆشتنیش دین و شەرەف و ویژدانی نەبزواندن تا بەرگرییەک لەو کوردە بکەن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئابڕووی کڕینەوە و لێنەگەڕا قودس بدۆڕێنن و قودس هەتا نەکەوتە دەستی خۆیانەوە، لە دەستیان نەچوو. تەنانەت حەدیسێک یا ئایەتێکیان بیر نەکەوتەوە ئەو قەسابخانەیە حەرام بکا کە بۆ کورد دایانمەزراندووە. ئەوانەی سەر بە ئیسلامیشن، وەک بەعسییەکان لە هەوڵی تەعریبی وڵاتەکەماندا بوون و سەرلەبەریان عیراق بە کوردستانەکەیەوە و بە کوردەکەیەوە، لە ناوماڵی خۆمانیشەوە، بە عارەبی و عارەب حسێب دەکەن و ئەوەیان لە بیری خۆیان بردۆتەوە کە کوردیش خەلقەندەی خودایە و دەبێ بەرگری لە خۆی و خاکی خۆی بکا. ئایە ئەمانە شۆڤیەنی نین وا بە ناڕەوا ئیسلامیان کرۆتە سوپەری خۆیان؟ نەک هەر ئەوە، بگرە پشتگیریشیان لە بکوژانی کورد کردووە. ئەوەتا لێپرسراوێکی کوێتی کە دوای داگیرکردنی وڵاتەکەی خۆی دەیلوشکاند، پێشتر لە باسی کیمیاییدا دەیگوت: "دەتانەوێ جەنابی سەرۆک (مەبەستی سەددام بوو) چکلێت بە سەر خائیناندا ببارێنێ؟ دیارە کە بە کیمیایی لێیان دەدا" ئەگەر ئەوانە موسوڵمانی ساغ بن و بەتەما بین وڵاتە ئیسلامییەکان (بە کوردستانیشەوە) بەڕێوە بەرن، گومانم لە پاکژی ئیسلامیش لە لا دروست دەبێ کە ئەو تەفسیرە بێ مەعنا و نامرۆڤانەیە هەڵدەگرێ یا قەبووڵ دەکا، کە بۆ هەڵوێستی نائیسلامیانەی خۆیانی دەکەن. هەر زانایەکیش تەئویل بۆ ئەو قسابخانانە بدۆزێتەوە بەرماوەخۆری زۆردارانە و هەر ئەو بابەتانە بوون کە بە درێژایی تەمەنی ئەمەوییەکان لە خوتبەدا نەعلەتیان بۆ عەلی دەنارد و باوەڕی "ئامین"ی دەستەجەمعییان بە خەڵکەکە هێنابوو یا بۆ گوتنی "ئامین" ناچاریان کردبوون. لە هەمان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کاتیشدا دەستی خۆیان و خەڵکیان بۆ تەمەندرێژی معاویە و یەزید و حەججاج لە خودا پان دەکردەوە. وەچەی ئەوانیش، تا ڕووخانی سەددام، دەستی دوعایان بۆ تەمەندرێژی ئەو پان دەکردەوە و موسوڵمانی فێرە جاشایەتیش گرمەی ئامینیان دەهات و هەتا ئێستاش ڕاهاتووین بە ناوی قورەیشییەوە فاتیحا بۆ پەیامبەر بنێرین، چونکە ئەبوو سوفیان و نەوە دەسەلاتدارەکانی کە باڵا دەستانی قورەیش بوون، کاتی خۆی دەسەلاتدار بوونە و وایان پێ خۆش بووە و ئەوەش کە گەڕانەوەیە بۆ پێش ئیسلام، دەقی گرتووە و وەک ئایەتی لێ هاتووە. پێم وایە نوێژکردن لە دوای مەلای واوە و گوتنی ئامین بۆ دوعای ئاوها، گوناحی لە نوێژنەکردن زۆرترە و هیوادارم منیش لەم تەئویلەدا هەڵە نەبم. خۆ هیچ نەبێ نوێژنەکردن دوعای بۆ خوێنرێژێکی وەک سەددامی تێدا نییە و ئامینیشی بۆ ناگوترێ. ئاخر دەست پانکردنەوە لە خوا و داوای تەمەندرێژی بۆ معاویە و سەددام لەگەڵ هەقگۆیی و باوەڕی پاکدا ناگونجێن، کەچی ئەوان گونجاندوویانە و باسکردنی خۆیان وەک وەلی ئەمر بۆیانی پینە کردووە و تا ئێمە هۆشمان بە بەردا نەیاتەوە، ئەوان هەر دەیخۆن و داژوون و ئێمەش ئاوازی (هەر بژی... هەر بژی کورد و عەرەب) لێدەدەین و ناشزانین عارەب نە باوەڕیان بە (هەر بژی) هەیە نە گوێی لێ دەگرن و ئەگەر ئەشکەوتیش بن پێیان کەمایەتییە دەنگی هەر بژی بدەنەوە! جا با هەر بیڕێسین!

من ئەو ئیسلامەم پێ پەسەندە کە ئیمامی عەلی پەیڕەوی دەکرد. ئەو زاتە شەڕی دۆڕاند بەڵام ئاینی بردەوە و دوای هەزار و چوارسەد ساڵ، ئێستاش سیمبۆلی دادپەروەری و پاکژییە. ئەگەر حیکمەتێک لە برایمدا هەبێ کە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا سمایلی بە کوڵادا و ویستی سەرییبڕێ و بیکاتە قوربانی، ئەوا زۆر لەوە زیاتر حیکمەت لەم گوتەیەی عەلیدا دەبینم: (خوایە، نە بە تەمای بەهەشتەکەت دەتپەرستم نە لە ترسی دۆزەخەکەت. بەڵکو بە شایستەی پەرستنت دەزانم بۆیە دەتپەرستم) چەند مەزن بوو ئەو پیاوە! کاتێ عەلی قەبووڵی نەکرد عارەبی قورەیشی پلەیان لە ناقورەیشی زیاتر بێ، عارەبی ناقورەیشی دایانە پاڵێ. بەڵام



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەسەلاتدارانی قورەیش لە بەر هەمان هۆ دژی وەستانەوە. یەکسانی لە بەرژەوەندی باری دەروونی قورەیشدا نەبوو. لە هەمان کاتدا، کە ویستی عارەبی ناقورەیشی و موسوڵمانی ناعارەب (موالی) یەک پلەیان هەبێ، عارەبی لێ تەکینەوە و خۆیان دایەوە پاڵ کوڕی هند و ئەبو سوفیان چونکە خۆیان لە سەلمانی فارسی و عەمماری ڕەشپێست و منداڵی ژنە تالانکراوەکانی جەلەولا و سەرجەمی موسوڵمانە ناعارەبەکان بە گەورەتر دەزانی. لە ڕاستیدا عەلی سەرکردەی موسوڵمانە ناعارەبەکان بوو و بەرگری لێ دەکردن. ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە لەو ژنە کوردە فەرهوود کراوە بە سەبیە و سەراری کراوانە کەوتبوونەوە کە لە سەردەمی عومەردا تالان کران، بوونە لایەنگری (عەلی)ی داڵدەدریان و دوایی دوایان بڕایەوە.

لە عەلییان پرسی: "ئەرێ مومکینە زوبێر و تەڵحە و عائیشە لە سەر ناهەقی کۆوە بن؟" گوتی: "ئێوە هەقخوازان دەناسن و من هەق دەناسم". بەڵێ، دەبێ ئێمەش بە دوای هەقدا بگەڕێین نەک هەقخوازانێک کە ڕێی تێ دەچێ بە هەڵەدا بچن یا ناخیان کرمێ بووبێ یا پارە و پلە و دەسەلات و حیمایە و هەیتوهووت دینی لەق کردبن. من ئیمام و میری وام دەوێ تا بە گوێی بکەم و لێی دڵنیابم کە لە کۆبوونەوەی دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا و لە ئاستی ئەنفالکردنی کورددا بێ دەنگ نابێ، چونکە هەقناسە. ئەو زوڵمەش قەبووڵ ناکا کە عارەب لێمانی دەکەن و هەر عارەبێکیش دەگری، بە سەددامیشەوە، سەرجەلەی خۆی دەباتەوە سەر عەلی، وەک ئەوەی ئیمامی عەلی و حوسێنی کوڕی تاکە نێرینەی عارەب بووبن و کوڕە زۆردارەکانی هند و نەوەکانی ئەبو جەهل و موسەیلەمە، خەسێندرابن. ئەرێ سەیر نییە عەلی خۆی کردبێتە قوربانی ناعارەبی موسوڵمانی غەدر لێکراو؟ ئاخر کەسێکی وا چۆن لە ناو عارەبدا سەرکەوتوو دەبێ و چۆن نایکوژن؟

بەلام کوا موسوڵمانی لە بابەتی عەلی و کوا هەقخوازی وەک ئەو؟ ئێستا دڵنیام ئەگەر ئیمامی عەلی زندوو بوایە، هەرگیز لە ئاستی ئەو تاوانانەدا بێ دەنگ نەدەبوو، کەچی ئەوانەی گوایە پەیڕەوی ئەو دەکەن، فەتوا بۆ کوردکوشتن دەدەن و لە سێبەری ئیسلامدا ڕەگەزی خۆیان پەروەردە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکەن و بەرژەوەندی خۆیان لە سەر حیسابی بەرژەوەندی کورد دەپارێزن. دە تۆ سەیرکە، فارسەکان بوونە موسوڵمان بەڵام دوای ئەوانە نەکەوتن کە بە سەریاندا زاڵ بوون و لێی کوشتن و ئافرەتی لێ بە تاڵان بردن. دەبێ هەر لە بەر ئەوە دژی عومەر و سەعد و خالید و قەعقاع نەبن! بە دڵنیاییەوە لە بەر ئەوەیە. ئاخر ئەمانە قەسابخانەیان بۆ دانان. خۆ قەعقاع لە ئەنجامدا بووە لایەنگری عەلی، بەڵام لای فارسەکان هەر بەدە. ئەدی بۆ ئێمەی کورد وامان نەکرد؟ بۆ گەیشتینە ئاستێ تەنانەت حوشتریش بە خەلقەندەیەکی پیرۆز بزانین، هەر لە بەر ئەوەی هی عارەبە؟ ئەوا پێغەمبەر و خەلیفەکان پاک و پیرۆز بوون، بەڵام بۆ لە ئەمەوییەکانەوە بگرە تا دەکاتە سەید خەڵەفی خزمی عەلی کیمیاوی بە پاک و پیرۆز بزانین و کە هیچ نەما پێمان نەکەن؟ یەزید و معاویە کوێیان پیرۆزە کە ئێستاش درووودیان بۆ دەنێرین؟ ئەمانە پرسیارن و چاوەچاوی وەڵامی زانایانی کوردن! ئەوجا با بزانین بۆچی مەلاکانمان و حیزبە ئیسلامیەکان پێیان ناخۆشە تاوانەکانی بەعس بە ئەنفال ناو ببرێن؟ چما وشەی ئەنفال بەر لە ئیسلام لە ناو عارەبدا نەبووە؟ عەنتەر کە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا ژیاوە، بەیتێکی هەیە ئەمە واتاکەیەتی (بە داخەوە دەقەکەیم لە بەر دەستدا نییە): ئێمە خەڵکانێکین لە شەڕ و خوێنرێژیدا لە پێشەوەین و لە دابەشکردنی ئەنفالدا تەریکین.

لە سەردەمی بەعسی ١٩٦٣دا، زانا گەورەکانی شیعەی غەدرلێکراوی لێ دەرچێ، زۆرینەی هەرە زۆری زاناکانی عارەبی سوننە، ئەوانەی داوای فەتوایان لێ کرا، فەتوای کوردکوشتنیان دەرکرد و سەر و سامان و ناموسی کوردیان بۆ عارەبی بەعسی و فەرهوودچی حەڵاڵ کرد، لەمانەی ئێستاش هەر بگەڕێ! لە دوادوایی دوامانگی ٢٠٠٢دا مەلای کورد لە ناوچە پارێزراوەکانی کوردستانەوە چوونە کەرکووکی داگیرکراو و لەوێ کۆنگرەیان بەست و فەتوایان دا کە شەڕ لە دژی ئەمەریکا واجبە. ئەوانەی بە دزی خەڵکی هەولێر و سلێمانی و دهۆکەوە چووبوونە ئەو کۆنگرەیەوە، زۆریان ڕوخساری خۆیان لە ئاستی کامیرادا دادەپۆشی تا نەناسرێنەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دوايی كە لە هەولێر ٨ی ١ی ٢٠٠٣ وەزيری ئەوقاف و ناوخۆ لەگەڵياندا كۆبوونەوە، لەو چوونە پەشيمان بوون. باشە: بۆچی هەرگيز فەتوايەكی وەك ئەوی كەركووكيان بۆ بەرژەوەندی ميللەتی خۆيان دەرنەكرد؟ بۆ نموونە، بۆ كوشتنی كوردكوژان و عارەبە داگيركەرەكانی كەركووك! ئەدی ئەگەر باوەڕيان بەوە نەبوو پشتی سەددام لە دژی ئەمەريكا بگرن، بۆچی چوون و ئەگەر باوەڕيشيان پێی هەبوو بۆچی ژيوان بوونەوە؟ بۆچی ئێستا شەڕی ئەمەريكا واجب نييە؟ ئەمانە، كە سيمای خۆيان دەشاردەوە، لە چی شەرمەزار بوون؟ ئەدی شەرميان لە خوا نەكرد بۆ پشتگرتنی كوردكوژێكی تاوانكاری وەكو سەددام فەتوا بدەن؟ جەنابێ ئازاد، كە ڕەنگە ئێستا لە هەرێمستاندا پلەوپايەی باشی هەبێ، ئەو بروسكەيەی دەخوێندەوە كە بۆ سەددام ناردرابوو! پياو شەرم دەيگرت ئازادناوێك بەو شێوەيە باسی سەددام بكا، جگە لەوەی بروسكەی زانا گەورەكانی كورديش لە كۆنگرەكەدا خوێندرانەوە و وێنەيەكی سەدداميش بە جلی كوردييەوە لە هۆڵەكەدا هەڵواسرابوو! دەتگوت بەشدارانی كۆنگرە شەرمهێنەرەكە، قەت ناوی ئەنفال و كيمياباران و تەعريبی كوردستانی خۆيانيان نەبيستووە! ئەمانە، هەر ئيسلام ڕيسوا ناكەن بەڵكو كورديش ڕيسوا دەكەن! كێ دەڵێ نوێنەری حيزبە ئيسلامی و (نائيسلامی و ناعيلمانی)شيان لەگەڵدا نەبوو؟ بزانە دەزگای سيخوڕيی داگيركەری كوردستان لە ڕێی زانايانی كوردەوە چمان پێ دەكەن و چۆن دەزانن پياوانی ئاين، بە سەيد و شێخ و مەلاوە، زەوييەكی بە پيتن بۆ ملشكاندنی كوردی خۆشباوەڕ! ئايە ئەو لايەنگرانەی سەددام ڕاستيان دەكرد يا مەلا هەقگۆ و بەرهەڵستكارەكانی سەددام؟ ئەدی بەرهەڵستكارەكانی سەددام، بە ڕاستی بەرهەڵستكاری بوون يا ماستيان بێ موو نەبوو؟ خۆ هەردوو لاشيان، دۆستانی سەددام و دژە سەددام، ئايەتی قورئان و حەديسيان بە بەڵگە دەهێنانەوە و دڵيشيان بە بەڵگەكانيان خۆش بوو و وەك حەبی ڤاليۆم پێيان دەخەوتن. پشت بەوانە ببەستم و بە قسەی ئەوانە بكەم يا ئەوانەی تەنها لە سەر بنەمای گومان حوكمی مەرگيان بە سەر كورددا دەدا و دەيانگوت: ئەگەر بە هەق كوژرا ئەوا سزای خۆی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەرگرتووە و ئەگەر بە ناهەقیش کوژرا ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە؟ نا... هەرگیز نا! ئەگەر لە ژێر کاریگەری ئەو فەتوایانەدا دژی ئەمەریکا و ڕۆژاوا بوەستباین، دەکەوتینە سەنگەری سەددامێکەوە کە کوردی ئەنفال کردووە و ژەهری بە سەردا باراندووە و لە خراپترین بارودۆخیدا دەستی لە چەوساندنەوەی کورد هەڵنەگرتووە. لە ڕاستیشدا، ئەوەی موناقیق بە ئیسلامی دەکا، هیچ لادین و گوناحبارێک پێی ناکەن. ئەو هونەرمەند و گەنج و گۆرانیبێژە کوردانەش کە هەندێ لە مەلاکان دژیان دوەستنەوە و لە خوتبەدا باسیان دەکەن، گومانێکی ترە چونکە دژی گۆرانیبێژە ناکوردەکان کە نیوەڕووتن، هیچ قسەیەکیان نییە. ئەو گەنجە کوردانە، هیچ نەبێ بوونەتە هۆی باونەمانی گۆرانی ترکی و عارەبی و فارسی کە مجێزی کوردیان وەک خاکەکەی داگیر کردبوو. نەخێر ئەمەیان لە پێناوی ئیسلامدا نەدەکرد و مەبەستی تری دنیایی لە پشت قسەکانیانەوە هەبوو، دەنا بۆ دوای ڕووخانی بەعس ئەو باسانەش نەمان؟! من کە چاو بە مێژووی عارەبدا دەگێڕم، وەک پێشتریش باسم کرد، لە دوای پەیدابوون و پەرەپێدانی ئیسلامەوە، یەک تاکە شانازییان دەبینم کە خۆشیان هەمیشە باسی دەکەن، ئەوەش شکاندنی لەشکری خاچهەڵگرانە، کەچی ئەوەش هی خۆیان نییە. هەقە شەو ڕۆژ ئەوەیان بە چاودا بدرێتەوە و شەرمەزار بکرێن تا چاویان بۆ مافە ڕەواکانمان شۆڕ دەکەن!

مامۆستا علی باپیر دژایەتی ڕۆژاوا دەکات، کەچی بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ کەوتۆتە ژێر کاریگەری ڕۆژاواشەوە... و سمێڵی خۆیان بە ڕۆنی خۆیان چەور دەکا. ئەوەتا بە پێی قاڵبی فکری ئەوان و پێناسەی ئەوان، پێناسەی نەتەوایەتی نەتەوەکەی خۆی دەکا و باوەڕی هێناوە کە نەتەوایەتی لە دوای شۆڕشی فەرەنساوە هەر لەوێشەوە سەری هەڵداوە. مامۆستا چاوێکی بە ماڵە وێرانەکەی کورددا نەگێڕاوە تا ئەحمەدی خانی مەزن ببینێ کە زۆر لە پێش شۆڕشی فەرەنساوە هەستی نەتەوایەتی هەبووە و داوای دەولەتی نەتەوەیی سەربەخۆی بۆ کورد کردووە تا لە خزمەکاریی عەجەم و ڕۆم خەلاس بێ. خۆ ناشێ ئەویش وەک مامۆستا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مارکسییەکان خەسڵەتی نەتەوایەتی لە خانی بسێنێتەوە! ئەوان کردیانە پێشکەوتنخوازێکی چەپڕەوی سەردەمی خۆیان و ئەمیش تەفسیری تری ئیسلامانە بۆ بۆچوونە نەتەوەییەکانی بدۆزێتەوە تا هەم بۆچونی ڕۆژاواییەکان بە ڕاست بگەڕێ هەم خانیش گوناحبار نەبێ و کورد ئەو نەختە شانازییەشی نەمێنێ. هەردوو بۆچوونەکە بە ئارەزووی ئەورووپاییەکانن و شکاندنەوەی کوردن. ئەوەتا ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەورووپایی (مارتین براونسن) نایەوێ خانی، کە سەر بە میللەتێکی دواکەوتووی بێ دەوڵەتە، لە پێش ئەورووپای پێشکەوتوودا هەستی نەتەوایەتی هەبووبێ و جاڕی بۆی دابێ، بۆیە لە گوتارێکدا کە حەسەنی قازی وەریگێڕاوە و لە یەکێ لە ژمارەکانی گۆڤاری (گزینگ)دا بڵاو کراوەتەوە، دەڵێ مەبەستی خانی دەوڵەتی کوردی نەبووە. کاکە حەمەی مەلا کەریم، سەد جاران دەستی خۆش بێ، وەڵامێکی پڕبەپێستی داوەتەوە، کە لە ژمارەیەکی تری هەمان گۆڤاردا بڵاو کراوەتەوە. ئێستاش ئەو گۆڤارە، بە شێوەیەکی تر لە ئینتەرنێتدا بەردەوامە و مامۆستا عەلی باپیر، بۆ دڵنیایی دەتوانێ پەیوەندییان پێوە بکا. ئاخر نەتەوەیی بوونی خانی، بۆ ئەورووپایی تڕزل و لووتبەرز کەمایەتییە بۆیە نایانەوێ خانی نەتەوەیی بووبێ، بەڵام مامۆستا عەلی باپیر بە چ مەبەستێک ئەم دیزە بە دەرخۆنەیە دەکا و چ بەرژەوەندەییەکی لەوەدایە خانی نەتەوەیی نەبووبێ؟ ئەوەتا لێرەشدا ناحەزی خۆمان بە شایەت دەگرین تا بیسەلمێنین ئایدۆلۆژیەکەمان ڕاستە. پێویست نەبوو ئەم مامۆستا بەڕێزە، ئەم هەوڵە بۆ پاکڕاگرتنی ئیسلام بدا چونکە بە ڕاستی ئیسلام پێویستی پێی نییە و بە ڕای من، تا ملچێوکێکی بە چاوی ئیسلامدا نەکردووە و کوێری نەکردووە، با لە ڕای خوا واز لە چاوڕشتنی بێنێ! خۆزگە بیانووەکەش وەک بیانووی لێدانی عەمر (عمرو) لە سەر دزینی واوێکی داوود (داود) بوایە! نا، هەستی نەتەوایەتی کورد دوای شۆڕشی فەرەنسا نەبووە بەڵکو پێشتر بووە، مامۆستا.

زاراوەی نەتەوەپەرستی کە مامۆستا بە ناشەرعی دەزانێ، وەک زاراوەیەکی کوردی لە لایەن مارکسستە کوردەکانەوە داهێندراوە و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەبەستیش لێی نەتەوایەتییە و (پەرستن)ی بە ئانقەست تێ ئاخێندراوە تا حەرام بێ. لێرەشدا مامۆستا، لە ژێر کاریگەری ئەو (پەرست)ە داتاشراوەوە، بە خشکەیی چۆتە سەنگەری مارکسیەکانەوە و بەرانبەر کوردایەتی وەستاوەتەوە. ئەوان (پەرستن)یان بۆ نەتەوەیی داتاشی و مامۆستا عەلی باپیریش بۆ دژایەتیکردنی کوردە نەتەوەییەکان نەفرەتی لێ دەکا! ئەو (پەرستن)ە داتاشراوەی کردۆتە چەکێکی خراپ بەرانبەر بە کوردایەتییەک کە ئامانجێکی گەلێ موسوڵمانانە و مرۆڤانەی هەیە و دوورە لەو ناتۆرانەوە کە چەپی کورد دوایان خستووە و ئێستاش کە باوی مارکسیزم کەم بووە، مامۆستا عەلی باپیر ئیسلامی لێ خستۆتە کار! بزانە چۆن مارکسستی کورد زاراوە دادەهێنن و پیاوانی سەر بە سیاسەتی ئیسلامی بەکاری دەهێنن! ئەی قوڕ بە سەر کورد ئەوجا کوردایەتی! لە ڕۆژێکدا کە کورد ئەوپەڕی پێویستی بە نەتەوایەتی هەیە، ئیسلامی و مارکسی و حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش، پێکەوە دژی دەوێستنەوە و دەیانەوێ بینێژن! نەتەوایەتی، کە کرایە نەتەوەپەرستی، لە لای مارکسییەکان کۆنە(پەرستی) و ئیستعمارویستی بوو، لە لای مامۆستاش ئەگەر حەرامیش نەبێ ناجایزە یا بە لای کەمەوە مەکروهە. من بە خۆم دەڵێم نەتەوەیی نەک نەتەوەپەرست، ئیتر بۆچی بە زۆر ئەو ناوەم بە سەردا دەسەپێنی؟ زوڵم نییە؟ تۆ بەوە ڕازی دەبێ پێت بڵێن ئیسلامپەرست یا (حجر الاسود)پەرست؟ من ناتوانم ئەوەندە بێ ویژدان بم بە عەلی باپیری خواپەرست بڵێم ئیسلامپەرست، بەڵام ئەو، ڕێک بەرانبەر نەتەوەییەکان ئەو بێ ویژدانییەی کردووە.

کاتێ نوێنەرانی پەیامبەر چوونە لای پاشای حەبەشە و باسی ئیسلامیان بۆ کرد، پاشا بە گۆچانەکەی دەستی خەتێکی کێشا و گوتی: نێوان ئێوە و ئێمە ئەم خەتەیە. بە ڕاستی کە باس دێتە سەر نەتەوەی کورد، نێوان عەلی باپیر و کادری پارتی کۆمۆنستی عیراقیش هەر خەتێکی حەبەشەیی ئاوهایە، با بیروباوەڕیان ١٨٠ پلە پێچەوانەی یەکتریش بێ! خۆزگە ئیسلامییە کوردەکان و کۆمۆنستە کوردەکان، لە بواری ڕزگاریخوازیدا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکەوتنە یەک سەنگەرەوە نەک لە خنکاندنی هەستی کوردایەتیدا. بەڵام ئەمەش یەکێکە لە کلۆڵی و نەهامەتییەکانی کورد! هەرچی میللەتی سەر ئەم زەمینە هەیە، سوود لە فەلسەفە و ئاین دەبینن و خزمەتی نەتەوە و گەل و نیشتمانی خۆیانی پێ دەکەن، کەچی کورد، میللەت و نەتەوە و نیشتمان دەخاتە بن پێی ئەو باوەڕەوە کە لە کەللەیدایە، جا ئەو باوەڕە دین بێ یا ڕێبازی فکری، تەنانەت فەیلەسووفەکانیشمان کورد و کوردستان دەکەنە قوربانی هەندێ فەیلەسووفی ئەورووپا و وا باسی کورد دەکەن، خۆمان بێزمان لێی بێتەوە! سەیرە! تورک ئیسلامیان کردە کەرەسە و بە ٨٠٠ سوارەوە، بە چەکی ئیسلام بوونە ئیمبراتۆر و حوکمیان لە سێ کیشوەری زەویدا گرتە دەست. فارسەکان ئاینزایەکیان داهێنا و لە موالیبوونی عارەب دەرباز بوون و بوونی نەتەوایەتی خۆیان پێ پاراست و گەیشتنە ئاستێک بە عەممامەوە وزەی ئەتۆمیان هەبێ. عارەب، هەرچی ناعارەبی موسوڵمان هەیە بە خزمەکاری خۆی دەزانێ و هەزاری وەک خەیروڵڵا توڵفاح بەر دەداتە گیانمان تا خۆمان بە بچووکیان بزانین، نەبادا ببینە شعوبی! ئەدی ئێمە؟! ئێمە خاوەنی عەلی باپیرین و نابێ ئیسلام خزمەتمان بکا و حەرامە بۆ مەرامی مرۆڤانەی خۆمان سوودی لێ ببینین! ئێمە، ڕابردوو و ئێستا و داهاتوومان دەخەینە بن پێی مەلایەکی شۆڤێنستی عارەبەوە و ئاسوودەین! کە کۆڕەویش دەکەین، گلەیی لە ناحەزانی کورد دەکەین: ئەمە کەی موسوڵمانەتییە! خوا هەڵناگرێ وامان لێ دەکەن! بزنیش، کە سەری دەبڕن هەر وا دەباڕێنێ و زمانی هەبێ وا دەڵێ!

باشە لە بەر چی مامۆستایەکی وەک عەلی باپیر، بە داو دوو دەستە، لە مێژووی فەلسەفە و قامووس و مەوسووعەدا، ماڵ بە ماڵ و شار بە شاری کۆمۆنست و نەسرانی دەگەڕێ تا بیسەلمێنێ نەتەوایەتی لە کورد حەرامە؟ ئەرێ حەرامێکی تری دەست ناکەوێ لێی بدوێ؟ بۆچی باسی مارکسستی کورد ناکا کە لە بن پێیەوە بە ئیلحاد دەست پێ دەکا تا دەگاتە تەوقی سەری؟ ئەدی بۆچی باسی قەومییە عارەبەکان ناکا کە لە بن جبەوە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چاوچاوێن لەگەڵ بەعسدا دەکەن؟ ئەرێ خەڵکینە هەر کورد بزنە، یا مامۆستا عەلی باپیر نانەکەی هەر لەوەدایە؟

نەتەوایەتی یا بیری نەتەوەیی کورد بیری سەربەخۆییە نەک دوژمنایەتیکردنی غەیرە کورد، چجای دوژمنایەتیکردنی دینی ئیسلام. بیری نەتەوەیی ئەو پەرستنەی تێدا نییە و ئەو (پەرست)ەش کە کراوەتە پاشگری نەتەوە و بۆ لایەنی ئاینیی بۆتە چەک، داهێندراوە و بە زۆر بە سەر زمانی کوردی و نەتەوەییەکاندا سەپێندراوە تا نەتەوایەتی بخرێتە خانەی ڕاسیزم و فاشیزمەوە و ناشرین بکرێ و ڕێی گەشەکردنی نەدرێتێ و لەم پیلانەشدا دوژمنانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە و سەرکەوتنی ئەوانیش کزبوونی نەتەوایەتی و دوورخستنەوەی سەرفرازییە و هەی ئافەرین! وا بزانم ئەم نموونەیە باسەکەمان بۆ ڕۆشنتر دەکاتەوە:

(لە ژنە عرەبێکیان پرسی: کامە منداڵت لە هەموان خۆشتر دەوێ؟ ئەویش گوتی: نەخۆشەکەیان تا چاک دەبێ، بچووکەکەیان تا گەورە دەبێ و سەفەرکردووەکەیان تا دەگەڕێتەوە) ئەرێ نابینن کورد وەک میللەتێک هەرسێ مەرجەکەی تێدایە و هی ئەوەیە لە لای هەموو میللەتێکی سەر بە ئیسلام لە هەموو میللەتێک خۆشەویستتر بێ؟ ئەگەر ئەو قسەیەی عارەبەژنەکە گوناح بێ، کە گوناح نییە، با داواکەی منیش گوناح بێ! نەک هەر ئەوە، هەموو میللەتە موسوڵمانەکانی دنیا گوناحبارن کە کورد قڕ دەکرێ و ئەوان بێ دەنگن و نابنە موالی کورد... بەڵێ واجبە لە سەریان ببنە موالی کورد تا لەم میحنەتە دەرچێ کە تێی کەوتووە. هەموو موسوڵمانێکی ساغ، عارەب بێ یا فارس یا ترک یا موسوڵمانی ڕۆژهەڵاتی باشووری ئاسیا، دەبێ کوردایەتی بکەن تا ئەم برا موسوڵمانانەیان قڕ نەکرێن و خوا بکا سەلاحەددینێکی تریان تێدا هەڵکەوێ و شەرەفیان بکڕێتەوە! زەلیلبوونی کورد بەڵگەیەکی زەقی زەلیلبوونی موسوڵمانانە لە جیهاندا. نازانم چۆن عارەب بەرانبەر سەلاحەددین و ئیبن خەلەکان و گورگانی و تەنانەت مستەفا عەقاد و ئەحمەد شەوقی و زەهاوی، شەرم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نایانگریّ! ئاخر سەلاحەددین ئەو خاکەی بۆ ڕزگار کردن کە باوکیان بۆی ڕزگار نەکردن و عەقاد ئەو زمانەی فێر کردن کە دایکیان فێری نەکردن!

ڕەگەزپەرستیش کە وەک نەتەوەپەرستی زاراوەیەکی هەڵەیە و لە ڕاسستەوە وەرگێڕدراوە و وەرگیراوە. دیسان پەرستنی تێدا نییە و ڕاسیزمیش ڕێبازێکە بۆ کورد نەک هەر ناشیّ بگرە کورد لە باڕیکدا نییە بتوانیّ ڕاسست بیّ. ڕاسیزم باسی ڕەنگ و شکڵ و ڕوخسار و کەللەسەر و ئاین دەکا و لە سەر یەک میللەت تاپۆ نییە. ڕاسستی سویدی و نەرویجی و ئەڵمانی خۆیان لە یەک سەنگەردا دەبیننەوە با سیّ میللەتی جیاوازیش بن، چونکە هەموو بۆ جەرمانی دەگەڕێنەوە و ڕەنگیان سپییە و قژیان زەردە و کەڵەگەتن و مەسیحیشن. لە ناو خۆیاندا تەنها دژی ئەوانەن کە لەگەڵیاندا نین، بەلاّم لە دەرەوەی خۆیاندا دژی هەموو میللەتێکن بە تایبەتی جوولەکە. کورد هاوبەشی سەنگەری کام هاوشێوە و هاودین و هاوڕەگەزی خۆیەتی و لە دژی کام ڕەنگ و ئاین و بالاّ دەجەنگیّ تا ڕاسست بیّ؟ ئەگەر کورد و فارس لە سەر بنەمای ئارییایەتی دژی میللەتانی تر بجەنگابا، دەبووە ڕاسست. کاکە کورد لە ترسی فارس کونە جرج نایگرێتە خۆی، ڕاسست و ڕەگەزپەرستی و تەڕەماشی چیّ؟! خۆراکی ژەهراوی دەنیرنە بازاڕەکانمانەوە و پەتی ئەوان و ملی ئێمەیان گوتووە، ئیتر ئەم درۆ زلە لە کوێوە دیّ؟

ئەگەر کورد و میللەتە هاوڕەنگەکانی دەوروبەری لە سەر بنەمای ڕەنگ و ئاین بە گژ ئەفریقیەکاندا بچن، دەبنە ڕاسست. ئەو موسوڵمانەی لە سەر بنەمای ئاین یا مەزەب دوژمنایەتی میللەتان بکا، زۆر لەو کوردە، لە ڕاسیزمەوە نێزیکترە کە تا ئاستی پەرستنیش نەتەوەکەی خۆی خۆش بویّ، بە مەرجێک ئەم خۆشویستن و پەرستنە بە زیانی نەتەوەکانی تر، کە زەرەر بە کورد ناگەیەنن، تەواو نەبیّ. حیزبێکی وەک پاسۆک کە لە کوردستاندا خەباتی دەکرد، لە کاتێکدا بە حیزبە مارکسی و نامارکسییەکانەوە دەهۆڵی فاشیەت و ڕاسیزمیان بۆ لیّ دەدا، یەکیّ لە مەرجەکانی ئەندامێتی تێیدا ئەوە بوو دەبیّ باوەڕی یەکتاپەرستیی هەبیّ.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

واتە باوەڕی بە خودای بێ شەریک هەبێ. ئەمە گوناحە مامۆستا؟ ئەو حیزبە، تاکە حیزبی گۆڕپانی ئەو دەمە بوو کە ئەو مەرجەی دانابێ، کەچی بە هەموو لا تێی ورووژان و لە ڕۆژێکدا نەیانهێشت، کە کورد لە هەموو ڕۆژێ زیاتر پێویستی بە بوون و پەرەسەندنی هەبوو. زۆر سەیرە: ئەو قەڵەمانەی ئەو ڕێبازەیان تۆمەتبار دەکرد، خۆیان نەگرت و بە خشکەیی کەوتنە سەنگەری ڕاپۆرتنووسی و ناودان و ملشکاندنەوە و لە بیریان چوو چییان بەو ڕێبازە و خەڵکی سەر بەو ڕێبازە دەگوت. ئای کە سەربەرزییە بە کورسی و سەفتە دۆلار و دوامۆدێلی ئۆتۆمبیل و بەرزبوونەوەی ئەوانە بەرەو بنی پێ، قاقا پێبکەنیت! ئێستاش کە ئێستایە، جێی هەموو دەعبا و دەعەجانێک لە کوردستاندا دەبێتەوە جێی ئەو کوردە نەتەوەییانە نەبێ، بۆیە دەڵێی مامۆستا باپیر، هەر بە تەکلیف ئەو تۆمەتە دروستکراوانە بەرەو ڕووی کوردی نەتەوەیی دەکاتەوە! خۆ ئەهلی حوکمی زاتی و گفتوگۆ و ماچ و ڕیککەوتن لەگەڵ بەعسدا دەیانتوانی ئەو نەتەوەییانە بکەنە کەرەسەی هەڕەشە لە بەعس و پێیان بڵێن: کوڕە هۆوا ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا ڕێک نەکەون، ئەو پاسۆکانە زیاد دەکەن و لە بەر ئەوەی وەکو خۆتان فاشین و سیاسەتی (جێی مشت پالەقەیە)تان لەگەڵدا دەکەن، بەو چەکە لێتان دەدەن کە ئێوە لە کوردی پێ دەدەن! بەڵام نەک هەر وایان نەکرد، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆیان و ڕازیکردنی دڵی ئەم و ئەو و مامۆستا عەلی باپیر، لوولیاندا و لە بێشکەی نیمچە ئازادیدا خنکاندیان!

پێم خۆشە مامۆستا، بۆ نووسینێکی نووسەری ئەم باسە بگەڕێتەوە کە لە ژێر ناوی (کوردی نەتەوەیی ناتوانێ ڕاسست بێ)دا لە گۆڤاری سەرخۆبوونی ژمارە ٧ و٨ دا بڵاو کراوەتە تا بزانێ کورد ناتوانێ ڕاسست بێ. ڕاسستیش بێ هەر بە قەدەر ئەو بەرخە ڕاسستە کە لە ژێر چەقۆی قەسابدا لەقەفرتێ دەکا و لەقەفرتێشی ڕەوا نابینن!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ڕەفتاری عوسمانییەکان

مامۆستا عەلی باپیر لە لاپەڕە ٨ی کتێبەکەیدا ئاوهای نووسیوە:

... **دڕندەیەکی جیهانخۆری بێ ئاین و بێ ویژدانی مێشک بە بیر و فەلسەفەی (ناسیۆنالیزم) ئاودراوی وەک ئەوروپا، مەحاڵە بە سەر نێچیرێکی وا تووکنەرم و سادە و ئاساندا باز بدا** (مەبەستی عوسمانییەکانە ح.ک)

بەڵام لە لایەکەوە، ئەوروپاییەکان، نە بێ ئاین بوون نە یەک ئاینیان هەبوو نە یەک میللەت بوون نە یەک ڕێبازیان هەبوو نە یەک ناسیۆن بوون نە یەک وڵات بوون نە یەک دڕندە بوون تا بە یەک پێوانەیان لەگەڵدا بکرێ و بە یەک شێوە پێناسە بکرێن، بەڵام زۆربەیان یەک هەڵوێستیان بەرانبەر ڕەفتاری تورک هەبوو. مەسیحی و جوولەکە و موسوڵمان لە ئەوروپادا هەبوون. هەیانبوو چەپ بوو و هەیانبوو بۆ میللەتی خۆی (ناسیۆنالست) بوو نەک بۆ هەموو ئەوروپا. ئەوجا، خۆ عوسمانییەکان هاوسەنگەری ئەڵمانیای نەسرانی بوون. نازییەکان، بۆ دەسکەوتی ئەڵمان چییان بە ئەوروپا نەکرد؟ لە ڕووی زمانەوە، گرووپی سەر بە هندوئەوروپاییەکانیان هەیە و گورووپی فنلەندی (ئوگریکی) و ڕۆمانی و سلاڤیشیان هەیە. ڕەنگە زۆرینەی ئەوروپا ڕقیان لە ترک بووبێتەوە و هۆیەکەشی ئەو داگیرکاری و زوڵمە بوو کە تورک لێی کردبوون. ڕەنگدانەوەی ترک لە دۆن کیشۆت و کازانتزاکیسدا بە ڕوونیی دیارە. بزانە کازانتزکایسی ناودار چ دەڵێ:

١. جارێکیان باوکم ئاغایەک دەبینێ کورتانی لە مەسیحییەک دەنا تا وەک کەر باری لێ بنێ. باوکم ئەوەندە تووڕە بوو، هێرشی بۆ تورکەکە برد و ویستی سووکایەتی پێ بکا، بەڵام هیچی بۆ نەهات پێی بڵێ و لێویشی لێکنەدەبوونەوە. لە حەژمەتدا وەک ئەسپ حیلاندی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

٢. تورکێکی بەدمەستی خەنجەر بە دەست بە دووی مەسیحییەکاندا ڕایدەکرد تا دەستیان لێ بوەشێنێ. لەو کاتەدا باوکم، ماندوو و مردوو لە کار دەگەڕایەوە. کە تورکەکە چاوی بە باوکم کەوت، یەکسەر بۆی هات. باوکم مێزەرەکەی لە سەری خۆی کردەوە و بە مەچەکیەوە پێچا و بۆی چوو. کە تورکەکە خەنجەری لێ ڕاست کردەوە، باوکم مشتێکی بە زگیدا کێشا و خستی. ئەوجا داچەمی و خەنجەرەکەی هەڵگرت و بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ. دوای ئەوەی کراسەکەی گۆڕی و فێنک بووەوە، خەنجەرەکەی بە لای منەوە دانا و بە دایکمی گوت:

ئەگەر کوڕەکەت گەورە بوو و چووە قوتابخانە، ئەمەی بدەیێ با بیکاتە قەڵەمتەراش.

ئاخر چۆن ئەوروپاییەکان بۆ دەربازبوون لە زوڵمی تورک پەنا بۆ شەیتانیش نابەن؟ ئاخر سووکایەتی ئاوها! لە لایەکی ترەوە، مامۆستا ناپرسێ بۆچی ئەو ئیمپراتۆرە ئاوهای لێ هات و بۆ پایدۆزیان لێ کرد؟ ئەوروپایی، ئێستاش داستان لە سەر زوڵمی تورک دەگێڕنەوە و وەچە دوای وەچە، منداڵی لە سەر پەروەردە دەکەن. بە دووری نازانم هەر لە سەرەتاوە، بنەمای ناسیۆنالیزمی هەندێ لە ئەوروپاییەکان، بە تایبەتی ڕۆژئاوا و بە تایبەتیتریش یۆنان و ئیسپانیا، بە هۆی حوکمی قەرەقۆشی تورکەوە بووبێ کە بووە سەرباری دڕندەیی عارەب لە ئەندەلوس و لەدەستدانی ئیستانبوڵ. واتە، دڕندەیی تورک هەناوێ بوو ناسیۆنالیزمی ئەوروپای لێ کەوتەوە. ئێستاش هەندێ لە فاشی و ڕاسستەکانی ئەورووپا، بە هەموو دەرەکییەکی ڕۆژهەڵاتی دەڵێن تورک! تورکەکانیش، وەک عارەبە غەزاکەرەکان کە دەیان هەزار ژنیان بە تاڵان برد و وەک ئەمەوییەکان کە هەزاران ژنی مواللییان لە ئیسپانیا فڕاند و کردیانن بە سەرراری، ئەوانیش هەزاران ژنی بە مێرد و بێ مێردی ئەوروپاییان ڕفاند و ئێستاش ڕوخساری هەندێ لە ترکەکان، هی ئەو ژنە ئەوروپاییە ڕفێندراوانەیە و ماوەتەوە. ئەو هەموو زوڵمە بۆچی و بۆ دەبێ کوردێک هەبێ بەرگریی لەو دڕندە تورکە عوسمانیانە بکا؟! لە سێبەریاندا حەساوە بووین؟ دڵنیام ئەگەر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مامۆستا عەلی باپیر لەو سەردەمەدا ژیابا، دەبووە یەکێ لە سوارەکانی حەمیدی و بۆیان دەچووە غەزا. مامۆستا عەلی وەردی دەڵێ: "کە ئەمەوییەکان ئەندەلوسیان داگیر کرد، مووسای کوڕی نەسیر سیی هەزار کەنیشکە پاکیزەی ئیسپانی دوای خۆی خست". سیی هەزااار! خۆ ئەوانە ئویزەلکیان[1] بۆ نەسووتێندرابوو تا کەلۆشیان تێکەوێ و بە هەوەسی خۆیان دوای کەون. ئەدی تورک بەرانبەر بە کورد، کە وەک خۆیان موسوڵمانیش بوون چییان نەکرد و چی ناکەن؟ با باسی ئەرمەنییەکان و ئاشورییەکان و ئیزدییەکان هەر نەکەین کە ئاینیان جیاوازە. خۆ میری سۆران زەقترین شایەدە. ئەمەش داگیرکەرانی ئاینبرامان، بە عوسمانی و سەفەوییەوە، واتە بە سوننە و شیعەوە بەربوونە گیانی کورد. جگە لە ئیمارەتی سۆران، سەفەوی دەهاتن کوردی سوننەیان دەکوشت و عوسمانی دەهاتن کوردی شیعەیان دەکوشت. مامۆستا عەلی باپیریش بۆ هەموو کەموکوڕییەکان خەتا دەخاتە ئەستۆی مەلای ناشارەزا و لە مەسەلەی فەتواکەی مەلای خەتێشدا هەر وای کردووە. بەڵێ لەوەشدا خەتای خستۆتە سەر زانایەکی گەورەی وەک مەلای خەتێ، بەڵام وا دیارە لێکدانەوەکەی مامۆستا مەسعود محەمەدی نەمری نەدیوە کە من، بەش بە حاڵ، باوەڕم پێی هەیە. مامۆستا مەسعود محەمەد پێی وایە مەلای خەتێ لە سەر داوای میری گەورە خۆی، ئەو فەتوایەی دەرکردووە، چونکە زانیویەتی بەرگەی ئەو شەڕە ناگرێ و ئەگەر بیکا کورد قڕ دەکرێ[2]. خۆ خەتێ، کە فەقێی ئیبن ئادەم بوو، لەو گەورەتر نەبوو کە پاشا دووری خستەوە! ئەو پیلانەی ئەو دەمە لە کورد کرا و مەلای خەتێ بە فەتوایەک هەڵیوەشاندەوە، لە ڕیکەوتننامەی شوومی جەزایری ساڵی ١٩٧٥یشدا دووبارە بووەوە و مەلا مستەفا بڕیارێکی وای دا کە زۆر بە بڕیارەکەی میری گەورە و مەلای خەتێ دەچوو. کورد لە هەردوو بارەکەدا یەک

---

[1] ئویزەلک (دزە بزوێنێک لە نێوان لامەکە و کافەکەدا هەیە): گیایەکە، شوان لە هاویندا دەیسووتێنن تا مەڕیان بە بەران بێن.

[2] بڕوانە (نفض غبرة عن جبين الشمس)ی مامۆستا مەسعوود محەمەد



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵوێستیان هەبوو و پێم وایە هەردووکیان ڕاستترین هەڵوێستی سەردەمی خۆیان بوون: دەستبەردان لە بەرەنگاری بێ هوودە و پاشەکەوتکردنی توانا و خوێنی کورد بۆ دەرفەتی لەبارتر و شێوازی چاکتری خەبات و تێکۆشان. خۆ دەرفەتی یەکجار لەبارتر و مەزنتر، هەم لە دوای پاشای گەورەدا بۆ کورد ڕەخسا هەم لە دوای شۆڕشی ئەیلوولدا، بەڵام دەرفەتەکان نادڵسۆزانە بە فیڕۆ دران و کرانە سووتەمەنی نەزانی و ڕقی سەرانی کورد.

مەلاکانمان ئەوەندە لە ناو خۆیاندا نەکڵۆکن، دوویان لە گوندێکدا بن یەکێکیان لە پشت ئەوی ترەوە نوێژ ناکا و گوندی یەک مەلایی لە گوندی دوو مەلایی ئارامتر و ئاسوودەترە. بەڵێ ئیسلام یەکێکە و مەزەب و ئیجتیهاد هەزار. ئەوەتا هەر لە ناو میللەتێکی مافخوراوی ژێردەستەی وەکو کورددا، جگە لە مەزەب و ئاینەکان، چەندین حیزبی ئیسلامیش هەن کە بە مەزەبەکان داناکەون و بە هەڵوێستی یەکتریش ڕازی نابن. ئەگەر بە یەکتر ڕازی بوایەن، لە بری ئەوەی ببن بە یەک، هەر ڕۆژە و بە جۆرێ کەرتک نەدەبوون و پارچەیەکیان لێ نەدەبووەوە. هەر یەکە و لەو حیزبانە بە جۆرێ باسی مافی کورد دەکا، جگە لەو زانایانەی کە لە ناو حیزبە کوردستانییەکاندا کار دەکەن و فەتوا دەدەن و ڕێبازی سیاسییان دیارە و جگە لەوانەش کە بە پێی ڕەزامەندی بەعس و لە بن دەسەڵاتی بەعسدا فەتوایان دەدا. لە لەیلەتولقەدری ساڵی ٢٠٠٢دا خەتیبی (الروضة العباسية)ی کەربەلا دەیگوت: "اللهم انصر قيادتنا المجاهدة وعلى رأسها المجاهد صدام حسين حفظه الله ورعاه" دەک دەمت بشکێ خەتیب! مامۆستا عەلی باپیر ئەمەی بە دڵە؟ بەڵام دەبێ ئەو خەتیبە بۆچوونی مامۆستا عەلی باپیر پەسەند بکا؟! ئەدی لە نێوان ئەم و ئەودا، من و هەزاران کوردی موسوڵمانی قوڕبەسەری وەکو من بڵێین چی؟ هەر ئەو بۆچوونە هەمەجۆر و دنیاویستییانە بوون وایان کرد شەڕی حوسێن بە (قلبی معه و سيفي عليه) بکەن و دنیاخوازانی دژە هەقی ناو ئیسلام، بە ناوی ئیسلامەوە خەلافەتی ئەمەوی دامەزرێنن و یەک سەدە ناهەقی بەرانبەر موسوڵمان و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناموسوڵمانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بکەن. چ بکەین چاک و ڕاست و ڕەوایە؟ تاوانی ئەمەوییەکان دووبارە بکەینەوە و داوە مووەکەی معاویە بکەینە گوریس و خوتبەکەی حەججاج، بە بەردەوامی لێدەین: "سەرانی گەیو دەبینم وەختی ڕنینیان هاتووە و من خاوەنیانم و لە نێوان عەمامە و ڕدێندا خوێن دەبیم" تا مل بە خەڵک شۆڕ بکەین یا وەک ئەبو زەڕ بە معاویە بڵێین تۆ دزیت و بە حەججاج بڵێین لەو خوێنەدا نقوم دەبی کە دەیڕێژیت؟ ئەوان سەری حوسێنیان بردە شام، ئێمە سەری کێ بە ڕمەوە بکەین و بیبەینە دەرباری داگیرکەران؟ خۆ لە ڕاستیدا کەممان سەر بە نوکی ڕمەوە نەکردووە و کەممان نەبردۆتە خزمەتیان. کێ لە بیری دەچێ کە جاشەکان سەری شێت و بێ کەس و فیرار و شوان و خەڵکی بێ دەسەڵاتیان دەبڕی و بە ناوی پاسدارەوە دەیاندانە بەعس و پارەیان پێ وەردەگرت؟ چما ئەو جاشانە وەک من و مامۆستا عەلی باپیر کورد نەبوون؟ میللەتێک موسوڵمان بێ یا هەو نەبێ، شتی وای تێدا بێ چۆن سەرفراز دەبێ؟ ناڵەی حەفید لە نووسینێکیدا کە لە (کۆنتراکت)دا بڵاو کرایەوە، شەڕی ناوخۆ و کوشتوبڕ و توندوتیژی ناو کورد بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە کورد لە منداڵییەوە ئازاری بێ لزووم بە سەگ و پشیلە دەگەیەنێ... پێم وایە هیوا قادریش لە ڕۆمانێکیدا ئاماژەی بە شتێکی وا کردووە. ئەو دوو نووسەرە، دیارە لە ژێر کاریگەری ئەورووپادا درکیان بەو نهێنییە کردووە و دەستیان خۆش کە چاکیان پێکاوە و دڵڕەقی هەر دڵڕەقییە!

هەر ئێستا باس باسی گێڕانەوەی کەرکووکە بۆ ئامێزی کوردستان و لە هەمان کاتدا هەر لە کەرکووک زەوی بە عارەبی تەعریب دەدرێ و عارەب بە زەبری پسوولەی حیزبە کوردستانیەکان دەگەڕێنەوە کەرکووک. لە ژمارەیەکی باسەڕەدا وا بڵاو کرایەوە کە چەندین ماڵە عارەب بە کاغەزی حیزبەکانەوە، لە نوختەی پشکنینی خوار کەرکووک وەستاون و چاوەڕوانن ڕێیان بدرێ بچنەوە ناو کەرکووک. ئەمە لە کوێ و داواکردنی گەڕانەوەی کەرکووک لە کوێ! تۆ بڵێی داواکردنەوەی کەرکووک و دەرکردنی عارەبی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەعریب لە لایەن ئەم مامۆستا بەڕێزەوە بە نەتەوەپەرستی دانەندرێ، وەک لە لای کۆمۆنستی کرێکاری بە ڕەگەزپەرستی دادەندرێ؟! ئاخر ئەگەر ئەمە بۆ کورد ڕەگەزپەرستی بێ، پێچەوانەکەی کە تەعریبە، دەبێتە بەعسایەتی و بەعسایەتیش شۆڤێنیەتی عارەبە! ئەوجا با تەماشایەکی ئەو ڕیکلامانە بکەین کە حیزبەکان بۆ لستی ٧٣٠ دەیانکرد. ئاڵای کوردستانیان دەکردە ڕیکلام بۆ ئەوەی کورد بگێڕنەوە بۆ بن دەستی عارەب! ئاڵای ئازادی، بۆ مەبەستی کۆیلایەتی بەکار دەهێندرا. ئەمە داهێنانی هونەرییە لە قۆڵبڕیندا. ئەمە بە دێوجامەکردنی ئاڵایە. نەمبیست مامۆستا عەلی باپیر، کە بۆ ڕێزلێنانی ئەی ڕەقیب و شەهیدان هەڵناسێتە سەر پێ و کتێبێکی لە دژی نەتەوایەتی کورد دەرکردووە، ڕەخنەی لە ڕەفتاری تەعریبکەرانەی دەسەڵاتدارانی کورد هەبێ یا فایلە ڕەش و خۆڵەمێشییەکان ڕیسوا بکا. ئەمەش ئەو سەنگەرە ئاشکرا دەکا کە من ڕەخنەی لێوە دەگرم و تیشکێکیش دەخاتە سەر سەنگەرەکەی ئەو.

## نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەرستی

مامۆستا. لە لاپەڕە ١١ی کتێبەکەیدا، لە باسی سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزمدا دەڵێ: "**سۆزی نەتەوایەتی خۆڕسک شەرعی و ڕەوایە لە پەنای مافی نەتەوایەتیدا ـ کە خوای دادگەر بە هەموو گەل و میللەتانی بەخشیوە ـ کەڵکەڵەی نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەرستی نەچێتە کەللەوە و پێشی وابێ ئیسلام ڕێگای داوە...**"



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نازانم ئەم نەتەوەپەرستن و نیشتمانپەرستنە بۆ هەر لە ناو کورددا سەری هەڵداوە و بۆچی هەر لە دژی کورد بەکار دەهێندرێن؟ ئاخر کێ نەتەوەی کوردی پەرستووە و کێ نیشتمان دەپەرستێ و کوا قودسیەتی کورد و کوردستان لە لای تاکی کورد؟ ئەوجا ئەم پیاوە چ کێشەیەکی نییە ئەوە نەبێ ئاخۆ کورد لە کام پەرستگەدا ڕێوڕەسمی کوردپەرستی و کوردستانپەرستی بەڕێوە دەبەن و چۆنی بەڕێوە دەبەن؟! کە لەم تۆمەتانە ورد دەبمەوە، دەستم لە ڕەتدانەوە سارد دەبێتەوە! پەرستنی چی؟ من بە مافی خۆمی دەزانم جەنابت بەوە تۆمەتبار بکەم کە (حجر الاسود)ی سەردەمی جاهلی دەپەرستی چونکە بە پێچەوانەی میلی سەعاتەوە، بە دەوریدا دەخولێیتەوە و ڕووی تێ دەکەیت و دەپاڕێیتەوە، بەڵام لەوە دەگەم و ئەو تۆمەتە نادەمە پاڵت! کەچی جەنابت بە دەستی ئانقەست و بە وشیارییەوە، بێ ئەوەی کەست لە ڕێوڕەسمی پەرستنی کوردستاندا دیبێ، ئەم تۆمەتە دەدەیتە پاڵ نەتەوەییەکانی کورد. دایدەتاشی و دایدەبڕی و بە ناوی ئیسلامەوە بڕیاریش دەدەی!. ئەم بۆچوونە، بۆچوونێکی خەیروڵڵا توڵفاحم بیر دەخاتەوە کە لە (انا العربي)یەکەیدا باسی دەکا و هەموو ئەو ناعارەبانە بە شعوبی لە قەڵەم دەدا کە خزمەتی عارەب ناکەن و عارەبیان پێ لە نەتەوەکانی دی گەورەتر نییە! بۆچی دەبێ نەتەوەیەک لە یەکێکی دی گەورەتر بێ؟ بە ڕاستی من شانازی بە (شعوبی)بوونی خۆمەوە دەکەم و قەت عارەبم لە کورد پێ گەورەتر نییە. بەڵام ناشڵێم گچکەترە! دیارە کە دەربڕینەکەی مامۆستا عەلی باپیر ئەهوەنترە، بەڵام هەست دەکەم بەرەو یەک ئاڕاستە دەچن و سەرچاوەیان بۆ قسەیەکی ئیبن خەلدوون دەگەڕێتەوە: مادام پێغەمبەر (د.خ) عارەبە، دەبێ لە هەموو مەملەکەتەکانی ژێر دەسەڵاتی عارەبدا، جگە لە زمانی عارەبی دەست لە هەموو زمانەکانی دی هەڵگیرێ. ئەوەش لەوەوە هاتووە کە عومەر نەهی لە چەقەچەق (رطانة)ی عەجەم کردووە و گوتوویەتی: إنها خب، أي مكر و خديعة. واتە فێڵ و تەڵەکەبازییە. ئیدی توڵفاح و هەر شۆڤێنییەکی عارەب بگری، ناهەقی نییە بەو نزمییە لە موسوڵمانی ناعارەب بڕوانێ. من چاک دەزانم ئەگەر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئیمامی عومەر زندوو بێتەوە و لە سەر تەلەڤزیۆنەکەی مامۆستاوە هاوار بکا و بڵێ: زمانی کوردی حەرامە، ئەم مامۆستایە بیانوویەکی بۆ دەدۆزێتەوە. عارەب دەتوانن گوند و شارمان وێران بکەن و ئاوارە و دەربەدەرمان بکەن، بەڵام چۆن دەتوانن ئەو زمانەمان نەهێڵن کە تێکەڵی خوێنمانە و لە بوونمان جیا ناکرێتەوە؟ ئاخر زمانی ئێمە خزمایەتی لەگەڵ زمانی واندا نییە تا وەک زمانی قیپتییەکان و بەربەرەکان بە ئاسانی لە ناویدا بتوێتەوە! ئەگەر قورئان فارسی بوایە، پێم وایە بە هۆی خزمایەتی کوردی و فارسییەوە، ئێستا زمانەکەمان لە ناوچووبوو. مامۆستا، بۆ ئەورووپییەکان (ناسیۆنالست) بەکار دێنێ، کە پەرستن لە خۆ ناگرێ، بەڵام بۆ کورد نەتەوە(پەرست) دەخاتە کار تا خۆی باوەڕ بکا کە کوردی نەتەوەیی، لە جێی خوا نەتەوە و خاک دەپەرستن!

نەتەوەپەرست و نیشتمانپەرست لە زمانەکانی تردا چییان پێ دەڵێن؟ عارەب چ زاراوەگەلێکی بۆیان هەیە. با دەستودامێنی مەحاڵ بکەوم و هەوڵ بدەم ئەو بڕگەیە بکەمە عارەبی، تا بزانم چی بە سەردا دێ و لۆژیک... نا، ویژدان جێی تیدا دەبێتەوە یا نا. کە وەریشیدەگێڕم، شەڕی مەلابەزێنی لەگەڵدا دەکەم و بە زۆر دەیکەمە عرەبێ، دەنا وەکی خۆی قەت ناکرێ، چونکە (إنها خب): "... لا تدخل وسوسة عبادة الامة في جمجمته معتقدا بان الاسلام احلها". نەتەوەپەرست دەبێتە "عابد الامة" و بە کۆ دەبێتە "عبدة الامة"! ئەی قوڕ بە سەر وەرگێڕ بۆ چ کارێ کردی! سنووری سۆزی نەتەوایەتی لە کوێ کۆتایی دێ و حەرام دەبێ مامۆستا؟ پەرستن، ئەوا هیچ، شتی وا لە ئارادا نییە و زادەی خەیاڵە و سەرچاوەکەی بۆ مۆسکۆچییەکانی کورد دەگەڕێتەوە. لەو جێیەدا کە میللەتی خۆت لە عارەب بە بچووکتر نەزانی؟ من بە بچووکتری نازانم! لەو جێیەدا کە نەتەوەی خۆت لە نەتەوەکانی دی بە چاکتر و گەورەتر بزانی؟ بۆ بە گەورەتری بزانم؟ تەکنیکەکەی؟ ئازادییەکەی؟ پێشکەوتنەکەی؟ دڵسۆزی مەلاکانی؟ شەقی عارەب بە پاشەڵیەوە؟ بە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی وەکو جەنابتەوە؟ بە چییەوە بە گەورەتری بزانم؟ لەوەتەی ئێمە هەین و ئێستاشی لەگەڵدا بێ،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر خۆمان بە بچووک زانیوە و تەنانەت بۆ برایەتیش، بە شەرمەوە باسی دەکەین. بۆ ئەم شەڕی ئەو و خۆمان کردووە و بۆ ئەو بووینەتە حەمیدی و بۆ بەعس بووینتە جاش و خۆمان بە گەورە دەزانین؟ ئێمە لەوە تۆقیوین بە پیاوی ئیسرائیل لە قەڵەم بدرێین! من چ شانازییەک بکەم ژمارەی جاش لە ژمارەی پێشمەرگە زیاتر بێ و ئەو ژمارە کەمەی پێشمەرگەش پڕ بێ لە فایلی ڕەش؟ هەر چاکە شەرممان بە کوردبوونی خۆمان نایێ! خۆ چەپی کورد و ئیسلامیەکان و سیاسییە بازرگانەکان و ئەهلی گوندی بچووک و فەلسەفەی ساوای بازاڕی کوردی، کارێکی وایان کردووە تاکی کورد هەموو شتێکی بە لاوە ئاسایی بێ ئەوە نەبێ پێی بگوترێ نەتەوە(پەرست)! ڕەنگە شانازی بە کافربوون و هاوجنسبازی و دزیکردن و پیاوکوشتن و درۆ و تاڵان و خیانەت و جاشایەتییەوە بکا، بەڵام بەرانبەر تۆمەتی نەتەوە(پەرست)ی چۆکی بشکێ! ئاغاکانمان، کە خاوەنمانن، لەوە زیاتر چییان دەوێ؟!

هەرچی بۆیاغچی پێڵاو لە بەغدا و تاران و شام وئیستەنبوڵ و ئانکەرە هەیە، سەرلەبەریان کوردن و بە دیار پێڵاوی ئاغای فارس و سەیدی عارەب و گورگی تورکەوە سەریان شۆڕ کردۆتەوە تا نانی ڕۆژیان پەیدا بکەن! مەڵێ قەیدی چییە، ئەوە کاسبییە! ئەگەر کاسبییەکی ئاسایی بوایە، لێنەدەگەڕان دەستی کورد بکەوێ. ئەحمەد بنبیللا لە دیدارێکدا دەیگوت: "پێش شۆڕشی جەزایر، مندالانی جەزایر سەریان بە دیار پێڵاوی خەڵکەوە شۆڕ دەکردەوە و بۆیاغیان دەکرد. چۆن دەبێ منداڵی جەزایر کارێکی وا بکا و نەفسیەتی بشکێ؟ خۆ هیچ نەبێ دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئەو دیاردەیە نەما". کەچی کاتێ (شێرکۆ بێکەس)ی کورد هەست و سۆزی خۆی بۆ ئەو دیاردەیە لە شیعرێکدا دەربڕی، گورج فەتوای کوشتنی بۆ دەرکرا. نازانم ئەو فەتوادەرانە بۆچی فەتوایان بۆ کوشتنی ئەو فڕۆکەوانانە دەرنەکرد کە هەڵەبجەیان کیمیاباران کرد؟ ئەدی ئەنفالچییەکان، بۆچی فەتوای کوشتنیان دەرنەچوو؟. فەتوای مەلاکانی خۆمان، هەر بە گیانی خۆمان تیژن و بۆ دوژمنیش... ئاخ! گومانم هەیە فەتوای کوشتنی شێرکۆ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بێکەس بە هۆی ناوێڵییەکەوە بووبێ کە بە خوا کراوە، نا، هەر بۆ ئەوە بووە باسی منداڵی کوردی کردووە کە پێڵاوی عارەب بۆیاغ دەکەن! واتە: ئەوەی بڵێ نابێ پێڵاوی عارەب بۆیاغ کەن، کافرە و دەبێ بکوژرێ!... یا، بە لای کەمەوە نەتەوەپەرستە!! ئەرێ ئەو فەتوادەرانە، بۆ فەتوای کوشتنی زەعیم سدیق و عەلی کیمیاوی و عەقید خەلیل و خەزرەجی و تاوانبارە عارەباکانی تر دەرناکەن؟ بزانە چەند بە گیانی کورد خێران! عەبدوڵڵا پەشیو بکوژن! شێرکۆ بێکەس بکوژن! زەکەریا و... هەر کوردێک نووزەیەکی لێوە هات بیکوژن! خۆ من چ حەز لەو ئاواز و کلیپە تازانە ناکەم و پێم وایە هونەری کوردییان شێواندووە، بەڵام کەی ڕەوایە فەتوای، بە لای کەمەوە، ڕیسواکردنیان بدرێ؟ ئێ دە هێندێ فەتوا لە دژی کوردکوژەکانیش دەرکەن! خوێنی ئەوانەش حەڵاڵ بکەن کە مزگەوتیان بە قورئانەوە سووتاند! فەتوای کوشتنی ئەوانەش دەرکەن کە لە کەرکووک و موسڵ و عوزێم هەر بە تاوانی کوردبوون خەڵک دەکوژن! عارەبی بەغدایی قسەیەکی خۆشیان هەیە، دەڵێن: "باوکم بەس بە دایکم دەوێرێ!" ئێمەش مەلاکانمان، بەس بە خۆمان دەوێرن و فەتوا لە دژی خۆمان دەرکەن!

ڕەنگە کورد خۆشی، وەک ئیسماعیل بێشکچی خۆی نەناسیبێ. لە یەکێ لە کتێبەکانیدا قسەیەکی لەم بابەتەی هەیە: "کورد لە ناو خۆیاندا، لە سەر چاوبرکێیەکی هەرزەکارێک لەگەڵ کیژێکدا، وەک شێر و پڵنگ پەلاماری یەک دەدەن، کەچی دوو پۆلیس دێن و هەرچی ژن و کیژیان هەیە، کۆیان دەکەنەوە و دەستدرێژیش دەکەنە سەریان، فزە ناکەن!" بە ڕاستی بێشکچی ڕاستی پێکاوە. خۆ مەلای کوردیش هەر کوردن بۆیە لە فەتوادا هەر بە میللەتەکەی خۆیان دەوێرن و بەرانبەر دەستدرێژیکردنی داگیرکەر فەتوا نادەن. نازانم چۆن دڵیان دێ فەتوای کوشتنی شاعیر و نووسەری میللەتەکەی خۆیان دەرکەن! ئاخر بە سەدساڵی دی، عەبدوڵا پەشێوێک و شێرکۆ بێکەسێک دروست نابن! ئا ئەمەش دەبێتە یەکێک لەو هۆیانەی کە دەیان و سەدان کورد لە دینی ئیسلام هەڵگەڕێنەوە!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوا خوا دەکا ئێمەش ئەوەندەمان هۆش هەبێ خۆمان لە خەڵکی دی بە گچکەتر نەزانین و بتوانین بڵێین ئێمەش وەک ئەوان! کوا خوا دەکا بیر لەوە بکەینەوە کە کوردستانیش وەک فەلەستین داگیر کراوە و دەبێ بەر لە فەلەستین خەم لە وڵاتی خۆمان بخۆین، دەنا ئێمەی کۆیلە نە بۆ فەلەستین هیچمان پێ دەکرێ، نە بۆ کەعبەی شەریف؟! ئاخر ڕۆشنبیر و ئاینپەروەری کورد زۆرن کە پێیان وایە کوردستانی بن دەستی عیراق بەشێکی سروشتی عیراقە، بەڵام فەلەستین داگیر کراوە! نەتەوەخوازی و نەتەوایەتی بۆ کورد لە هیچ سنوورێکدا حەرام نابێ چونکە نەتەوەکەمان کۆیلەیە و خاکەکەمان داگیر کراوە و باوەڕ ناکەم نوێژیشی لە سەر دروست بێ. ئایە یەکێتی زانایانی دنیا لە سەر تەیەمموم و (لامستم النساء) و (أنا شئتم) و (غسل و مسح)ی سەر و پێ یەک ڕایان هەیە تا لە سەر حەرامکردنی کوردایەتی یەک ڕایان هەبێ و ئێمەش بڵێین ئامین؟ ئایە مەلا عارەبەکان ئەو ڕایەی مامۆستا باپیریان قەبووڵە یا هەر بە جارێ داخوازییە میللییەکانی لێ حەرام دەکەن، وەک کردوویانە؟ مامۆستا! هەر ناوی کوردستانەکەت لێ کراوە بە ناشەرعی و قەدەغە کراوە و هەر ناوی بێنی پیاوی ئەمەریکا و ئیسرائیلیت!... یا ئیسرائیلی دووەمیت! چاوەڕوانی فەتوای شاگردەکانی خەیروڵڵا تولفاح بکەین تا بفەرموون و سنووری کوردایەتییەکی شەرعیمان بۆ دانێن یا زانایەکی کە سوێند بخوا ئێران کیمیاوی بەکار هێناوە نەک عیراق؟ لە ڕاستیدا، ئەوانە سنوورەکەیان داناوە بەڵام منێکی نەتەوەیی پەسەندی ناکەم با زۆر کوردیش، بە ئیسلامی و نائیسلامییەوە پەسەندیان کردبێ.

دەبێ مامۆستا عەلی باپیر ئەو مافە بە خۆی بدا سنووری حەڵاڵ و حەرامی کوردایەتی دیاریی بکا و هیچ سنوورێکی غەیری ئەوەی خۆی قەبووڵ نەبێ؟ ئەگەر وایە، ئەو سنوورانە کامانەن کە زاناکانی تر دایانناون؟ شێخ مەحموودی نەمر کە ڕازی نەدەبوو غەیری کورد (با موسوڵمانیش بێ) حوکمی کورد بکا، فەرموویەتی:

**گەر مانعی حقووقی کورد بین عەرەب**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**بێ شک نوێژەکانم بە کوردی قەزا ئەکەم.**

وەی بو قوربانی خۆت و کوردایەتی و نوێژ و دینت بم ئەی شێخی مەزن!... ئەی شێخی هەموو شێخەکان!

ئەدی مەلا مستەفا کە داگیرکەر نەما بە گژیدا نەچێ؟ لەو سنوورانەش بگەڕێ کە ناکور بۆ کوردیان داناوە و هەر کۆیلایەتی و جاسووسیێتیمان پێ ڕەوا دەبینن! بۆ دەبێ مامۆستا عەلی باپیر چاوەڕوان بێ منێکی نەتەوەیی ئەو سنوورە کوردایەتییەم پێ حەلاڵ و چاک بێ کە ئەو خۆی دایناوە و حسێبی قەیامەتی خۆی تێدا کردووە، نەک ئەوەکەی حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە و شێخ سەعید و سەید ڕەزا و ئەوانی دی؟ ئایە دڵنیا بم لە تەفسیری نەتەوە و نەتەوایەتیدا بە هەڵەدا نەچووە؟ نەخێر دڵنیام بە هەڵەدا چووە و ئەگەر خاتری بگرم و نەڵێم پێوانەکاری عارەبی شۆڤیەنی لەگەڵدا کردووین، بە دڵنیاییەوە پێوانەی ئەوروپای لێ خستووینەتە کار. کە پێوانەی ئەوانت بە دڵە، بۆ دژی خۆیان و ئاینیانی؟ جگە لەوەش من کوردێک شک نابەم کوردایەتی کردبێتە ئاین یا کڕنۆشی بۆ خاکەکەی بردبێ و پەرستبێتی تا ئەو (پەرستن)ە هەڵگرێ و حەرام بێ.

ئەوەی مامۆستا عەلی باپیر دەیکا، کارێکی یەکجار ترسناکە، چونکە وەک پزیشکێک دەرمانی هەڵە بۆ نەخۆش بنووسێت و لە بری ئەوەی چاکی بکاتەوە لە سەر دەردەکەی خۆیەوە دووچاری ئیفلیجیشی بکا، فەتوای هەڵە دەدا و لە بری ئازادکردنی کوردستان، ملی خەڵکی کوردستانی پێ دەشکێنێ. چۆن دەتوانێ تۆمەتی (پەرستن)ی خەڵک و خاک بداتە پاڵ نیشتمانپەروەری کورد. لە بری نەتەوەپەرست و نیشتمانپەرست، دەیتوانی بڵێ نیشتمانپەروەر و نەتەوەپەروەر، بەڵام بە هۆی زۆرزانی و بۆ تێپەڕاندنی ئەو بابەتە تۆمەتانە، بە ئانقسەت ئەو زاراوانەی بەکار هێناون، تا ئەوەندەی دەکرێ لە نەتەوایەتی دوور بکەونەوە.

کوردایەتی و خزمایەتی و دراوسێتی و بەرگریکردن لە ئاوایی و خەڵکی گوند و وڵات و نەتەوە، ئەرک و مافی مرۆڤن و سنووریان تا ئاستی خۆبەکوشتدان و خەڵککوشتن دەچێ. چ عەیبەی تێدایە تۆ لە گوندێکی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوردستانەوە بەرگری لە کوردێک بکەی کە لە جەمسەری زەوی دەژێ، هەر لە بەر ئەوەی کوردە؟ ئەدی بۆ دەوڵەتێکی پێشکەوتوو، بە خەڵک و حکوومەتەوە بەرگری لە هاونیشتمانییەکی خۆیان دەکەن کە لەوسەری زەوی لێی قەومابێ؟ ئەدی بۆ مەسەلەکە هەر بوو بە مەسەلەی کورد، ناوناتۆرەی بۆ دادەهێندرێ و سنووری حەرام و حەڵاڵی بۆ دیاریی دەکرێ و بە دڵی داگیرکەری کوردستان دادەڕێژدرێ؟ ئەوەتا مامۆستا ئەو هەستەی نییە و حیزبەکانی تریش بەرانبەر ئەو، ئەو هەستەیان نییە بۆیە کە ئەمەریکاییەکان دەسگیریان کرد، باکیان نەبوو! جگە لە هەموو ئەوانە، دیسان دەیڵێمەوە کە زاراوەی نەتەوەپەرستی زاراوەیەکی هەڵە و داتاشراو و داهێندراوە و بە ملی کوردیاندا هێناوە تا بیری فراوانی کرێکارانی جیهان و موسوڵمانانی جیهان و پاراستنی یەکایەتی خاکی عیراق پەرە بسێنێ و چش لە چارەنووسی نەتەوەی کورد و دەریا خوێنە ڕژاوەکەی! نەتەوایەتی کورد لەوپەڕی توندوتیژیدا، ئەگەر پەرستنی بە باڵا نەبڕێ، لەوە تیناپەڕێ ئاواتی ئەوە بێ کە کورد وەک نەتەوەیەک لە سەر خاکی خۆیدا بە ئازادی بژێ و وڵاتەکەی نەبێتە پەرێزی بەرڵا بۆ هێزی داگیرکەران و دوژمنان، هەر ڕۆژەو بە جۆرێ خۆیانی پێدا بکەن و وێرانی بکەن... حاڵی کوردیش حاڵی فارس و عارەب وترک بێ و ئاڵای نەتەوایەتی لە سەر خاکێ کوردستاندا بشەکێتەوە و بکەوێتە ناو ئاڵای نەتەوەکانی جیهانەوە. نازانم کێ گوتوویەتی: "توندڕەویی ئەوە نییە نەتەوەی خۆتت خۆش بوێ، بەڵکو ئەوەیە خراپی قەومەکەت لە چاکی قەومەکانی تر پێ چاکتر بێ" و موحەممەدیش فەرموویەتی: توندڕەوی (تعصب) ئەوە نییە قەومەکەی خۆتت خۆش بوێ، بەڵکو ئەوەیە لە خراپەکاریدا پشتی بگریت. نەتەوەیی کورد، هەرگیز لە بارێکدا نەبووە تەماح لە خاکی خەڵک بکا و وەک میللەتێکی چیانشین گیانی فراوانخوازی نەبووە تا ترسی ئەوەمان هەبێ نەتەوایەتییەکەی وای لێ بکا بیابانەکان داگیر بکا و بچێ بە زۆر عەرعەر زەوت بکا و بیکوردێنێ! من پێم وایە میللەتێک خاکی داگیر کرابێ و لێی بێ دەنگ بێ، ئیمانیشی ناتەواوە. عەبدوڵڵا پەشێوییش پێی وایە هەر میللەتێک



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ولاتی سەربەخۆی نەبێ، کەرامەتیشی نییە. بە هەرحاڵ، من باوەڕ بە کەسێک ناکەم دژی بەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆی بوەستێتەوە، ئەگەر بەرماڵی بە سەر ئاویشدا بڕوا و هەرچییەک بێ، پردێکە و دەسکردی نامەردە! باوەڕم وایە هەتا کورد ژێردەستە و چەوساوە بێ و خاکەکەی داگیر کراوبێ، کوردایەتی کورد بەشێکی سەرەکییە لە عیبادەتەکەی و مرۆڤایەتییەکەی، بە بێ کوردایەتیش کەلێن دەکەوێتە دین و ئیمان و مرۆڤایەتییەکەیەوە. ئیدی نە موسوڵمانێکی تەواوە نە مرۆڤێکی تەواوە. نەک هەر ئەوە، ناتوانم حەجێکیش بە جائیز بزانم کە حەججاجەکەی بە سەر خاکی داگیرکراوی کوردستاندا و بە لای خەڵکی ڕەشوڕووتی کۆیلەدا بۆی بچێ و پارە بۆ نەوتفرۆشەکانی سعودییە بەرێت و بە پارەی زۆر مەڕ لە عارەبی سعودیە بکڕێ و گۆشتەکەی فڕە بدا. ئەوە دەڵێم و دەزانم نە مەلام نە زانایەکی ئاینیم تا فەتوا بدەم، بەڵام ئازاری ژێردەستەیی و کۆیلایەتی خۆم و نەتەوەکەم و خاکە داگیرکراوەکەم، دوور لە عەقڵ و هۆش و لێکدانەوەش بێ، هەر بە غەریزە زەرەر و قازانجی نەتەوەکەم پیشان دەدا و ناڕاستم لە ڕاست بۆ جیا دەکاتەوە. ئاخر برسێتی و سەرما و گەرما و ئازاری تێهەڵدان و سووکایەتی، چ پێویستیان بە تەفسیر و لێکدانەوە هەیە تا هەستیان پێ بکەین؟ بزانە مامۆستا مەسعود محەمەد چەند جوانی فەرمووە: کێشەی هۆشی مرۆ لەوەدا نییە کە تەفسیری دیاردەکانی پێ ناکرێ، بەڵکو لەوەدایە کە بە هەڵە تەفسیریان دەکا" بەڵێ ئاوها مامۆستا عەلی باپیر بە هەڵە تەفسیری نەتەوایەتی کوردی کردووە و بریا هەر نەیزانیبا تەفسیری چییە و بە هەڵە تەفسیری نەکردبا. لە سەردەمی منداڵیمدا، ئەو دەمەی یەک و دووی سەرەتایی بووم، بەڵام قورئانم خەتم کردبوو و خوێندەواریم هەبوو، پیرەمێردێکی نەخوێندەوار لە گوندەکەماندا هەبوو، کە خۆی بە خوێندەوار دەدایە قەڵەم، دەیگوت: دەزانن مەعنای (ذ) چییە؟ دەمانگوت: نا، نازانین. دەیگوت: (ذ) یەعنی ئەگەر ڕوعبە دیناریێکت پێ بوو ڕێیان لێ گرتی و ویستیان لێتی بسێنن، بیانکوژی قەتڵ نییە! کە تەمەنی ئێمە هەڵکشا و ئەو پیاوەش نەما، لە نێوان خۆماندا دەمانگوت دەبێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەفسیری لامەلفەلا لای ئەو پیاوە چی بووبێ! بە داخێکی گرانەوە هۆشی ئەوەمان نەبوو پرسیاری پیتەکانی تری لێ بکەین و لەو مەعریفەیە، مەوسووعەیەکی خۆش دابنێین.

ئەو تەفسیرە بە جێیە بەڵام چ پەیوەندی بە (ذ)ەوە نییە. تەفسیرەکەی مامۆستا عەلی باپیریش بە جێیە بەڵام پەیوەندی بە کوردەوە نییە و تاکە هەڵەیەکیش کە تێیدایە، هەر ئەوەیە کە هەڵەیە و خۆزگە باسی نەدەکرد!

مامۆستا عەلی باپیر (نەتەوەپەرستی) لە (ناسیۆنالست)ی ئەورووپاوە هێناوە بێ ئەوەی لە زاراوە ئەورووپاییەکەشدا باس لەوە بکا چۆنچۆناهی ئەو (ئست)ە ئەورووپاییە لە کوردیدا بووە پەرستن، لە کاتێکدا لە زاراوە ئەورووپاییەکەدا باسی پەرستن لە ئارادا نییە. ئەدی ئەگەر ئەو زاراوەیە بدەینەوە بە خاوەنی خۆی، چۆنی دەناسێتەوە؟. دەبوو مامۆستا هەوڵ بدا (ناسیۆنالیزم) حەرام بکا! بەڵام نا! وای کردبا، بەعسایەتیش حەرام دەبوو و بۆ عارەب، حەرام بوونی نییە! ئەوان گەورەن! ئەوان مەعسوومن! ئەوان ئاغای کوردن! ڕەزامەندی ئەوان پێوەری ئیمانداریمانە!!

ئەگەر ناسیۆنالست بە هۆی ئەو (ئست)ەوە پەرستن بپەڕێتە ناوی، ئەوا سوریالی دەبێتە سوریالپەرست و ڕاسست دەبێتە ڕاسپەرست و کیمیست دەبێتە کیمیاپەرست و فێمێنست دەبێت مێپەرستە ومەلایی دەبێتە مەلاپەرست و جەلالی دەبێتە جەلالپەرست... هتد، کە دوایی نایێ. بە ڕاستی ئاوها کاری وەرگێڕان ئاسان دەبێ بەڵام وێرانیش دەبێ. ئەدی بۆچی شێخ ئەدهەم بارزانی لە ژمارە ١٣٦ی ڕۆژنامەی میدیادا لەو دەمەدا کە دەمڕاستی حیزبوڵڵا بوو، دەڵێ: "حیزبوڵڵا حیزبێکی ئیسلامی و کوردییە، حیزبێکی ئیسلامی و نەتەوەییە"؟ بەمەش نە لە دین وەردەگەڕێ و نە لە کوردایەتی دەشۆرێ، بە پێچەوانەوە، ئەوەی ئەو دەیڵێ جۆشدانی کوردایەتی و ئیسلامەتییە و هەر نەبێ بۆ ئێستای کورد چاکترین دەربڕینە ئەگەر بگاتە ڕادەی داهێنانی مەزەبێکی سەر بە کوردیش، ئەوپەڕەکەی هێندەی شیعەگەرایی لادانە لە ئیسلام ـ کە ڕزقی زۆر لایەنی کوردی لە سەرە ـ و ئەویش لادان نییە، چونکە بۆ سەرفرازی غەدرلێکراوانی ناو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئیسلامی بندەستەی ئەسیادی قورەیشی سەرەتای ئەمەوییەکان و دوای ئەوان داهێندراوە. ئەگەر ئیسلام دوا پەیامی خوا بێ، خۆ ناکرێ یەکێ لە مەزەبەکانیش بە دوامەزەب دانرێ، وەک پێ دەچێ وا بێ. بەڵام کە بواری مەزەبی نوێ نەبێ، بواریان بۆ حیزبایەتی پەیدا کرد و حیزب جێی مەزەبی نوێی گرتەوە و خەرمان بەرەکەت!

ئەگەر بۆ سەرهێشەش بێ دەمەوێ بپرسم: ئایە کامەیان لای خودا خۆشەویستترە، ئیسلام یا موسوڵمانان؟ من پێم وایە ئیسلام، بە قورئان و پێغەمبەریشەوە، بۆ خزمەتی مرۆڤ هاتووە و بە بێ مرۆڤ ڕۆڵی خۆی لە دەست دەدا. ئیسلام بۆ بەرد و کەرتە شاخ و ئێسکی داینەسۆر چ واتایەکی هەیە؟ ئەگەر حەرەج لە سەر ئەعرەج نەبێ دیارە لە سەر حەجەریش نییە. لە بەر ئەوە، جێی خۆیەتی ئیسلام ببێتە کەرەسە و چەکی ڕزگارکردنی کورد و نەتەوەی تر لە کۆیلایەتی و داگیرکردن و سووکایەتی پێ کردن، وەک فارس و عارەب و ترک کردوویانەتە ئامێری داگیرکردنی خاکمان و سەرکوتکردنی خۆمان، ئەوجا کورد دەتوانێ خزمەتی بکا. کورد هەتا کۆیلە بێ، هیچ چاکەیەکی لەگەڵ ئیسلام و موسوڵماناندا پێ ناکرێ و هەر چاوەڕوانی (هات!)ە تا تێی تەقێنێ و دواییش یا لە پەناوپەسێوی شاخەکاندا دانیشێ و تووک لەو زاڵم و بکوژانەی خۆی بکا کە ئێستا بە برای دینی ناویان دەبا، یا لەودیو سنوورەکانەوە چاوەڕوانی (حاجی بووش)ێکی فریاڕەس، یا ئینقلابێکی سەربازی یا عافواتێک بکا... ئەمڕۆ نا سبەی... ئەگەر سەلاحەددین ژێردەستە و کۆیلە بوایە، نەیدەتوانی شەرەفی عارەب بکڕێتەوە و قودسیان بۆ ڕزگار بکا. کێ دەڵێ هەر ئێستا دە سەلاحەددین لە ناو کورددا نین، بەڵام لە بەر ئەوەی دەستوپێیان و تەنانەت هۆشیشیان بە زنجیری کۆیلایەتی و ژێردەستەیی شەتەک دراوە، ناتوانن فریای عارەبی ملکەچی ئیسرائیل بکەون و پێیان ناکرێ شەرەفی جوولەکەبردەیان بکڕنەوە؟! ئەگەر باوەڕیشمان بە کۆیلایەتی خۆمان نەبێ ناتوانین و نازانین هەوڵ بۆ ئازادی خۆمان و کڕینەوەی شەرەفی خۆمان بدەین، چجای کڕینەوەی شەرەفی خەڵکی دی!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاخر کۆیلەکانی ئیتالیا بیریان لەوە نەدەکردەوە ژیانێک لە دەرەوەی کۆیلایەتیدا بۆ ئەوان هەبێ، چونکە لە منداڵییەوە بۆ کۆیلایەتی گۆش دەکران و پاشەڕۆژی کۆیلایەتییان لە بەر چاو بوو. ئەوجا شەڕی کۆیلەکان هەر لە ناو ئەواندا بوو تا بە خوێنی خۆیان قەیسەر و دارودەستەکەی سەرگەرم بکەن. هەتا سپارتاکۆس، کە شۆڕشی کۆیلەکانی بەرپا کرد، پەیدا نەبوو چ بیر لە گۆڕانکاری نەریتی کۆیلایەتی نەدەکرایەوە، ئەگەرچی سپارتاکۆس سەرکەوتووش نەبوو. سپارتاکۆس ئەو قاڵبەی تێکشکاند کە کۆیلەکانی لە ناو خۆیدا جەڕاندبوو: نەخێر! خاوەن کۆیلەکانیش خوێنیان لە بەر دەڕوا و لە مردن دەترسێن!

ناتوانم باوەڕ بە مەلایەک بکەم بە سەددام بڵێ (عبدالله الصالح) چونکە ناساڵحی وەک سەددام لە سەر ڕووی زەویدا نابینم و لە مێژووشدا، ئەگەر لە وێنەی هەشبووبێ، دەگمەنە. کە مامۆستا عەلی باپیر سنوور بۆ کوردایەتی کورد دادەنێ، با جارێ لەگەڵ ئەوانەدا پێک بێ کە بە سەددام دەڵێن سالح. ئایە سەددام ساڵح بوو یا ناساڵح؟ ئەو بڕیارە لەپێشترە لەوەی کورد تەکفیر بکرێ، بە تایبەتی بۆ مەلای کورد. نەتەوەیی کورد، ئاوها باشتر گوێ لەو مامۆستا بەڕێزە دەگرێ. بیری نەتەوەیی کورد بیری ڕاسیزمی ئەورووپایی نییە تا ڕایبگەیەنین دژی فلانە ڕەنگی مرۆڤ و فیسارە ڕەگەز و فلانە ئاینە. تەنانەت کوردی نەتەوەیی ڕقی خۆی بەرانبەر بێ تاوانانی میللەتە داگیرکەرەکانیش دەرنەبڕیوە. ئەوەتا نزار خەزرەجی ئەنفالچیشمان خستۆتە سەنگەری کوردایەتییەوە و کورسییەکی کوردیشمان لە کۆنگرەی لەندەن دایە سەرۆکی پێشای موخابەراتی عیراقی و موخابەراتییەکمان کردە ڕاوێژکار!!... ئەوەتا دەسبەرداری مافی نەتەوایەتی خۆمان دەبین و دەچین بەغدا بەڕێوە دەبەین و لەشکرێکی بۆ دروست دەکەینەوە کە زۆر نابا بۆ تاڵان و کوشتنی خۆمان دەگەڕێتەوە! لێبوردەیی لەوە زیاتر! نانەتەوەییانە لەوە زیاتر! کە سەربازە عارەبەکان، ئەوانەی ئەنفالیان کردین، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەدا لێیان قەوما، خەڵکی کورد پەنایان دان. ئەوان ئەنفالیان کردین، ئێمە تێر و پۆشتەمان کردن و بەڕێمان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کردن. لێبوردەیی لەوە زیاتر مامۆستا! ڕاسستەکانی وڵاتی سوید لەگەڵ ئیسلامییە عارەبەکاندا، لەوەدا یەکیان گرتبۆوە کە هەردووڵا دژی جوولەکەن و پۆلیس، بە تۆمەتی ڕاسیزم، گەلێ بێنە و بەرەی پێ کردن ڕادیۆیان بە عارەبەکان داخست. سەیر نییە ئیسلامی و ڕاسستی ئەورووپا لە ئامانجێکدا یەک بگرنەوە، کەچی هەردوو لایان دوژمنایەتی کورد بکەن؟ لە ڕاستیدا، ئەوەی خۆی بە میللەتی هەڵبژاردەی خوا دەزانێ و میللەتانی تریش بە کەم دەگرێ و وەک خزمەکار و موالی خۆی حسێبی بۆ دەکا، ڕاسستە و ئەوەی بە هۆی ئاین و باوەڕ و ڕەگەزەوە ڕقی لە یەک میللەتی تەواو بێ، ئەو شێوە ڕاسستەیە کە مامۆستا عەلی بە حەرامی دەزانێ. دیسان دەیڵێمەوە: کە ئیمامی عەلی ویستی عارەبی ناقورەیشی لەگەڵ قورەیشدا یەکسان بن، عارەب لە دەست زوڵمی دەستڕۆیشتوانی قورەیش دەوریان لێ دا، بەڵام قورەیش دژی وەستانەوە. ئاخر قورەیش خۆیان بە ئەسیاد و ئەشراف دەزانی و بەرانبەریشیان کۆیلە و نائەشراف. عارەبی ناقورەشیش حەزیان لێ بوو لەگەڵ قورەیشدا هاوشان بن. دوایی کە عەلی ویستی هاوسانگییەک لە نێوان عارەبی موسوڵمان و موسوڵمانی ناعارەبدا دابنێ، عارەبەکان ڕازی نەبوون و پشتیان بەردا چونکە خۆیان لە موالییەکان بە شەریفتر دەزانی. ئا ئەمەیە ڕاسیزم کە عەلی مەزن دژی بوو و لە دژایەتیکردنیدا دەستی لە دەسەڵات و ژیان بەردا، کە برینداریشیان کرد فەرمووی: "فزت و رب الكعبة!" ئا لەبەر ئەوەیە گوتراوە: "ئەو ئیسلامەی بۆ محەمەد هات، لەگەڵ عەلیدا نێژرا".

ئەگەر ئەو ئیسلامە نێژرابێ، هەر ئەوەی بۆ مامۆستا عەلی باپیر لێ ماوەتەوە کە ئەمەوییەکان حەزیان دەکرد بمێنێتەوە و بەشی ئەوە دەکا، مامۆستا، لە ڕێگایەوە نەفرەت لە میللەتی خۆی بکا. ئیمامی عەلی قسەیەکی جوانی هەیە کە پڕ بە پێستی کوردە: داوای بێ دەنگی لەو کەسە مەکە کە لە ژێر لێداندا هاوار دەکا، بەڵکو لێدانەکەی لە سەر لابەرە تا بێدەنگ بێ! با مامۆستا داوا لە داگیرکەرەکانمان بکا دەسبەرداری کوشتنمان بن نەک کورد بە (نەتەوەپەرست-عبدة الأمة) و زاراوەی داتاشراوی لەو بابەتە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تۆمەتبار بکا. ئەگەر ئەو کتێبەی مامۆستا عەلی باپیر بە عارەبی و دژی دەسەڵاتی عارەبی شۆڤیەنی بنووسرابا، خزمەتێکی گەورەی بە کێشەی کورد دەکرد و ڕەنگە یەک دوو عارەبیش، خوا هیدایەتی دابان. بەڵام نا، مەگەر مامۆستا شێخ عومەر غەریب کاری وای لە دەست بێ.

هەندێ لە زانایانی ئیسلام لە مێژوودا ژیانی ئەو خەڵکەیان شێواندووە کە خاوەنی بیرکردنەوەی خۆیانن و مافی ئەوانەشیان پشتگوێ خستووە کە بیرکردنەوەیان سنووردارە. فەتوای کوشتنی حەللاجیان دا و سەریان بۆ خەلیفەی فەحلی ڕەوە جارییە شۆڕ کرد. بۆ نموونە، لە سەر زینا و چاوبڕکێ و نێربازی، بەرانبەر هەژاران و بێ دەسەڵاتان توندوتیژ بوونە و سزای بەردباران و جەڵدەیان داون، بەڵام لە سەر هەمان تاوان، ئەوپەڕکەی سەرزنشتی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەدەکانیان دەکرد. دەوڵەمەند و خەلیفە، بە سەدان و هەزاران جاریە و مەملووک و لووسکەیان هەبووە و ناشەرعی نەبووە، بەڵام کە یەکێکی دەرەوەی بازنەی خەلیفە چاوبڕکێیەکی لەگەڵ جارییەکانی خەلیفە کردبا، وای لە حاڵی! متەوەکیل چوار هەزار جارییەی لە کۆشکەکانیدا ڕاگرتووە و ئەو کەسەی لە دەرەوەی کۆشک تەماشای کردبان، بە تۆمەتی نەزەر سزا دەدرا. لە سەر نەزەری جارییە سزا و خاوەندارێتیشی هیچ! کە سەلاحەددین چووە کۆشکەکانی فاتمییەکانەوە، لە دوانزە هەزار کەسی دانیشتووانی کۆشکەکان، تەنها خەلیفە، خۆی و کوڕەکانی تێیاندا نێرینە و فەحڵ بوون. جارییەکانی هاروونەڕەشید لە حیساب نەدەهاتن. ئەوانە جاریە و لووسکەیان هەبووە و هەزار کاری ناشەرعییان کردووە و زۆربەی زاناکان بێ دەنگ بوونە، چونکە بە بێ دەنگیکردن، ئەلف ئەلف دەرهەمی خۆیان وەرگرتووە. عەلی وەردی لە (وعاظ السلاطین)دا دەڵێ: هەندێ لە زاناکان جیاوازی لە نێوان (لواط)ی مەملووک و نامەملووکدا دەکەن. جووتبوون لەگەڵ منداڵی نامەملووک (ئازاد) سزاکەی کوشتن یا بەردباران بووە بەڵام ئەوەی لەگەڵ مەملووکدا جووت بووبێ، تەنها سەرزەنشت کراوە. بزانە مەملووک گەیەندراوەتە چ ئاستێکی دامێن و هەمووشی لە بەرژەوەندی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەسەڵاتداراندا بووە و بە ناوی شەرعیشەوە حوکمیان کردووە. لە سەر کاری وا، بە دەسەڵاتدار گوتراوە: لاکەوە عەمرت نەمێنێ! بەڵام ئەوانی دی کوشتن و ڕەجمکردن! ئەرێ ئیسلام وا دەڵێ؟ من نەمزانیوە ئیسلام وا بێ و ئەگەر وا بێ، هەرە مەزنەکانی مێژووی ئیسلام دەکەونە ژێر پرسیارەوە!

بەڵێ ڕاستە ئەو دەسەڵاتدارانە مزگەوتی گەورەیان دروست کردووە و خزمەتی زانایان و خوتبەدەرانیان کردووە، بەڵام ئەوانەشیان لە پێناوی خۆیاندا کردووە و لەو مزگەوتانەوە دوعای چاکەیان بۆ کراوە و ناویان بە گەورەی قەوم هێندراوە. بەڵێ ڕاستە گوێیان لە قورئان گرتووە و خوێندوویانە، بەڵام هەر کە لە جەماعت دابڕابن، دەستیان کردۆتەوە بە کاری ناشەرعی... (لواطە) و خواردنەوە و ئاهەنگ و سەمای کەنیزان. خۆ ئەگەر (خەڵک لە سەر ئاینی دەسەڵاتدارانن) ڕاست بێ، دەبێ ماڵی خەڵکی دەوڵەمەند، وەک ماڵی لێپرسراوەکانی ئێستای کورد، پڕ بن لە کەنیزە و لوسکە و شەراب و عارەق و بە وێنەی ڕووت برازێندرێنەوە و باسوخواسی حیجاب و خۆپارێزی درۆ دەرچن و ئەو میللەتەی کە تابعی ئەوانن وەک ئەوان بکەن! سەرنج نادەن (لووسکە و کەنیزە و شەراب و خۆراکی نایاب و...) هەموویان کەرەسەی بەهەشتن و لە کۆشک و تەلاری دەسەڵاتدارانی ئەمەوی و عەبباسی و سەددام و ئەمانەی خۆماندا هەن؟! دڵی نەدارانیش بەوە خۆش کراوە کە بەهەشتیان دەبێ. مامۆستا مەسعوود محەمەد لە بارەی مارکسییەکانەوە دەڵێ: ڕابردوو و پاشەڕۆژ دەدەنە کرێکاران و (ئێستا)ش بۆ خۆیان.

بە ڕاستی، لە کوێ زوڵم زۆر بێ، زاڵم لەوێ مزگەوتی زۆر و گەورە و شکۆمەند دروست دەکا. هەر دەڵێی مزگەوت هێمای زوڵم و دزییە وا لە سەردەمی ئەواندا مزگەوتی گەورە بنیات دەنرێن. با هەر تەماشای مزگەوتەکانی لای خۆمان بکەین و مەنارەکانی بە باڵای زوڵم و دزیکردن بگرین، بزانین ئاخۆ کامەیان بەرزترە! پەیامبەر لە سەر حەسیر دادەنیشت و نوێژی دەکرد. عومەر، لە ناو عارەبدا بە عادیلانە حوکمی کرد و لە سێبەری دار خورمادا دەخەوت. بەڵام سەددام مزگەوتی عەجایەبی دروست



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکرد و وەک جرج، تەنانەت لە کاتی دەسەڵاتیشیدا، لە بن زەوی دەژیا و هەر خەریکی خۆتەقەتکردن بوو و هەر جێی بە خۆی نەدەگرت. ناوی خودای دەهێنا و دوعای دەکرد، بەڵام دەیان هەزاری لە دانیشتوانی بە ناو وڵاتەکەی خۆی ئەنفال کرد و هەزارانیش لە برساندا قۆڕەی زگیان دەهات و تەنانەت ئەو مەلایانەی لە ژێر دەسەڵاتی خۆشیدا نەبوون، کرکەیان نەدەکرد. کوا دەنگی نارەزایی زاناکان؟ نا، زاناکان لەو مزگەوتانەدا سوودمەندی (ئێستا) بوون بۆیە بێ دەنگ بوون، با زەرەرمەند و شەرمەزاری قەیامەتیش بووبن!

ڕەنگە مامۆستا عەلی باپیر و خوێنەرانیش بڵێن: جا تاوانی ئیسلام لەوانەدا چییە؟ بەڵام من ڕەخنەم لە ئیسلام نەگرتووە و داوا لە خودا دەکەم ئەو بێ ڕێزییانە لە ئیسلامدا نەبن. من لە زانا ئاینییەکانی کورد بە دەنگ هاتووم و لە بواری مەسەلەی کورددا دەستیشم لە ئاینییە ناکوردەکان شوشتتوە. مێژوو لێوالێوە لەو بابەتانە و زاناکان لێیان بێ دەنگن و من باس لەو بێ دەنگییەیان دەکەم. نەمبیستووە هیچ حیزبێکی ئیسلامی لە کوردستاندا، کلیلی بەهەشت بە (صک الغفران)ی مەسیحیەکان بشوبهێنێ یا کوردکوشتنی ئیسلامییەکان مەحکووم بکا، چونکە ئەگەر شتی وا بکەن بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسییەوە و کە بەرژەوەندیش ڕەچاو کرا، هەقخوازی دەکەوێتە بنەوە. کاتێ نەجمەددین ئەربەکانی تورکیا دەسەڵاتی هەبوو و سوپای ترک بە ئاگر و ئاسن کەوتبووە گیانی کوردی موسوڵمان و جەندرمە سەری کوردیان دەبڕی و وێنەیان بە سەرەکانیانەوە دەگرت و پێدەکەنین، حیزبە ئیسلامییەکانی کورد (یا هەندێ لەوانەی سەر بەو حیزبانە بوون) خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی کە حیزبێکی ئیسلامی لە تورکیا دەسەڵاتی هەیە. ئەربەکانیش دەیگوت: "ئەگەر ئەتاترک زندوو بێتەوە دەنگ بە حیزبەکەی ئێمە دەدا" ئەدی ڕاستگۆیی مەلاکانمان لە کوێ مان؟ من نەتەوەییم، بەڵام هەرگیز ناتوانم لە ئاستی تاوانکاری هیچ نەتەوەییەکی کورددا بێ دەنگ بم. من نەتەوەییم و سەگ حوکمی تورکیا بکا یا مەلایەکەت، بیرکردنەوەی من لە سەر ژیانی کوردی بندەستەی ترک



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناگۆڕێ. ئەدی ئیسلامییەکان چۆن بێ دەنگ دەبن؟ بکوژ موسوڵمان بێ، ئیتر ڕاستەوخۆ کوژراو دەبێ بە کافر؟

ئەمانە نانیان لە سەر ئیسلامە بۆیە داهێنان دەکەن و دەزانن کەی بە دەنگ بێن و کەی کڕ بن. مەسەلە نانەکەیە نەک هەقخوازی و ناهەقی. خۆیان دەزانن چۆن زاراوەی ناسیۆنالیزم دەکەنە کوردی و کەی بە لایدا ناچن. پیشە، کە درێژەی کێشا، بە ڕاستی داهێنانی تێدا دەکرێ و مەلایەتیش بۆتە پیشە چجای بکرێتە حیزبایەتی و سیاسەتی پێ بکرێ و بە بەرگەکەی خۆیەوە بخرێتە تویێ پرۆگرامێکەوە!

مامۆستا عەلی باپیر هەوڵ دەدا هەستی نەتەوایەتی کورد لاواز بکا تا ئیسلام پێش بکەوێ. کە لاوازیش بوو، دەشێ لاوازتر و لاوازتر بکرێ تا دەگاتە سنووری نەمان. پێشنیار دەکەم: تورک تورکایەتی و فارس فارسایەتی و عارەب عارەبایەتی خۆیان لاواز بکەن و جوو جوولەکایەتی خۆی لاواز بکا و موسوڵمان ئیسلامەتییەکەی لاواز بکا و مەسیحییەکان مەسیحایەتی خۆیان لاواز بکەن و چەپەکان کەمێ لە مارکس دوور بکەونەوە... ئیدی، هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن! واتە چەند لە موحەممەد و عیسا و مووسا و مارکس و خاک و نەتەوە دوور بکەوینەوە، باشتر پێکەوەهەڵدەکەین. وا دەبێ، یا هەر کورد لە سەریەتی هەستی نەتەوایەتی خۆی بمرێنێ؟!! ئەگەر دەستوودامانی مەحاڵ بین و ئەوانە کران، فەیلەسووفەکان توندڕەوانە دەست بە چمکی کەوای فەلسەفەوە ناگرن و لێمانی ناکەنە دین؟! خۆ جووەکان لە ناو خۆیاندا، توندڕەوانە تۆلستۆیی و (دۆستیۆڤسکی)یان هەبوو، جگە لە ڕێبازە فکرییەکانی دی!

## فەوتاندنی نەتەوە

مامۆستا عەلی لە لاپەڕە ٥٤ی کتێبەکەیدا دەڵێ: "**هەر کەسێ بیەوێ نەتەوەیەک بفەوتێنێ دژی ویستی خوای کاربەجێ هەنگاوی ناوە**".



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەس نەیگوتووە وا ئێمە بۆ قڕکردنی کورد هەنگاو دەنێین، بەڵام بە بەر چاومانەوە هەنگاویش نراوە. هەنگاونانی ترکی عوسمانلی بۆ قڕکردنی ئەرمەن، فەتوای قڕکردنی ئێزدییەکان و شەڕی کوردکوشتن، هەنگاو بوون بۆ لەناوبردنی نەتەوە... بەڵام تۆ بڵێی ئیسلامییەکی وەک مامۆستا، کە نەتەوایەتی لە میللەتەکەی خۆی بە زیاد دەگرێ، بەرگری لە ئێزدیەکان و ئەرمەن بکا!

کام یەک لە ترک و فارس و عارەب هەوڵی کوردقڕانی نەداوە و کام زانای ترک و فارس و عارەب بەرگری لە کورد کردووە و گوتوویەتی: "هەر کەسێ بیەوێ نەتەوەیەک بفەوتێنێ دژی ویستی خوای کاربەجێ هەنگاوی ناوە"؟. چ نهێنییەک لەوەدا هەیە کە هەر ئەم مامۆستا کوردە ئەم نهێنییە گەورەیەی ئیسلام دەدرکێنێ و مەلای ترک و فارس و عارەب بە لایدا ناچن و ئەم مەلایەی ئێمەش، ناچێ بەوان بڵێ، بەڵکو هەر بە خۆمانی دەڵێ. نەدەکرا ئەمەی بە عارەبی گوتبا؟ خۆ هیچ کام لەو میللەتە باڵادەستانە باسی ئەوەی نەکردووە نەتەوەی کورد دەفەوتێنێ، چونکە بە نەتەوەشی نازانن! ئەم قسەیەی مامۆستا، نە زەرەر بە پەزی ئەوان دەگەیەنێ نە نانێکی بۆ کورد تێدایە. دەبێ ئەو میللەتانە نەزانن فەوتاندنی نەتەوە دژی ویستی خوای کاربەجێیە یا تەفسیری تر بۆ ئەو شەڕانە دەکەن کە دژی کورد بەرپایان دەکەن و دەڵێن قەومی لوتیش قەوم بوو و خوا فەوتاندی و دوای بڕییەوە. عیراق، لەوەتەی دامەزراوە خەریکی کوردکوشتنە و تاکە یەک ڕژێمی نەبوو دەستی بە خوێنی کورد سوور نەبووبێ و ئێستاش کورد بە هۆی کوردبوونەوە دەکوژن... دەسا خوام لەو خوایە کەسێک بە جلی کوردییەوە یا بە ئۆتۆمبیلێکەوە کە ژمارەی شارێکی کوردستانی پێوەبێ دەچێ بە عوزێمدا! بزانە فەتوابڕی دەکەن یا نایکەن! عارەبی عیراق کێیان ماوە حوکم بگرێتە دەست و نەمانکوژێ و زاناکانیان پشتیان نەگرتبێ هەتا بەتەمایان بین، یا کام زانای ئاینییان هەبووە لە خوتبەدا کوردکوشتن حەرام بکا؟ نا، تەنانەت تاڵانکردنی مەڕی کورد حەرام بکا؟ بەڵێ، کاتێ کورد ناکوژن دەرەقەتی نەیەن، ئەو کاتەش



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کورد لە بری ئەوەی هەوڵی ڕێکخستنی ماڵی خۆی بدا، بە برا برا دەچێتە بن باڵییەوە و بۆ گیانی خۆی ڕاستی دەکاتەوە. چما لە گفتوگۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەعسدا، یەکێتی نەیانگوت: "بەڵێ سوپای عیراق پێویستی بە پشوو هەبوو و ئێمە لە پشتەوە خەنجەری لێ  نادەین"؟ چەندین ساڵە و هەتا ئێستاش عارەبی ئاینبرامان لە سەر خاکی کورددا ژیاون و دەژین و زەویوزاری کوردیان بەکار هێناوە و دێنن، کەچی نە لە سەردەمی بەعسدا کەس فەتوای حەرامکردنی ئەو داگیرکارییەی دا نە ئێستا بە لایدا دەچن. پێم وایە مامۆستا هۆی ئەو بێ دەنگییە دەزانێ بەڵام خۆی لێ نەبان دەکا. ئێمە خۆمان موالییان بین و هی ئەوان بین، بۆچی خاک و ماڵ و شەرەفیشمان هی ئەوان نەبن؟ بەڵێ بە پێی ئەو شەرعەی ئەوان باوەڕیان پێی هەیە، ئێمە خۆمان هی ئەوانین چجای زەوی و ماڵمان! ئێمە کۆیلەی ئەوانین و کۆیلەش خاوەنی هیچ نییە! نەک هەر ئەوە، ئێستاش کە ئێستایە عارەب دێنە کەرکووکەوە و ئەو کارانە تەواو دەکەن کە سەددام بە نیوەچڵی بەجێی هێشتن. جەعفەری، کە سەرەکوەزیرێکی ئیسلامی بوو، بۆ تاوانەکانی سەددام داوای لێبوردنی لە ئێران کرد، بەڵام مردین و سوتاین، داوای لێبوردنی لە کورد نەکەرد. گوتیان: خۆ ئێمە ئەو تاوانانەمان ئەنجام نەداوە... ئەوە بەعسییەکان بوون! ئاخر کورد بە هەموو شتێک ڕازییە و کرە دەکا و خۆی بە شایانی ئەوە نازانێ داوای لێبوردنی لێ بکرێ. ئەوانە ئاینبرای منن؟ تەنانەت عارەبە بەرهەڵستکارەکانی سەددام کە هێشتا دەسەڵاتیان نەبوو، نەیاندەتوانی باوەڕ بێنن کە کورد مافی ژیانی سەربەخۆیی هەیە یا هەر نەبێ داگیرکردنی شار و گوندەکانمان حەرام بکەن. ئەمانە، چەند لەگەڵ حوسێندا ڕاست بوون، هەر ئەوەندەش لەگەڵ ئێمەدا ڕاستن. دڵیان لەگەڵماندایە و تەعریب و ئەنفال و کیمیاییەکانیان لە بان سەرمانن. باقر یاسین لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا شتێکی لەم بابەتەی گێڕایەوە: "نوێنەری حوسێن چووە کووفە و هەزاران کەس لە پشتییەوە نوێژیان کرد. ئەویش هەواڵی لایەنگری خەڵکی بۆ حوسێن نارد. دوایی کە لێیان قەوما، یەک ماڵ لە کووفەدا نەبوو داڵدەی ئەو نوێنەرەی حوسێن بدا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کە ئیمامەتی کردبوون و بە هەزاران لە دوایەوە نوێژیان کردبوو. لە یەکەم شەڕی جیهانیشدا، ئێوارێ پەیمانی پشتگیرییان بە لەشکری عوسمانی دا، نیوەشەویش، بە پاڵپشتی ئینگلیز قشڵە و بنکەکانی لەشکری عوسمانییان تاڵان کرد. من پێم وایە خەڵکی ئەو دەڤەرە و تەنانەت هەموو ئەوانەی ڕەگیان بۆ نیوەدوورگەی عارەب دەگەڕێتەوە، ئێستاش هەمان خەسڵەتیان هەیە و لە هەمان ئەو کاتەدا کە بەیعە دەکەن و بەڵێنی لایەنگری بە لایەنێک دەدەن، پیلان بۆ کوشتن و تاڵانکردنی هەمان ئەو لایەنە دادەنێن. بەوەش ناسراوون هەرچییەکی هەیانە دەیخەنە بەر دەستی مێوان، بەڵام کە مێوانەکە ڕۆیشت ڕێی لێ دەگرن و ڕووتی دەکەنەوە. عاەب خۆیان، نیوەی دووەمی ئەو خەسڵەتەی خۆیانیان لە خۆهەڵکێشانی حاتەمانەدا لابردووە و هەر باسی نیوەی یەکەم دەکەن! ئیمامی عەلی بە بەلاش بە خەڵکی عیراقی نەگوتووە: "خۆزگە نەمدیتبان و نەمناسیبان!" منیش بە دوای ئەو مەزنەدا هەمان ئەو گوتەیە دەڵێمەوە. ئەرێ بەر لە هاتنی شەڕی عیراق و ئەمەریکا چ بەڵێنێکیان بە کورد دا و دوای ڕووخاندنی سەددام چ هەڵوێستێکیان بەرانبەر کورد هەبوو؟ مەشعان جبووری لە سەرەتاوە چی دەگوت و دوایی چۆن بایدایەوە؟

حەججاج کەعبەی دایە بەر مەنجەنیق، کەچی بیانووی ئەوەیان بۆ هێنایەوە کە دوای ئەوە بینای کردۆتەوە. جگە لەوەش ١٢٠ هەزار کەسی کوشتووە و ئیمام و زاناکانی سەردەمی خۆی، دوعای سەرکەوتن و تەمەندرێژییان بۆ کردووە و بە (خوا لێی ڕازی) بێ ناویان بردووە. من لە مامۆستا دەپرسم: ئەگەر کوردێک، بە مەبەست، بەردێک لە هەولێرەوە بەرەو کەعبە بهاوێ، بە تۆمەتی کافربوون فەتوای کوشتنی نادەن؟ معاویەش کە کوڕی ئەو ژنە بوو جگەری هەمزەی خوارد، قەت ئەوەی بیر نەچووەوە کە عەلی و هەمزە باپیر و خاڵیان کوشتووە و دایکیشی تا مرد بۆ برا و باوکی ڕەشپۆش بوو. بە ڕاستی ژنی وەک هند، هەر دەبێ کوڕی وەک معاوییەی لێ بکەوێتەوە. ئیمامەکان داوای تەمەندرێژی و سەرکەوتنیان بۆ ئا ئەوە لە خودا دەکرد و بە درێژایی حوکمی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەمەوییەکانیش لەعنەتیان بۆ عەلی دەنارد. لەو باوەڕەدام هەرچی حەدیسێکی لاواز هەیە لەو سەروبەندەدا لە بەر خاتری دەسەڵاتدارە ئەمەوییەکان داتاشراوون و داهێندراوون، بۆیە زاناکان، ئەگەر نەشتوانن لە دەست ئەو حەدیسانە ڕزگار بن، ناوی (زەعیف)یان لێ ناوون. لە ناو کوردیشدا هیچ زانایەکی گەورە و ئازای وەک خانی و حاجی قادر و مەلای گەورە و... بەم دواییەش شێخ مەعشووقم نەناسیوە. ئاخر چۆن بە دوعای مەلایەک بڵێم ئامین لە ناوچە پارێزراوەکان خوتبە بدا و دژی عەبدوڵڵا پەشێوی کورد فەتوا بدا و مەعاشیشی لە ڕژێمی بەعس وەرگرتبێ یا لە کۆبوونەوەی بەعسییاندا ئامادە بووبێ؟ چۆن دڵم بە قسەی ئیمامێک یا مەلایەک یا هەر کەسێک پاراو بێ کە وەک دز، لە سەردەمی بەعسدا بە دزییەوە چووبێتە کەرکووک و لەوێ پشتگیری خۆی بۆ سەددام دەربڕیبێ و خۆی لە چاوی کامیرا شاردبێتەوە؟ ئەم بابەتە مەلایانە بەعسی نەبوون؟ گوێ لە فەتوایان بگرم؟ نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە مرۆ، بەر لەوەی مرۆ بێ دڕندەیە و بەر لەوەی شارستانی بێ کێوییە، دڕندە و کێویش، دڕندانە و کێویانە بەرگری لە هێلانە و کولانەی خۆیان دەکەن و مرۆ کە بووە مرۆ بە دوای یاساگەلێکدا گەڕا کولانەی بۆ بپارێزێ و بەچکەی نەخورێ. ئیدی ئەو یاساگەلە لە ئیسلامدا دۆزرانەوە تا مونافیق پەیدا بوون و ئیسلامیشیان کردە یاسای ڕەوا بۆ داگیرکردنی کولانەی خەڵکی تر و خواردنی بەچکەی خەڵکی تر، چونکە لە هەموو باوەڕێکدا بایی ئەوە کەلێنی تەفسیر هەیە لایەنی چاوچنۆکی و ڕۆحزلی و خواستی دەسەڵات و حەز و ڕابواردنی مسۆگەر بکا. موالییەکان، دوای ئەوەی چوونە ڕیزی ئیسلامیشەوە هەر جزیەیان دەدا و پلەیان لە ئاستی عارەبەکاندا نزم بوو و هەزارەها کیژیان بە تالان بران و بۆ عەسکەرە عرەبەکان حەڵاڵ بوون تا ئەوەندەیان منداڵ لێ کەوتنەوە، شاعیرێکی عارەب بێزار بوو و گوتی:

إن اولاد السراری کثروا یا رب فینا
ربی اسکننی بلادا لا اری فیها هجینا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

واتە: خودایە، منداڵی ژنە تاڵانکراوەکان لە ناوماندا زۆر زۆر بوونە. خودایە لە وڵاتێکدا نیشتەجێم بکە خەڵکی دوورەگی تێدا نەبێ. ڕەنگە تاڵانکراو پڕ بە پێستی وشەی (سراری) نەبێ چونکە سەراری بەو ئافرەتانە دەگوترا کە کراونەتە هاوسەفەر و هاودەمی سەربازەکانی لەشکر و چییان ویستبێ لێیان کردوون. ئەمە، جگە لە سەردەمی غەزاکان، کە ئەوەندەیان ژن لە ناوچەی جەلەولا تاڵان کرد و بردیانن بۆ مەککە و دوایی ئەوەندەیان منداڵ لێ کەوتەوە و کەس خۆی بە خاوەنیان نەکرد، شاریان ناخۆش کردبوو. کە عومەری کوڕی خەتاب ئەو هەموو منداڵانەی دیت بە کۆڵانەکاندا تەراتێنیان دەکرد، گوتی: "اللهم اعوذ بک من شر اولاد الجلولیات". واتە: خوایە لە شەڕی منداڵی ژنە جەلەولایی بمپارێزە!. ئەمەم لە کتێبی (کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلامکردنی کورد)دا خوێندەوە کە ماستەرنامەی کاک شوان عوسمانە و دوایی کاک هیوا سەلام بە کتێبێک کە ناوی (کورد لە نێوان بە ئیسلام کردن و بە ئیسلام بووندا)ی لێ نابوو، وەڵامی دایەوە، کەچی نە بە چاک نە بە خراپ، بە لای ئەو قسەیەی عومەردا نەچووە. ڕەنگە کاک هیوا لە دڵەوە خۆزگەی خواستبێ عومەر شتی وای نەگوتبا!... دوایی هەموو ئەو منداڵانەی کە لەو ژنە تاڵانکراوانە کەوتنەوە، یا زۆربەیان، چوونە لەشکرەکەی ئیمامی عەلییەوە و دوایان برایەوە.

تەماشا! خۆیان دەستدرێژییان دەکرد و هەر خۆشیان لە منداڵی ئەو ئافرەتە ڕفێندرا و تەعەددا لێکراوانە وەڕس بوون، چونکە ژمارەیان زۆر بوو و شاریان لێ ناخۆش کردبوون. باشە خودا کاری ئاوهای حەڵاڵ کردووە؟ من پێم وایە هەر وەک ئاژەڵ تەماشای ئەو ژنانە کراوە دەنا دەبوو، هەر نەبێ دەستریژی کردنە سەریان بە زینا حسێب بوایە. بۆچی بە زینا حسێب نەبوو؟ من ئەم پرسیارە ئاڕاستەی مامۆستا عەلی باپیر دەکەم و لێشی دەپرسم ئاخۆ جووتبوون لەگەڵ حوشتردا، لەو دەمەدا بە زینا حسێب کراوە یان نا؟ ئەگەر زینا نەبووبێ، هەر لە ڕووی بە ئاژەڵزانینی ژنە موالیەکانەوە ئاوها ئەتکیان کردوون و باسی زیناش لە ئارادا نەبووە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەر وا نییە چ تەفسیرێک بۆ ئەو هەموو دەستدرێژییە دەکرێ کە کراوەتە سەر ژنە موالی یا ناموسولمان و جارییە و مەملووک؟ سەربازەکانی ستالین، لە ڕزگارکردنی ئەورووپای ڕۆژهەلاتدا دەستدرێژییان کردە سەر هەزاران ژن و تەنها لە ئەلمانیا دوو ملیۆن ژنیان ئەتک کرد، کەچی ستالین بەرگریی لەو سەربازانە دەکرد و گوتی: قەیدی چییە، لە شەڕدا زۆر ماندوون! تۆ بڵێی مامۆستا عەلی باپیریش بەرگرییەکی وا لە سەربازە مەسولمانەکانی ئەو دەمە نەکا تا بۆ ئەم سەردەمەش بیبێتە بیانوو؟

سالی ١٩٩٩ لە سوید، ماوەیەک لەگەل عارەبێکی بەسرایی پانتۆلکورتی ڕدێن درێژی سەر بە ڕێکخراوێکی ئیسلامی، لە کارگەیەکدا کارم دەکرد. لە دەمەتەقێیەکی نێوانماندا گوتی: "أخي الاكراد من الموالين! واتە: برام، کورد لە موالییەکانن!" قسەکەی ئیمامی شافعیم بیر کەوتەوە کە عەلی وەردی دەیگێڕێتەوە (عوبال بە ئەستۆی ئەوەی گێڕاویەتیەوە): دارەمەیتێکی دیبوو دەیانبرد بۆ گۆڕستان، گوتبووی: "ئەگەر قورەیشی بێ پشتم شکا، ئەگەر عارەبی موسولمان بێ لە قەومم چوو، ئەگەر موسولمانی ناعارەب بێ، خودا دەیدا و خودا دەیبا" و کوردیش مەزەبی ئەوی هەلبژاردووە. کەچی تورکەکان، لەبەر ئەوەی ئیمامی ئەبو حەنیفە ئەو مەرجەی دانەناوە خەلیفەی موسولمانان عارەب بێ، چوونە سەر مەزەبی ئەو.

ئەوەی ڕاستی بێ، خوێنم بەو قسەیەی کابرای بەسرایی هەلچوو و بە توورەییەوە گوتم: یەعنی دوای ١٤٠٠ سال، کورد هەر موالییە و موسولمان نییە؟ یەعنی ئێستا، کە من یارمەتیت دەدەم و کارەکەت فێر دەکەم، موالی جەنابتم؟! ئەگەر وا بێ، بڕۆ من هەر موسولمانیش نیم! ئیدی لەو ڕۆژەوە، مەرحەبای خواسایشمان نەما. دوایی لە پرسەی کوردێکدا لە شاری پیقلەی سویددا دیتم و دەبینم لەوێش سووکایەتی بە کورد دەکا. کە کوردەکان لە سەر ڕێوڕەسمی خۆیان فاتیحایان دەخوێند، ئەو نەک هەر نەیدەخوێند، بەلکو ڕیزیشی نەدەگرت و لە سەر قسەی خۆی بەردەوام دەبوو. دوایی لە سەر ئەو بێ ڕێزییە، خوا هەقە کوردە موسولانەکان تڕۆیان کرد.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە لاپەڕە ٢٧ی (علل الشرائع)ی شیخ الصدوقدا هاتووە: باب ٣١٠ العلة التي من أجلها يكره مخالطة الاكراد. ابي رحمةالله قال: حدثنا سعد ابن عبدالله عن احمد بن محمد عن علي بن الحكم عمن حدثه عن ابي الربيع الشامي قال: سألت ابا عبدالله (ع) فقلت له ان عندنا اقواما من الاكراد يجيئون بالبيع و نبايعهم فقال: يا ربيع لا تخالطهم فان الاكراد حى من الجن كشف الله عنهم الغطاء فلا تخالطهم.

ئایە ئەگەر کەسێک ئاوها باس بکرێ و تەماشا بکرێ ئاسوودە دەبێ؟ مرۆ چۆن لەگەڵ خەڵکانێکدا هەڵدەکا خاوەنی ئەو عەقڵ و هۆشە بن؟ با سەرچاوەکەش هەڵبەستراو بێ، خۆ پەیڕەوانی کتێبەکە باوەڕیان پێی هەیە و پێی سەرمەست و بەدمەستن! ئێمە دەزانین گۆشتمان حەرامە، بەڵام دەڵێی چی خەڵک هەبن حەڵاڵیان کردبێ!

ئیبن خەلدوونیش لە بەرگریکردنی لە (عەبباسە)ی خوشکی ڕەشیددا شتێکی لەم بابەتە لە پێشەکییە بەناوبانگەکەیدا دەڵێ: "... چۆن جەعفەری کوڕی یەحیا دەکاتە زاوای خۆی و شەرەفی عارەبی خۆی بە مواڵییەکی عەجەم پیس دەکا..." و لە جێیەکی تردا دەڵێ: "چۆن عەقڵ دەیگرێ ڕەشید بەو هەموو هیممەتەی خۆیەوە مواڵییەکی عەجەم بکاتە زاوای خۆی؟"

دەبێ بزانین موالی لایەنگرە نەک خاوەن مەسەلە. جاشموسوڵمانە و دەبێ باج بدا. موالی مافی ئەوەی نییە لە لەشکردا سوارە بێ یا سەرکردە بێ یا ببێتە ئیمام... خۆ ئێستاش هەمان بەزمە و هەموان دەزانین لە سەردەمی بەعسدا و پێشتریش: کورد بۆی نەبوو ببێتە فڕۆکەوان و سەرکردەی لەشکر و لە کۆلێژی پۆلیس و سەربازی و تەنانەت پەروەردەش وەرنەدەگیرا! لە وەزارەتەکانیشدا و لە کاتی گفتوگۆ و ڕێکەوتندا، کورد دەکرایە وەزیری دەوڵەت و ئاودێری و شتی سەلامەتۆکەی لەو بابەتانە. ماوەیەکی دی دەبینین چۆن جێ بە وشیار زێباری و ئەو وەزیرە کوردانە لەق دەکرێ کە جێی مەیلەو هەستیاریان لە حکوومەتدا هەیە. دەتانەوێ تەها محێدین مەعروف ناتانەوێ موقەبا!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

عارەب، هەتا ئێستا ئێمە بە موالی دەزانن بەڵام بە هۆی ڕاهاتنمانەوە نایهێنینە سەر خۆمان. نا بابە، شتی وا نییە و ئێمە لە عیراقێکی فیدرالدا براین! گوێتان لێیە یەک عارەب ئەو ڕستەیە بڵێتەوە؟ موسیبەت لەوەدایە خۆمان باوەڕمان بە جاشموسوڵمانێتی و گچکەیی و کۆیلایەتی خۆمان هەبێ و بە لامانەوە ئاسایی بێ. لەو بارەدا، بە لامانەوە ئاسایی دەبێ ژنە کورد بفرۆشرێن و ئالوویریان لە سەر بکرێ، چونکە عارەب خاوەنمانن... خاوەنیانن. پێم خۆشە مامۆستا عەلی باپیریش کورد بە موالیێ بزانێ تا بزانم لەگەڵ کێدا دەمەتەقێم هەیە و کێ بەرانبەرمە!

ئەوە بۆچوونی عارەبێکی بەسرایی ئەوروپانشین و زمانزان و موسوڵمان و دژە سەددام بوو، کە وڵاتەکەی، یا ڕاستتر، شارەکەی، سەتان کیلۆمەتر لە کوردەوە دوور بوو و چ کێشەی زەویوزار و لەوەڕگەی حوشتری لەگەڵ کورددا نەبوو و کەری کورد نەچۆتە لەوەڕگەیەوە و وەک ئێمەش دەربەدەر بوو! ئیتر کوردی هەشبەسەر چ هیوایەکی بەو برا موسوڵمانانە هەبێ و چۆن مامۆستا عەلی باپیر تێیاندەگەیەنێ کە موسوڵمانەتی وا نابێ؟ تێگەیاندنی ۳۰۰ ملیۆن عارەب و بە عارەببوو کە کورد بە خزمەتکاری بابی خۆیان نەزانن کاری حەزرەتی فیلە! هەمووشیان دەزانن عومەری کوڕی خەتاب کۆیلەکردنی ژنە عارەبی لادەر و مورتەد و مەسیحیشی ناجایز کردووە تا (عیزز)ی عارەب پاریزراو بێ، بەڵام بۆ ژنی موالییەکان نا. هەرچۆنێ بێ، کاری وا بە کەسێک ناکرێ کە نەتوانێ سێ چوار ملیۆن کۆیلەی کوردی بن دەستی عارەبی عیراق لە چەوساندنەوە ئازاد بکا، چجای لە ناو ئەو سێ چوار ملیۆنەشدا کەمینەیەک بێ و کێشەی گەورەی ئەوە بێ بیسەلمێنێ نەتەوایەتی کورد ناشەرعییە! ئاسمان دوور و زەوی سەخت! نازانم بۆچی ئەم مامۆستا بەڕێزە ملی بەعسایەتی عارەب و تۆرانچێتی ترک ناگرێ! کەسی دەست ناکەوێ بە گژیدا بچێ یا ئەوە ئەرکی دنیایی سەر شانی و کلیلە بۆ دەرگای بەهەشتی سەرزەمین؟

لە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەیی (بە داخەوە تا ئێستا نەمخوێندۆتەوە) لە خۆپیشاندانی ئافرەتان (خوشکان)ی هەولێردا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گوێم لە هیتافێک بوو، وێکڕا دەیانگوت: "چیتان دەوێ ئەی خوشکان... ڕیسوابوونی مەریوان!" بە ڕاستی جێی سەرسوڕمانە ئافرەتی کورد، کە تا ئێستاش کڕین و فرۆشتنیان لە سەر هەڵنەگیرابێ، چ خەمیان نەبێ ڕیسواکردنی نووسەرێکی نەتەوەکەی خۆیان نەبێ، کە دڵنیام زۆرینەشیان کتێبەکەیان نەخوێندبۆوە، با ئەو نوسەرە لە سەنگەری دژە خوداشەوە کتێبەکەی نووسیبێ! ئاخر (استغفرالله) خوا ئەوەندە لاوازە مەریوان هەڵەبجەیی بیڕووشێنێ! دینێک ئەوەندە بێ ڕوکن بێ بە کتێبێک بە لادا بێ و بە هیتافی ئێوە ڕەگ داکوتێ، خوای دەکرد ناگاتە سبەی! ئاخر خوشکی من، تەمەنی ئیسلام ١٤٠٠ ساڵ زیاترە و هەزاران کتێبی لە سەر نووسرا و قەت هیچی لێ نەهات، بۆ وا ئەترەشتان لە مەریوان هەڵەبجەیی چوو و واتان لێ کرد، ئەوەی کتێبەکەی نەدیبێ ببێتە مەراقی و کون بە کون بە دوویدا بگەڕێ؟! ئەی خوایە دەبێ چی بێ! ئێوەش وەک ژنە کوردە کۆمۆنستەکانی سەردەمی قاسم، چۆن هاواریان دەکرد "چیتان دەوێ ئەی بەرزاز... ئیعدامی سەعید قەززاز" هەر بە کورد دەوێرن! دە دوعایەکیش لە فڕۆکەوانە ترکەکان بکەن و بیانخەنە خوارێ! ئاخر دوو دیاردەی ئاوها وا دەکەن داوە موویەک لە نێوان موسوڵمانەتی کورد و کۆمۆنستییەکەیدا هەبێ و هەردووکیشیان دژی نەتەوایەتی کورد بن! ئاخر چ کێشەت نییە مەریوان هەڵەبجەیی نەبێ؟! بۆ نەختێکیش هیتاف بۆ گێڕانەوەی کیژە فرۆشراوە ئەتککراوەکانی گەرمیان نادەن، کە دەستەخوشکی خۆتانن؟! بۆ هیتاف دژی ئەوانەش نادەن کە باوکە پیرەکەم و برا شیرەخۆرەکەم و خوشکە سێزدە ساڵانەکەی منیان برد بۆ سنوورەکانی سعوودیە و لە شیحیات بەندیان کردن؟ دەزانن کە بەردران، برا شیرەخۆرەکەم، کە ئێستا دکتۆرە، دەگریا و دەیگوت: "با بچینەوە بۆ ماڵ خۆمان!" و وای دەزانی ماڵەکەیان، لەوەتەی دنیا هەیە لە شیحیات بووە! دەزانن ئێستاش کە ئەو خوشکەم دەبینم و ناوچەوانی ماچ دەکەم، لە ئاستیدا هەست بە شەرم دەکەم، ئەگەرچی من هۆی ئەو گرتنەشیان نەبووم. بەرانبەر ئەوانەش هەست بە چاوشۆڕی خۆم دەکەم کە بە مەلهاکانی میسر فرۆشران. ئەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێوە؟! ئاخر هەموویان خوشکی منن! ئەدی چی ئێوەن؟! ئێوە کە بۆ ڕیسواکردنی نووسەرێکی کورد خۆپیشاندان ساز دەکەن و هیتاف دەدەن، ئەو کیژانەی میسر بە خوشکی خۆتان مەزانن نەک خوانەخواستە شەرەفتان پێیان لەکەدار بێ و هەست بە چاوشۆڕی بکەن! بە ڕاستی، ئەوانە بۆ من زۆر لە ئێوە خوشکترن!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## سوود و زەرەری نەتەوایەتی لە بواری پیشەسازیدا

مامۆستا عەلی باپیر لە لاپەڕە ٨١ی کتێبەکەیدا دەڵێ: **سەرمایەدارە زلەکان و خاوەن کارگەکان بۆ پاراستنی بازاڕی نێوخۆ تاکو بەرهەمە پیشەسازییە خۆماڵییەکانیان ساغ بکەنەوە، زۆر سوودیان لە بیری نەتەوایەتی وەرگرت چونکە لەو ڕێیەوە هەست و نەستی خەڵکیان دەبزواند کە هەر شتی خۆماڵی بکڕن و بە چاوی سووک تەماشای بێگانە بکەن ئەگەر چاکتریش بێ.**

ئەمە پێداهەڵدانی سیاسەتی نەتەوایەتییە یا شکاندنەوەی؟ دەبێ مەبەستی ئەوە بێ کە (بۆ نموونە) ژاپۆنیەکان، بۆ ئەوەی ناسیۆنالست نەبن، نەفرەت لە بەرهەمەکانی خۆیان بکەن و لە بری تیۆتا حوشتری سعوودی یا (جی ئێم سی)ی ئەمەریکایی بکڕن؟ ئاخر هەر قازانجێک کە بە کۆمپانیای تیۆتا دەگا، ڕێژەیەکی دەچێتە خەزینەی حکوومەتی ژاپۆنەوە و لەوێشەوە، دەخرێتە خزمەتی نەخۆشخانە و قوتابخانە و فێرگەکانەوە. بۆچی تیۆتایان پێ چاک نەبێ؟ ئێمەی کورد، چونکە ئەو هەستەمان نییە، بەرهەمی تورک و فارس، هەر لە ماست و پەنیرەوە بگرە تا دەگاتە هەموو پێداویستییەکی ناو ماڵ، بازاڕی کوردستانی داگرتووە و وەرزێرەکانی خۆمان هاواریان لێ هەستاوە. ناشێ مامۆستا عەلی باپیر ئەم سیاسەتەی بۆ حکوومەتی هەرێم دانابێ! ئەمە دەکرێ تا (نەتەوەپەرست!! عبدة الامة)ی کورد زیاد نەکەن و (نەتەوەپەرستیی!! عبادة الامة) گەشە نەکا؟! ئاخر هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی هەبن، گەنمی قەراج و ماستی هەولێر و تەماتەی گەڕاو و نەوتی کەرکووک و خورمای خانەقی و ترۆزی خاسە و هەرمێ و گوێزی باڵەکایەتی و هەورامان، جێ بە کەرەسەی تورک و فارس و عارەب لەق دەکەن و وەرزێری کورد باری گوزەرانی باشتر دەبێ! هەر ئەم بۆچوونەیە وای کردووە لە کۆبوونەوەی سیاسەتمەدارانی کورددا، ئاوی (هەیات)ی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تورک لە سەر مێزەکان دادەنێن و ڕیکلامی بەلاش بۆ ئاوی تورک دەکەن! چما کوردستان بۆتە عەرعەر یا (ربع الخالي) و ئاو قاتە! چەند خۆش دەبوو گەنجێکی کورد بە سوراحییەکەوە ئاوی بە ناو ئەندام پەرلەمانەکاندا بگێڕابا، هەر بۆ ئەوەی پێمان بڵێن: ئێمە ئاوی (هەیات) ناخۆینەوە!

برادەرێکی نووسەر لە سوێدەوە گەڕابۆوە بۆ کوردستان و میوانی هەندێ لە ڕووناکبیرە بەرپرسەکان بوو، گوتی: "ئاوی تورکییان دانا و من نەمویست لێی بخۆمەوە. شاگردەکە، کە قەت شتی وای لە کەس نەدیبوو، سەری سوڕمابوو. من دەمگوت لە بۆڕییەکە ئاووم بۆ بێنە دەیخۆمەوە، ئەو بە دیارمەوە وەستابوو و باوەڕی نەدەکرد". ئاخر لوتکەی دەسەڵاتدارانی کورد ئاوی تورکی لە سەر مێزی کۆبوونەوەکانیاندا دانێن و ڕیکلامی بۆ دەکەن، ئیدی چۆن کادیرەکان ئەو ئاوە (هەیات)ە تێکەڵی ئۆزۆی ترکی ناکەن و نۆشی ناکەن؟ ئەگەر لێپرسراوانی کورد ئەو تەرحە ڕیکلامانەیان نەکردایە و یەک دوو لاوی کورد بە جەڕە و کوندە ئاوی بۆ بهێنابان، بە برژانگی چاووم بەر پێیانم دەماڵی! بەڵام ڕاوێژکارەکانیان دەیانەوێ ئاوها کەسایەتییان بەهێز بکەن و ئەوانیش وایان پێ خۆشە بۆیە ڕاوێژکاری وایان هەیە.

(باسێکی ئەوین و تاریکی) کتێبێکی بیرەوەری ڕۆمانئاسای (ئاموس ئوز)ی جوولەکەیە و خەریکی وەرگێڕانیم، ئاوها باسی بەرهەم و کەرەسەی ئیسرائیلی و بێگانە دەکا: "یاسایەکی توند بۆ نەکڕینی بەرهەمی نائیسرائیلی هەبوو. ئایە ئەگەر بەرهەمی عارەب بکڕین خیانەت نییە لە زایۆنیزم؟ ئەگەر نەیکڕین، غەدر نییە لەو عارەبە؟ ئەرێ پەنیری عارەب هی ناوخۆیە یا دەرەکی؟" بزانە بۆ کڕینی سەلکێ پەنیر چ لێکدانەوەیەکی هەیە و جوولەکە تووشی چ ئازارێکی ویژدان دەبێ! ئێمەی کوردیش، بە کڕینی بەروبوومی دوژمنی خۆمان، وەرزێری نیشتمانی خۆمان برسی دەکەین! خۆ ئەگەر تەماشایەکی ڕێڕەوی پارە لە لای جوولەکە و کورد بکەین، دەبینی پارەی ئەوان لە دەرەوە بەرەو ناو ئیسرائیل ڕێچکە دەبەستێ و پارەی کوردیش، لە کوردستانەوە بۆ بانکەکانی دەرەوا! خەنیی لە خۆت



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مامۆستا... نە سیاسەتمەدارانمان سوود لە هەستی نەتەوایەتی کورد دەبینن، نە سەرمایەدار و نە بازرگان و نە مەلاکانمان!

لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا قوماشێکی عیراقی زۆر خراپ هەبوو - دیارە هەر بە مەبەست - ناوی (وەتەنی)یان لێ نابوو. ئەو قوماشە بۆیە ئەو ناوەی لێ نرابوو، هەرچی بەرهەمی (نیشتمانی – وەتەنی) هەیە، لەگەڵیدا بەرانبەر بەرهەمی بێگانە ڕسوا بێ و بەرهەمی ئەو دەمەی بێگانەش، هەر ئینگلیزی بوو. ئەمە پێچەوانەی مەترسییەکەی مامۆستایە و دیارە گەلێ باشە! مادام شکاندنەوەی بەرهەمی نیشتمانی لە نەتەوایەتی بدا و دژی بەرژەوەندییەکانی بێ، چاکە! مامۆستا، ئەمە چ فەلسەفە و بۆچوونێکە و دەتەوێ بڵێی چی؟ باوەڕ ناکرێ مرۆ بۆچوونی ئاوهای بەرانبەر نەتەوەی خۆی هەبێ! ئەو سەرمایەدارەی پێی حەرامە فایزی پارەکەی لە بانکی ڕۆژاوا وەرگرێ، ئەو فایزە بۆ بانک دەهێڵێتەوە و بانکی ئەمرۆی ڕۆژاواش بە ناحەز دەزانێ، ئاوهاش خێری پێ دەگەیەنێ و پارەی دەداتێ. لەم جۆرە حیسابانەدا، بە ملیارد قازانجی خۆڕایی بەو خۆرئاواییانە دەگا، کە بەربەرەکانییان دەکەن. ئەمە چ لێکدانەوەیەکە و عەقڵییەتی ئاوها لە کوێ سەردەکەوێ و چۆن پێشدەکەوێ و چۆن ململانێی خۆراوایەکانی پێ دەکرێ تا هیوای ئەوەمان پێی هەبێ بەرەو ڕزگاریمان ببا؟! هەموو جیهان بۆتە یەک بازنەی حەرام و دەبێ لە ناو ئەو بازنەیەدا بە دوای حەڵاڵدا بگەڕێین، دەنا ناتوانین بەشداری گەمەکان بکەین و لە ئەنجامدا، دەبێ ئیسلام بگێڕینەوە ناو ئەشکەوت. بکشێینەوە ناو ئەشکەوتی شانەدەر یا حەرامەکانی ئەم سەردەمە بخۆین؟! ئەرێ بە ڕاست: مەعاشی ئەندام پەرلەمانەکانمان حەڵاڵە؟!!

بەش بە حاڵی خۆم، ئەگەر بەرهەمی نیشتمانی هەبێ، یەک دەرزییەک، ئەگەر زۆر زۆر زۆر چاکتریش بێ، لە بێگانە ناکڕم با ئەو بێگانەیە خەڵکی مەککەش بێ. تا ماستی دەستی ژنە دزەیی وەستابێ سندان لە یۆگورت و مۆگورتی تورکی و ئێرانی بدا. بەڵام بە داخەوە ئەوەندەمان بەرهەم نییە پێداویستییەکانمان پڕ بکاتەوە و ناچارین، ئەو کەرەسانە بکڕین، کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گومانیشمان لێیان هەیە ژەهراوی بن! هیوادارم ئەو ڕۆژە بێ پێویستیمان بە مازدا و ماکینتۆش و ئێریکسۆن و هیچ یەکێ لەو کۆمپانیا جیهانیانە نەبێ و کەرەسەی خۆمان بازاڕەکانمان پڕ بکەنەوە و بەشێ لە خێری ئەو کۆمپایانەش بخرێتە خزمەتی میللەتەکەمانەوە. جا با من خراپەکار و گوناحبار بم کە دەیانکڕم و بیری نەتەوەییش ئەو خیانەتە گەورەیەی لێ بوەشێتەوە! پەککووو... پێم خۆشە نموونەیەک بۆ مامۆستا بهێنمەوە تا ڕادەی شانازی نەتەوەیی خەڵکی دی دەربخەم: لە سوێد، بە دەگمەن فیلمی ئەمەریکی پیشان دەدرێ، بەشەرێک یا دیمەنێک یا بەرهەمێکی سویدی تێدا نەبێ. زۆر جار ئەو بەرهەمەی کە پیشان دەدرێ، جا با بۆ دوو چرکەش بێ، ئۆتۆمبیلی ڤۆڵڤۆیە. من لەو باوەڕەدام پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی مامۆستا عەلی باپیر بەرەو سەرەوەریمان دەبا و سەرەوەریش حەرام نییە!

هەر لە هەمان لاپەڕە ۱۸۱دا دەڵێ: **سەرمایەدار و خاوەن کارگەکان سوودیان لە بیری نەتەوایەتی وەرگرت ئەویش ئەوە بوو کە بە هۆی وروژاندنی هەست و نەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەوە کارێکی وایان کرد کە خەڵکەکە بە دەوڵەمەند و هەژار و چەوساوە و چەوسێنەرەوە پاڵ لێکبدەن و لە بەرانبەر بێگانەدا بوەستن...**

دەمەتەقێی چی بکەم؟! بیری نەتەوەیی کاری ئاوها مەزنی پێ دەکرێ؟ ئەمەی کە کردوویانە چاکە یا خراپ؟ چاک چییە و خراپ چییە؟ چاک بۆ کێ چاکە و خراپ بۆ کێ خراپە؟ ئەوجا ئەگەر هەر میللەتێک وا نەبووبێ داگیرکراوە و کورد بۆیە ژێردەستەیە وای نەکردووە و دیارە دەمێکە پیاوانی ئاین ئاوهایان ڕێنمایی کردووە بۆیە تا ئەمڕۆش ڕێبازی ڕزگاربوونی خۆی نەدۆزیوەتەوە. پێویستە ئێستا، بەڵێ هەر ئێستا، ئەگەرچی درەنگیشە، کورد وا بکا تا لە کۆیلایەتی ڕزگار بێ. دەوڵەمەند بە پارە و هەژار بە ڕەنج و ئازا بە خوێن و پیرەژن بە دوعا و مەلا بە شەرع و فێڵباز بە فێڵ و تەڵەکەبازی خۆی، شانبەشانی یەک و دژی دوژمنی کورد بوەستینەوە، جا هەرکێ دەبێ با ببێ. جا بزانە ئاڵای سەربەخۆییمان دەشەکێتەوە یا نا! خۆزگە هەر ئێستا موسوڵمان و کافر و کۆمۆنست و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەتەوەیی کورد، وێکڕا شانیان دەدایە بەری و هەوڵی سەربەخۆییان دەدا و بە یەک هێز بەرەنگاری داگیرکەران دەبوونەوە، جا با مامۆستا عەلی باپیر، کە نازانم ئەم قسانە لە بەر خاتری چی و کێ دەکا، ڕازی نەبێ! لەگەڵ داوای لێبوردنمدا لەو مامۆستا بەڕێزە، بە ڕاستی بۆ داگیرکەرانی کوردستان و چەوسێنەرانی کورد، ئەم وشانە، هەر حەرفێکیان گەوهەرێکە، چونکە پێچەوانەی یەکگرتنی توێژاڵەکانی کوردن. بۆ من، ئەگەر ڕیچاردی شێردڵی ئینگلیز زندوو بێتەوە ولە ئەنفالچییەکی عارەب، با موسوڵمانیش بێ و با ڕەگیشی بگەڕێتەوە سەر حوسێنی کوڕی عەلی، ڕزگارمان بکا ڕازیم و ئەگەر لە هەندێ باردا تەیەمموم و گۆشتی مردار لە موسوڵمانان حەلاڵ بن، لە هەندێ بواریشدا یارمەتی دیندوژمنیش ڕەوایە و ئەنفال و کیمیاوی ڕەوای نەکەن، چی ڕەوای دەکا؟! بە هۆی شەڕ و ترس و کوشتاری دەیان ساڵی بەدووی یەکدا، هەموومان ناسروشتین و ژیانی ئاسوودەییمان نەدیوە، هیچ نەبێ با نەوەکانی داهاتوومان ئاسوودە و سروشتی بن و بە ئاگری تەفسیری هەڵەی ئێمە نەسووتێن!

ئەگەر هەموو کورد وەک مامۆستا عەلی باپیر بیر بکەنەوە و میللەتی خۆیان پشتگوێ بخەن یا بە هەڵەیدا ببەن، بەڵام لە ناو هەموو عارەبدا دوانی وا پەیدا نەبن چی بکەین و چۆن ٣٠٠ ملیۆن عارەب بە ئێمە عاقڵ دەبن تا بە موالیمان نەزانن و کڕین و فرۆشتن نەخەنە سەر ئافرەتی کورد؟ کوڕە بابی بابم من موالی نیم و موسوڵمانم! فایدەی نییە. وەک مارکسیەکان دەقی تیۆرییان هەیە: مادام موسوڵمانم و عارەب نیم، کەواتە موالیم. باوەڕیش ناکەن، ئەوە کتێبەکانی خەیروڵڵا توڵفاحی خاڵی سەددام. ئەگەر نەمەوێ موالی بم، دەبێ شعووبی بم و دەبێ موسوڵمان نەبم، ئەگەر موسوڵمانیش نەبم، ئەوا مورتەددم! موالی دەفرۆشرێ و مورتەددیش دەکوژرێ و کولله بەیاز و قەپات و دووشەش تۆپی! نە ئەهلی هەق موالین نە ئێزدییەکان و نە مەسیحییەکان. تەنها ئێمەی موسوڵمانی ژێردەستە موالی عارەبین!

گوتیان کابرایەک لە چۆلەکە دەترسا. پێیان گوت:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

"بۆ لە چۆلەکە دەترسیت؟"

گوتی: "وەڵا دەترسم بمخوا"

گوتیان: "چۆلەکەیەکی بچکۆلە چۆن تۆی پێ دەخورێ؟"

گوتی: "ئاخر وا دەزانێ گەنمم"

گوتیان: "کورە نا نا، تۆ کوا گەنمی؟!"

گوتی:"من خۆم دەزانم گەنم نیم، بەڵام برۆن قەناعت بە چۆلەکە بێنن کە بە گەنمم نەزانێ"

ئێمەش موسوڵمانین، بەڵام برۆ قەناعەت بە عارەب بێنە بە موالیمان نەزانن. باوەڕ بە جیهانی عارەبی بێنە بە کافرمان نەزانن و ئەنفالکردنمان حەڵاڵ نەکەن. زەرقاوی، کوردی بە زایۆنی پێناسە کرد و کەسیشمان لێی بە دەنگ نەهاتین. با ئەو مەلایانەی فەتوای کوردکوشتنیان دەردەکرد، لە فەتوایان ژیوان ببنەوە و تۆبە بکەن. با مەلاکانی خۆمان، ئەوانەی فەتوای کوشتنی شاعیر و هونەرمەندی کوردیان دەردەکر، فەتوایەکیش لە دژی زەرقاوی دەر بکەن!

ئەگر دەشڵێن سەددام بێ دین بوو و حاکمی تر وانابن، یەکەم: ئەدی ئەو زانایانەی کە دوعای تەمەندرێژییان بۆ سەددام دەکرد و بە (عبدالله الصالح) ناویان دەبرد، درۆیان دەکرد؟ مەلا و درۆ!! دوومیش: یەک حاکمی عیراقیم بۆ بێنە دەسەڵاتی بە سەر کورددا ڕۆیشتبێ و کوردی نەکوشتبێ و مەلای عارەب دوعای سەرکەوتن و تەمەندرێژییان بۆ نەکردبێ. ئەدی ئەمەی ئێستا عولەمای سوننە و موقتەدا و... هەر هەموویان بەرەو ڕێیەکەی سەددام ناڕۆن؟ نەخێر، یەک حاکمم لە سەردەمی ئەمەوییەکان و عەبباسییەکان و عوسمانییەکاندا بۆ بدۆزەوە بە پێی شەرع و ئاین ڕەفتاری کردبێ و شەوی سووری نەبووبێ و خەڵکی بێ تاوانی ئەشکەنجە نەدابێ و لەماڵی موسوڵمانان (الف الف دەرهەم)ی نەدابێتە چاوەش و سەماکەر و شایەری دەرباری خۆی. چاوەڕوانی چی و کێی تر بین و بە تەمای کێ و کەنگێ بین؟ ماوەتەوە ئیمامی زەمان بێت و فریامان بکەوێ و سوێند بخوا کورد گەنم نییە! بزانە موسوڵمانە ناعارەبەکانی تر ئەو کێشەیەیان هەیە کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێمە پێوەیان دەتلێینەوە! ئەوان، لە دەرەوەی دەسەڵاتی عارەبدان و ئەو کێشەیەیان نییە!

که ئەم نووسینە دەنووسم و بە هەندێ سەرچاوەدا دەگەڕێم، بەو قەناعەتە دەگەم کە هەق لە مەودای نێزیکدا و تەنانەت لە دنیادا نابێ سەرکەوێ. سروشتی مرۆ وایە کە سەر بۆ دڕ و خوێنڕێژ شۆڕ بکا و لە ئاشتیخواز و پیاوی سەلامەتۆکەی بێ دڕک هەڵگەڕێتەوە و گوێ لە قسەی نەگرێ و هەقگۆ بە دەردی عەلی و حوسێن و حەللاج بچێ و سەرکەوتن بۆ کوڕی جگەرخۆری هەمزە بێ. ئەگەر وا نەبوایە دەبوو ئیمامی عەلی سەرکەوێ یا هەر نەبێ موسوڵمانانی سەردەمی ئەمەوی بۆ لەعنەتی عەلی (ئامین)یان نەگوتبا. ئەگەر هەموو زانایانی ئیسلام بەرانبەر زۆردار یەکڕا بوایەن و یەک هەڵوێستی هەقخوازانەیان هەبوایە، ئێستا ئیسلام شتێکی دی دەبوو و موسوڵمانانیش لە بارودۆخێکی تردا دەبوون و ئێمەی کوردیش ژێردەستە نەدەبووین. یا کورد هەزاران جاش و بەعسی و سیخوڕ و فایلڕەشی دژی میللەتی خۆی تێدا هەڵنەدەکەوتن، هەر لە بەر ئەوەی بەعس زۆردار و چنگ بەخوێن بوو و هەقی پان دەکردەوە و مەلاکانیش داوای تەمەندرێژییان بۆ سەددام دەکرد. یا ئەبو زەڕ، کە زانایەکی هەقگۆ بوو و دژی معاویە قسەی دەکرد و لایەنگری هەژاران بوو، نەدەبوو کەس بتوانێ نەفی بکا. پیاوی وەک ئەو و وەک شاکیر فەتتاح و شەهیدێکی وەک شێخ مەعشووق خەزنەوی لە کوێ بێنم کە گوێ بە مردن نەدەن و بە گژ زۆرداراندا بچنەوە و سەروەریی دنیا و (بە باوەڕی من) قەیامەتیش بۆ خۆیان دابین بکەن؟ دەڵێن ئەبوو زەڕ، ڕووبەڕوو بە معاویەی گوتووە: "ئەو کۆشکانەت لە کوێ بوون؟ ئەگەر بە پارەی خۆت دروستت کردبن، ئیسرافە و ئەگەر بە پارەی دەوڵەت دروستت کردبن خیانەتە" بەڵام هەتا یەکێکی وەک ئەو و وەک شاکیر فەتتاح هەڵدەکەوێ، هەزاران ترسنۆک لە هەموو سەردەمەکاندا، بۆ ئەو کۆشک و تەلارانەی لە بەری ڕەنجی ڕەعیەی موسوڵمان دروستیان کردوون، پیرۆزبایی لە معاویەکان دەکەن. ئەرێ ئێستا ئەبو زەڕێک هەیە باسی کۆشک و تەلاری ئەوانە بکا کە پەراوێزی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەسەڵاتن، نەک دەسەڵاتداران، خۆیان؟ ئەوەتا ئەبو زەڕی هەقگۆش سەرکەوتنی دنیایی بە دەست نەهێنا و بە ئێمە چی کە ڕۆژی قەیامەت جەنابی لە بەهەشت دەبێ و لە بەر حۆرییان ناپەرژێتە سەر شیر و هەنگوین؟ ئەگەر هەموو زانا ئاینییەکان دژی زۆرداران بوایەن، باوەڕ ناکرێ لە هیچ شوێنێکی جیهانی موسوڵماناندا زاڵمێک دوو ڕۆژ خۆی گرتبا و ئاوهاش موسوڵمانان نەدەبوونە پاشکۆ و چەککڕی ڕۆژاوا و جەللادی موسوڵمانان. بەڵام وەک لە کتێبی (القوادون والسیاسة)دا هاتووە: (هەمیشە کۆمەڵێ زانا و ڕۆشنبیری بنڕیشەی سوودمەند و نانخۆری دەسەڵاتداران و خوێنڕێژان پەیدا دەبن، ڕۆڵی گەووادی بۆ دەسەڵاتداران دەبینن تا ئەگەر بە نوکتەش بێ، دڵیان خۆش بکەن و ئاسوودەیان بکەن. لەم بابەتانە، وەک پێکوڕەی کوللە بە بەر چاومانەوە زیاد دەکەن و لە هەموو سەردەمێکدا هەن). ئەوەتا دەڵێی باسی وڵات و بنڕیشە و زانا و دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێمە دەکا!

بزانە بابی کازانتزاکیس چۆنچۆنی تەمێی کوڕەکەی خۆی دەکا: "دەمەوێ ببیتە پیاو. بە داخەوە تۆ بۆ خوێندن خولقاویت نەک بۆ چەک. هەوڵ بدە خۆت ڕۆشنبیر بکەیت تا لەو ڕێیەوە کریت ڕزگار بکەیت. ئەگەر ڕۆشنبیرییەک کریت ڕزگار نەکا، تێی هەڵدە. ئەگەر نە بە ڕۆشنبیری کریت ڕزگار بکەیت نە بە چەک، چاکتر وایە پاڵ بکەویت و بمریت!" دیارە ئەو دەمە کریت لە ژێر دەسەڵاتی تورکی عوسمانیدا بووە.

من دەزانم مامۆستا باپیر ئاوها تەمێی منداڵی خۆی ناکا، بەڵکو فێری دەکا، کە دەست بە نان خوارد دەکا چی بڵێ و کە لێ بووەوە چی بڵێ و کاتێ دەچێتە ئاودەست کام لاقی لە پێشدا بهاوێ و بڵێ چی و کە هاتە دەرێ چی بکا و بڵێ چی و بەهەشت چ مێوەیەکی تێدایە و دۆزەخ چ کارەساتێکە. بەڵام من، هەمیشە هەوڵم داوە، ئەگەر بە کەموکورتیش بێ، ئەو قسانە بۆ منداڵی خۆم بکەم کە بۆ کازانتزاکیس کراون. بە ڕاستی، ئەگەر ڕۆشنبیری و دینداری و زانایی تاکەکانی کوردیش نەبنە هۆی ڕزگاری نەتەوەیی کورد، بە کەڵکی چی دێن و بۆ چی باشن؟ من لە لایەن



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆمەوە هەموویان ڕەت دەکەمەوە... من کە کۆیلەیەکی زەلیلی بەر دەستی داگیرکەران بم، چم داوە لە قسەوباسی دۆن کیشۆتانە کە تیایاندا دەوەن بە ئاشی فیختە و نیتشە و ئەبابیل و جنۆکە سەروەر بن، ئەوەش بە کوردییەک ئەرکە سەرکییەکەی ئەوەیە زمانەکەم لێ سەقەت بکا و پەیامە شەیتانییەکەی بەو شیوەیە بگەیەنێت؟

## بیری نەتەوەیی کورد لە خزمەتی کێدایە؟

مامۆستا لە لاپەڕە ٨٣ی کتێبەکەیدا دەفەرموێ: **بیری نەتەوایەتی سەرلەنوێ هاتۆتە گۆڕێ بۆ ئەوەی ببێتە خزمەتکاری دڵسۆز و جگەرگۆشەیەکی بە وەفای ئیمپریالیزم.**

ئاخر مامۆستا وا نابێ، نا! نەتەوەیی بۆیە نەتەوەییە، بەرژەوەندی میللەتی خۆی بخاتە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی ترەوە. ئیمپریالست سەگی کوێیە ئەگەر بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی ئەو نەتەوەییە هەنگاو نەنێ! من کە خۆم بە نەتەوەیی دەزانم، هیچ شتێکی دنیا ناخەمە سەرووی بەرژەوەندی نەتەوەکەمەوە و ئەگەر لە برسان بمرم، ئامادە نیم بۆ سامانی ئەم جیهانە هیچ زەرەرێک بە نەتەوەکەم بگەیەنم، بە مەرجێ بزانم زەرەرە یا هۆشم پێیدا بشکێ. ئیدی چۆن بوختنانی جگەرگۆشەییم بۆ ئیمپریالیزم قەبووڵ دەکرێ؟ من لێرەدا گومانم پەیدا کرد کە مامۆستا عەلی باپیر بزانێ نەتەوەیی بەری بە کوێوەیە. ئەگەر بیزانیبا، باوەڕ ناکەم بیتوانیبا وەک پیاوێکی ئاینپەروەر، ئەو قسەیە بکا. زۆر کەس هەبوون نیشتمان و نەتەوەی خۆیان دەکردە قوربانی مۆسکۆ، چونکە باوەڕەکەیان لەوێوە بوو و تەنانەت هەندێ جار فەرمانیشیان لەوێوە بۆ دەهات. ئێستاش زۆر کەس



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەن بە هۆی ئاینەوە، کوردستان و کورد دەکەنە قوربانی سیواک و خاکی سعودییە. بەڵام نەتەوەیی کورد، کە بیروباوەڕەکەی هەڵقوڵاوی خاک و نەتەوەی خۆی بێ، ئەو خاک و نەتەوەیە بکاتە قوربانی چی و کوێ؟ نەتەوەیی هاوار دەکا: هاوارە دنیا من بێ وڵاتم! هاوارە عارەب و ئەمەریکا و مەککە و ئەتاتورک و جنۆکە و شەیتان و ئیمپریالستەکان من بێ وڵاتم و وڵاتی سەربەخۆم دەوێ و نامەوێ ژێردەستەی کەسانی تر بم! ئیدی بۆ دەبێ لە خزمەتی ئیمپریالیزمدا بم ئەگەر وڵاتی سەربەخۆم بۆ دابین نەکا؟ هێندەی داگیرکەران نەفرەتی لێ بێ! ئەگەر بزانم مەلاکانی سعودییە و میسر کوردستانی ئازادم ڕەوا دەبینن و بەرگریم لێ دەکەن، پێڵاویان دەخەمە سەر چاووم. ئەگەر بزانم ئیسرائیل لە سەربەخۆییدا دەستبارمان دەدا، لە ئێستاوە لە خزمەتیاندام. بەڵام بە داخەوە هیچیان ئەوە نین و منیش ئەگەر حسێبی دوژمیان بۆ نەکەم، ئەوا بە دۆستیشیان نازانم جا چ مەلاکان چ جوولەکەکان! هەموو ئایدۆلۆژیایەک بۆی هەیە مرۆ بکاتە پیاوی خەڵکی، ڕێبازی نەتەوایەتی نەبێ: ئیسلامیت؟ کەوابێ دەبێ خزمەتی سعودیە و ئێران و ئەربەکان... یا هیچ نەبێ قەیامەتی خۆت بکەیت. کۆمۆنستیت؟ کەواتە دەبێ سڵاوات لە دیداری ستالین و پۆڵ پۆت وکاسترۆ و کرێکارانی کارگەی کیمیایی ڕۆژاواییەکان لێ بدەی. فەیلەسووفی نوێ و لاساییکەرەوەیت؟ کەواتە دەبێ نەریتی کوردەواری بگەیەنیتە سفر و کورد بکەیتە نەتەوەیەکی بێ توور و کەلتوور و لە پێوانەکاریدا کورد بگەیەنیتە ئەژنۆی ڕۆژاواییەکان و بیخەیتە خزمەتی ڕۆشنبیریی ئەوانەوە و زۆرت لەگەڵدا بگوترێ لە لاپەڕەی مرۆڤ دەیسرێیتەوە و دەیخەیتە ناو ئاڵقە ونبووەکەی نێوان مەیموون و بەشەرەوە! بەڵام کە نەتەوەیی بووی، ڕێت نییە و بۆت نییە هیچ شتێک بخەیتە سەرووی بەرژەوەندی نەتەوایەتی نەتەوەکەتەوە. باشە خۆ تۆ کوردپەرستن و خاکپەرستنت خستبووە دوای نەتەوەییەکان! شتێک هەیە بکەوێتە سەرووی پەرستراوەوە؟ ئەمەت لە چی و ئەوەت لە چی؟ خۆزگە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مامۆستا لە بیری دەبوو (جیب العمیل)یش بەکار بێنێ، تا بابەتەکە بە تەواوی یەکالا بێتەوە!

نازانم بۆ مامۆستا ئاوها ورکی لە نەتەوایەتی داوە! ئایە چ دوژمنێکی تری نییە؟ لێرەشدا داوای لێبوردن دەکەم: هەر وشەیەکی ئەم قسانە، چەند حەرفیان تێدایە، هەر یەکە و بۆ داگیرکەرانی ولاتەکەمان وبکوژانی کورد، گەوهەرێکە! بە داخێکی گرانەوە! دەڵێی مامۆستا کوردێکی مارکسی-موسوڵمان، یا موسوڵمان - مارکسییە، یا گەرەکێتی ڕستەیەکی بە ڕاداندراو، بە هەر شێوەیەک بێ دەربڕێ و لەوەی چاکتر بۆ نەهاتووە. کەسێک نەتەوەیی بێ، تەنها دەبێتە پیاوی نەتەوەکەی خۆی و پارێزگاری لە بەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆی دەکا و تەفسیری بۆ هەموو دیاردەیەک لە دیدی بەرژەوەندی نەتەوایەتییەوە دەبێ، کە بۆ کورد ئێستا سەرفرازییە و ڕەنگە دوای ئەوە پێشکەوتنی کشتوکاڵی و پیشەسازیی بێ. بیری نەتەوەیی یا نەتەوایەتی تایبەتمەندی کوردە و پێم وا نییە لە وەرگێڕاندا ببێتە قەومی و ناسیۆنالیزم. دەبوو مامۆستا عەلی باپیر زاراوەیەکی وای بەکار بهێنابا هەموو میللەتان بگرێتەوە نەک بە تەنها کورد. مامۆستا جەمال نەبەز لە کتێبی (بیری نەتەوەیی نە قەومی عەرەبییە نە ناسیۆنالیزمی ئەورووپایی) ئەم لایەنەی بە جوانی ڕوون کردۆتەوە. یا ڕەنگە مامۆستا عەلی، تەنها مەبەستی کورد بێ و نەیەوێ باسی میللەتانی دی بکا!

لە سەردەمی خەتی ٣٦ی پاراستنی کورددا، ئەگەر کورد ئەو خەتە ئیمپریالستییە و ناوچە پارێزراوەکەی نەبوایە، دەبووە ئاردی ناو دڕک. ئاخر برای ملهوڕ و هاری دینی کارێکمان پێ دەکەن سەر بە ماڵی دوژمندا بکەین تا لە شەڕی ئەو برایانە بمانپارێزن. ئەمەش بۆ داگیرکەران شوورەییە نەک بۆ کوردی هەمیشە لێقەوماو و تێ هەڵدراو و ڕاونراو. خۆ ناکا مامۆستا ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانەی کوردستان، کە خۆشی هاونشین و هاوپەیمانیانە، بە نەتەوەیی بزانێ! هەر ئەوە مابوو! مارکسییەکان، هەموو کوردیک، کۆمۆنست و ئیسلامی نەبێ، بە نەتەوەیی دەزانن. باندی دزیکردن نەتەوەیین. قاچاغچی تلیاک، نەتەوەیین! قومارچی و جاسووس و هەرچی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناشرینە و کۆمۆنست نییە، بە لای ئەوانەوە نەتەوەییە و پێ دەچێ لای مامۆستا عەلی باپیریش هەر وا بێ! بەڵام جیاوازی حیزبەکانی ئێمە، کە بە ناهەق بە حیزبی نەتەوەیی (تۆمەتبار!!)یان دەکەن، لەگەڵ حیزبێکی قەومی عارەبی ئەوەیە، کە حیزبی عارەب هەموو میللەتان دەکەنە خزمەکاری عارەب، حیزبەکانی ئێمەش کورد دەکەنە خزمەکاری هەموو میللەتان.

جوانترین دوعا لە ئیسلامدا ئەمەیە: اللهم ادفع الظالمين بالظالمين واجعلنا من بين ايديهم سالمين! ئێ لەوەتەی هەین ئەم دوعایە دەکەین و ئەوا هاتە دی! دە تێکی مەدە مامۆستا!. خودا ئیمپریالزم بپارێزێ تا یەک زاڵم لە عیراقدا نەهێڵێ و من ڕازیم دوای ئەو زاڵمە زاڵمێکی دی بێ. خۆ هیچ نەبێ، ئەگەر دژەکوردی ناوخۆ لێمانی تێک نەدەن، پشوویەک دەدەین و بە خۆماندا دەچینەوە و بیرێکیش دەکەینەوە! خۆ هێچ نەبێ ترسی ئەنفالمان نییە. ئەگەر ئیمپریالیزم ئەوە ناکا، هەزار نەعلەتی لێ بێ و هیوادارم ئەنجامی ئەوانیش هەمان ئەنجامی سەددام بێ، با بە دەستی زاڵمێکی تریش بێ! مامۆستا دەزانی ئەنفال چییە؟ مامۆستا ژنە ئەنفالکراوەکانت دیوە؟ مامۆستا دەزانی عەرعەر و شیحیات لە کوێن؟ مامۆستا تۆش خوشکێکی نازدارت کەوتۆتە بەر دەستی عارەبی بیابان؟ مامۆستا هیچ ئافرەتێک لە کەسوکارت فرۆشراوەتە مەلهاکانی میسر؟ ئەرێ مامۆستا هیچ برینێکی نەتەوەییانە لە دڵتدا نییە؟ بە ڕاستی بە تەمای بەهەشتیشی؟

کاتێ هەندێ لە قسەکانم کەمبایەخ دەبن، عارەبی عیراق بە گەنممان نەزانن و ئەنفالکردنی کورد و بەعارەبی کردنی خاکەکەی و بە عارەبکردنی کورد بە ناشەرعی بزانن. بەڵام ئەوان خۆیان بە خاوەنی خۆمان دەزانن چجای خاک و ماڵمان. ئەدی ئێمە موالی ئەوان نین؟! بەو خودایە کە بیر لە هەڵوێستی کۆمۆنستەکانی سەردەمی قاسم دەکەمەوە لە بن تۆپبارانی فڕۆکەی سۆخۆی سۆڤیەتدا بژی بژییان بۆ مۆسکۆ دەکرد و ئیمزایان دژی ئەمەریکا، نازانم لە سەر کۆریا بوو کوێ بوو، کۆ دەکردەوە و ئەم بۆچوونەی مامۆستا عەلی بە سەر دەکەمەوە کە لە سەرووی هێڵی سیوشەشەوە کردوونی، دیسان خەتێکی باریک لە نێوان کۆمۆنیزمی ئەو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەمە و ئەم ئیسلامەتییەدا دەبینم کە مامۆستا عەلی باپیر لەم باسەدا لێی دەدوێ. ئەوە بەغدایە کە دەبێ شەرم بیگرێ ئەوەندە بەرانبەر کورد دڕندەیە ناچاری دەکا پەنا بۆ ئیمپریالیزم بەرێ. ئەوە جیهانی عارەبی و وڵاتە ئیسلامییەکانی تری وەک تورکیا و ئێرانە کە دەبێ شەرم بکەن کورد لە دەستیان هاوار بۆ ئەمەریکا دەبا تا لە شەڕیان بیپارێزێ. ئەوە زانایانی ئیسلامە کە دەبێ بە خۆیاندا بچنەوە و بەرگری لە کێشە نەتەوەییەکانی کورد بکەن. پێم وایە چۆن کۆمۆنستەکانی ١٩٦٣ دژی شۆڕشی کورد بوون و لە ترسی بەعسیش پەنایان بۆ شۆڕش بردبوو، مامۆستاش وەک دژی ئەمەریکابوو، پەنای بۆ خەتەکەشی بردبوو! ئەوەی هاودینی کورد بە کوردی دەکەن، جوولەکە بە فەلەستینیەکانی نەکردووە. لووتکەی تاوانی جوولەکە سەبرە و شاتیلایە کە ژمارەی قوربانیەکانیان نەگەیشتە هەزار کەس، بەڵام قوربانییەکانی کورد لە بندەستی عارەبی عیراقدا، تەنها لە ئەنفالدا ١٨٢ هەزار کەس بوو و هەر لە هەڵەبجەدا پێنجهەزار بوو و وامان لێ هاتووە نازانین کامە ڕۆژ بکەینە ڕۆژی شەهید. وا دیارە لە هەزار کەمتری فەلەستینی لە نێزیکەی دووسەد هەزاری ئێمە زۆرترە یا بەنرخترە! جارێکیان بە سویدییەکم گوت: ئێوە هەشت ملیۆن کەسن بە سویدی قسە دەکەن، عارەبی، بە لای کەمەوە سێسەد ملیۆن بەشەر قسەی پێ دەکەن. گوتی: ئاخر ئێمە هەشت ملیۆن سویدین و ئەوان سێسەد ملیۆن عارەبن! ئەمە جۆرێکە لە ڕاسیزم. ئەگەر ئێمەش قوربانییەکانی خۆمان لەوانەی فەلەستینییەکان بە کەمتر بزانین، جۆرە ڕاسستێکین بەڵام بە ئاڕاستەی پێچەوانە و هەڵەتردا. واتە خۆ بە کەم زانین و دوونێتی. ئا ئەلەمەیاندا بفەرمووی، مەودایەکی یەکجار زۆرمان بڕیوە و کەسمان پێڕا ناگا و خۆمان لە هەموو نەتەوەکان بە کەمتر دەزانین. ئەگەر مەجلیسێک تەنها یەک عاەربی تێدا بێ و کورد پەنجا نەفەر بن، زمانی مەجلیسەکە دەکەنە عارەبی. دیارە بۆ فارس و تورکیش هەر واین بۆیە فارسەکان و ترکەکان، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئاخۆ زمانەکەیان دەزانین یا نا، یەکسەر و بە بێ سێ و دوو، بە زمانی خۆیان لەگەڵماندا دەکەونە قسان.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە ڕاستی، یەکێ لە شەرمەزارییە هەرە گەورەکانی عارەب ئەوەیە کە ئێمەی کوردی موسوڵمان، لە دەست ئەوان پەنا بۆ غەیرەدین دەبەین. ئەدی وا نەکەین چی بکەین؟ بە بێ بەرگریی بمرین؟ ئاخر ئەگەر حەیوانیش بێ، لەقەفرتێیەک هەر دەکات و دەیسەلمێنێ کە ڕۆحلەبەرە. ئاخر کوردیش ڕۆحلەبەرە ڕۆحلەبەر، مامۆستا!

## لایەنگریی عوسمانلی لە ئەڵمانیا حەڵاڵە و
## لایەنگریی میسر لە فەرەنسا حەرامە

مامۆستا عەلی باپیر لە لاپەڕە ٥٨یشدا دەڵێ: **فەرەنسییەکان پارەیان بە بیری نەتەوەیی لە میسر دا.**

دیسان نەتەوەیی بۆ کورد دەگوترێ و بۆ عارەب (قەومی و قەومییە) دەگوترێ. ئەگەر تورکی عوسمانلی ساغ بوایەن و تورکچێتییان نەکردایە و میسرییەکانیان نەچەوساندبایەتەوە، میسرییەکان چ حەوەجەیان بە یارمەتی فەرەنسا دەبووا! عوسمانییەکان لە یەکەم شەڕی جیهانیدا، پاڵپشتی ئەڵمانی مەسیحی بوون و عارەب بە گشتی و میسر بە تایبەتی، پشتی ئەو وڵاتانەیان دەگرت کە لەگەڵ ئەڵمان و تورکدا لە شەڕدابوون. ئەدی بۆ باسی لۆرانسی عارەب ناکەیت کە شانبەشانی سعوودییەکان شەڕی تورکی کرد و سعوودییەی کردە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟! هەر لە بەر ئەوەی سعوودییە و سعوودی جایز نییە قسەیان پێ بگوترێ؟ ئەگەر هاوپەیمانێتی دەسەڵاتدارانی تورک لەگەڵ ئەڵمانیای نەسرانیدا جائیز بێ، بۆ هاوکاری میسر و فەرەنسا ناجایز بێ؟. ئەدی خەڵک لە سەر ئاینی دەسەڵاتداران



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نین؟ عوسمانییەکان خۆیان کردە قوربانی ئەڵمان و عارەبیش دەرفەتی لاوازی و تێکشکانی تورکیان قۆستەوە و بوونە دەوڵەت. دەستیان خۆش! تەنها کورد هیچ دەرفەتێک ناقۆزێتەوە و کەی دوژمنەکەی تەنگاو بێ، وەک دوعای لێ کرابێ، دەچێتە بن باڵیەوە و ڕاستی دەکاتەوە... ئەدی لە گفتوگۆی یەکێتی و بەعسدا نەیاندەگوت: بەڵێ لەشکری عیراق پێویستی بە پشوو بوو؟ ئەدی نەیاندەگوت ئێمە لە پشتەوە خەنجەر لە سوپای عیراق نادەین؟ ئەدی دەیان هەزار سەربازی ئەنفالچیمان بە ڕێزەوە بەڕێ نەکرد؟ سەیرە مامۆستا بەرگریی لە تورکی عوسمانلی دەکا و پێی دەچێ بە موسوڵمانی ساغیان بزانێ. خۆ ئەتاتورک لە هەناوی ئەوان بەرببۆوە و نەوەکانی کە تەنانەت خۆ لە کاروباری زمانی کوردیش هەڵدەقورتێنن، قوتابی دڵسۆزی ئەون. دیسان شەرمەزارییە بۆ تورکی عوسمانی وایان لە عارەب کردبوو لە دەستیان، هانا بۆ فەرەنسا بەرن. خۆ ناشێ داگیرکردنی تورک بە ڕەوا بزانێ و شۆڕشی دژی داگیرکەری تورکی پێ حەرام بێ! ئەگەر وا بێ، بە دڵنیاییەوە مامۆستا، ئەگەر لەو سەردەمە بژیابا، جێی ئیبن السعود و بەتلیسی کوردی دەگرتەوە. ئەوەی پاشماوەی عوسمانلی بێ و بۆ میسر مابێتەوە، هەر تەربووش و کەبارێ و بادانە.

عەبدولحەمیدی دووەم کە سوڵتانی تورک بوو، بە هۆی خوێنڕێژییەوە بە سوڵتانە سوور ناوی دەرچووبوو. بەڵام دیارە ئەوە بۆ مامۆستا عەلی کێشە نییە چونکە کابرا موسوڵمان بووە و ئەوەش کێشە نییە تورکەکان چۆناوچۆنی عەبباسییەکانیان ڕووخاند و دەسەڵاتی بەغدایان گرتە دەست. عوسمانییەکان دنیایان دەڕووتاندەوە تا بابی عالی پێ بڕازێننەوە و سوڵتان باش بژێ و ئێستاش هەر وا دەکەن. من خۆم چەندین جار بە ناو تورکیادا ڕەت بوومە و دیومە. هەر لە ئیستەنبووڵەوە پێدا هاتووم تا برایم خەلیل: ئەگەر تەماشایەکی تورکیا بکەین، دەبینین بەهەشتێکی سەر زەمینە، بەشە کوردستانەکەی نەبێ کە لە هەموو ڕوویەکەوە ئاوڕووت کراوە و ناوچەکانی تری پێ ڕازێندراوەتەوە. کە دەگەیتە ناوچەکانی کوردستان، ئیدی وشکەکەڵەک و تەپاڵە و بێ ئاویی و بێ دارودرەختی و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەخوێندەواری و کەری لەڕ و ئەسپی سەکەت و عارەبانە شڕ دەست پێ دەکا. خۆ هەر لە کۆنەوە، کوردستان ئاوها ڕووتێندراوەتەوە و ناوچەی تری داگیرکەریان پێ ڕازێندراوەتەوە. لەو سەرژمێرییەی بۆ داهاتی خەلیفە مەئموون کراوە، با سەیرێکی ئەم ژمارانە بکەین، ئەگەرچی ئیبن خەلدوون بۆ خۆی گومانیشی لێی هەیە: تەنها لە حەلوان و هەمەدان و شارەزوور و جزیرە و موسڵ، ١٥٩،٦ هەزار هەزار (واتە ملیۆن) دەرهەمی وەرگرتووە- جگە لە ١٢٠٠ مەشکە هەنگوین و هەزار سەر (!) کۆیلە - تەنها لە جزیرە. کەچی لە نێوان کووفە و بەسرادا، تەنها بیست ملیۆن دەرهەمی دەستکەوت بووە. ڕەنگە بە هەموو عارەبستان و سووریا و ئەفریقیا هێندەی ئەو چەند شوێنە داهاتیان بۆ خەلیفە نەبووبێ. ئاوها ئەو دەمەش، هەر وەکوو ئێستا، هەرچی خێروبێری کوردستان هەبووە، بە تاڵان چووە و بۆتە غەزەب و بە سەر کورد خۆیدا باریوە و هەر لەو دەمەوە عارەبی داگیرکەر نەیویستووە دەسبەرداری وڵاتەکەمان بێ. ئایە کورد ناهەقی دەکا دەست لە چاک و خراپ پان بکاتەوە تا ئاوها تاڵان نەکرێ، با مەئموون یا ئەربەکان یا هەر سندانێک حوکمی ئەو وڵاتە داگیرکەرە بکا؟ ئەگەر ئێستاش حسێبێکی داهاتی بەغدا بکەین، لەو ڕێژەیەی سەردەمی مەئموون پتر لە وڵاتی ئێمەوە بە تاڵان دەچێ، ئیدی <u>حسێبی خۆت لەو دەمەوە تا ئێستا بکە بزانە چیت بە تاڵان چووە</u>. وا دیارە مامۆستا، بە پێچەوانەی ئیبن تاووسەوە، کە دەسەڵاتداری کافری دادپەروەری پێ چاکترە لە دەسەڵاتداری موسوڵمانی زاڵم، خراپترین و زاڵمترین حاکمی موسوڵمانی پێ چاکترە لە چاکترین حاکمی ناموسوڵمان، ئەگەرچی ئەو حاکمە موناففیقیش بێ. سەددامی عارەب لە مۆدی ئینگلیز یا بریمەری ئەمەریکا باشتر بوو؟ لەگەڵ ڕەخنەی توند و نارەزاییم لە ئەمەریکاییەکان کە چارەنووسی کورد بە قوڕدا دەبەن و مافی ڕەوامان ناسەلمێنن و تەنانەت لە مەسەلەی کەرکووکیشدا پشتەسەری خۆیان دەخورێنن، بەڵام، بە هەرحاڵ تا ئێستا ئەنفالیان نەکردووین.

عەلی وەردی دەڵێ: "کیسرایەکمان لە جێی کیسرایەک دانا و ئیمپراتۆرێکمان لە جێی یەکێکی تر دانا و زوڵمیش هەر زوڵمە" عارەبی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

عیراقیش، عەبباسییان لە جێی ئەمەوی دانا و عوسمانییان لە جێی عەبباسی دانا تا گەیشتنە ئەوەی سەددام لە جێی بەکر دانێن و ئەوجا عەللاوی لە جێی سەددام و دەستاڕی کوردهاڕینیش هەر دەگەڕێ و کوردیش هەر خوێنی لە بەر دەڕوا. کە باسی داگیرکردنی ئیسپانیا دەکەین شاگەشکە دەبین و قەت بیر لەوە ناکەینەوە دانیشتوانی ئەوێ چ زوخاوێکیان بە دەست عارەبەوە چەشتووە. سەرەماگۆ، چونکە بێزارە لە مێژووی دەسەڵاتی عارەب و بەربەر لە وڵاتەکەیدا، لە تۆڵەدا و لە باسی مزگەوت و بانگدا شتێکی لەم بابەتە دەڵێ: "بۆیە پیاوی کوێر دەکەنە موئەززین، چونکە دەبێ لە جێیەکی بەرزەوە بانگ بدا و لە جێی بەرزیشەوە ناوماڵی خەڵکی دەبیندرێ و عەیب و عاریان ئاشکرا دەبێ و بۆ ئەوەی ئەوە نەبێ، کوێر دەکەنە بانگدەر". خۆ سەرڤانتێسیش لە (دۆن کیشۆت)دا داخی دڵی خۆی بە بەربەرەکان ڕشتووە کە وڵاتی ئیسپانیایان داگیر کردبوو. ئێمەش بەوە خۆشحاڵ دەبین کە تورک کاتی خۆی لایەکی ئەورووپایان داگیر کردووە، بەڵام ناتوانین بیر لە خراپەکارەکانیان بکەینەوە. هێندێ جار لە بەر خاتری ئاینی ئیسلام، لە ئاستی ئەو زوڵمانەش کە لە خۆمان کراوون کوێراییمان دادێ. عوسمانلی و ئەتاتورک پتر لە یەک ملیۆن کوردیان کوشتووە و مادام موسوڵمانن مافی ئەوەمان نییە لەو داموەزگا تاڵانچی و کوردکوژانە دابڕێین و هەر دەبێ بە خزمەکارییان بمێنینەوە. عیسمەت ئینونو گوتوویەتی: ئەوەی لە تورکیادا ترک نەبێ، هەر ئەو مافەی هەیە خزمەتکاری ترک بێ. من ئەوە ڕەت دەکەمەوە! ئەدی جەنابت، مامۆستا؟!

ئەگەر میللەتێکی موسوڵمان هانای بۆ ناموسوڵمان برد، جارێ لە دەسەڵاتدارەکە بکۆڵەوە ئاخۆ چۆنە، ئەوسا سەرزەنشتی ئازادیخوازەکە بکە. هەوڵی دابڕانی کورد لە عارەب وعارەب لە ترک بۆ مەسەلەی ڕەگەزپەرستی (عبادة العنصر!) ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو زوڵم و زۆرانە دەگەڕێتەوە کە لە بن پەردەی ئیسلامەوە لە میللەتی ژێردەستە دەکرێ. دیاریشە فەرەنسییەکان دوژمنی عوسمانی بوون و لە کەلێنێ گەڕاوون زەرەری پێ بگەیەنن و هەموو جەستەی عوسمانیش، بە هۆی بە زلزانینی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تورکەوە کەلێن بوو و کەلێنیش دەبێ دەسەڵاتدار پڕی بکاتەوە نەک میللەتی ژێردەستەی غەدر لێ کراو. ئێستاش کورد مۆتەکەی ئەو تاڵان و بڕۆیانەی لە کۆڵ نەبۆتەوە کە سەربازانی تورک لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهاندا بە کوردیان کرد و هەزاران کورد لە برساندا مردن... دەسەڵاتداران خەریکی جارییە و غیلمان و لووسکەبازی بوون و خەڵکیش لە ژێر جەور و ستەمیاندا دەیاننالاند. خۆ عەبباسییەکانیش هەر وا بوون بۆیە هۆلاکۆ بە سەریاندا زاڵ بوو. دیسان ئەگەر عارەب هانایان بۆ فەرەنسا بردبێ لە لایەنگرانی عوسمانییەکان بپرسن: بۆ؟ ئەدی ئەوە نییە ئێمەی کورد، ساڵەهای ساڵە و ئێستاشی لەگەڵدا، لە دەست عارەبی عیراق بە شەرمەوە هانا بۆ فارس و ئینگلیز و فەرەنسا و ئەمەریکا و تەنانەت ئیسرائیلیش دەبەین؟! من ئەمە بە حەلاڵ دەزانم و ئەوەی بە حەرامیشی دەزانێ، با بۆ ئاسوودەیی ویژدانی خۆی لە بەغدا بپرسێ: کورد بۆ وا دەکەن؟ تۆ بڵێی کورد هانابردن لە خوێنیدا بێ؟ ئەدی هەر وا دەستەوەسان بوەستین و ئەنفال بکرێین و ژن و کیژ و خوشکمان بکرێنە سەراری و بە شێخە عارەبەکان و مەلهای وڵاتە موسوڵمانە عارەبییەکان بفرۆشرێن؟ ئەو تاوانە گەورانە ئەنجام دران و زاناکانی ئیسلام (بە هەندێ کوردیشەوە) دەستخۆشییان لە بەغدا دەکرد. دە با بە دەستی ئەمەریکا بیخۆن و دەردیان بێ و هەر زاڵمێک زەواڵێکی هەیە، بەڵام درەنگ و زوو کەوتووە! ئەوەتا بە ڕێکەوت بەرژەوەندی کورد و ئەمەریکا هاوتەریبن و دەبێ کورد سوودی لێ ببینێ و شەقی تێ هەڵنەدا! ئەگەر ئەم ڕا و هەڵوێستەم نەبێ، دیارە زۆر شەیدای کیمیا باران و ئەنفال و ڕووخاندنی هەزاران گوند و شارۆچکەی کوردستانم بە مزگەوتەکانیشەوە و عاشقی شۆڕشێکی نوێی لە هەموو شۆڕشەکان نوێترم. داوای لێبوردن لە خوێنەران و مامۆستا دەکەم، بۆ شۆڕشی لە شۆڕشان نوێتر، هەر ترحێوی گەرەکە! ئێمەی کورد وەک لە شۆڕشی شاخدا پسپۆڕین، لا فایلرەشیشدا پسپۆڕین.

ئەگەر هەر خەریکی باسی دڕندەیی نەیارانی خۆمان بین (وەک کورد و وەک موسوڵمان) و بە خۆماندا نەچینەوە، بە ئەنجامی چاک ناگەین.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

موسوڵمانی سەردەمی عەبباسییەکان لە ئەوروپا پێشکەوتووتر بوون، ئەگەرچی زۆربەی زاناکان ناعارەب بوون، کەچی ئێستا دەرزی و مەچیریش لەوان دەکڕین و چاوەچاوی مەرحەمەتی ئەوانین تەنانەت زاراوەش دابهێنن تا وەک تووتی، بە بێ ئەوەی لە جەوهەرەکەی بگەین، بە دوایاندا بیڵێینەوە، با جنێویش بن بە خۆمان. کەی لە خۆمان بپرسین: بۆچی؟ ئەگەر تاوان بخەینە سەر ڕۆژاوا و داگیرکەرانی کوردستان، واتە وەک جوولەکەکان سابرێنی بەلاگەردان پەیدا دەکەین تا خەتا و گوناحی خۆمانی لێ بار بکەین و خۆمان بێ خەتا دەربکەین و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بە خۆماندا ناچینەوە و پێشیدا نەچینەوە، چارەسەریان ناکەین. هەر پەیدابوونی ڕێبازی جیا لە ڕێبازی ئیسلام نیشانەی بوونی کێشەگەلێکە، کە زانایانی ئیسلام بە لایاندا ناچن و ئەمەش دەبێ وا لە زانا کوردەکان بکا بە خۆیاندا بچنەوە و بزانن هەڵە لە کوێیە و لە خۆیان بپرسن: بۆچی و ئایە ئیسلام بەشی چارەسەری ئەو کێشانە ناکا کە کورد بە دەستیانەوە هەراسانە؟! مادام زاناکان بەشەرن، نابێ لە هەڵە و لێکدانەوەی هەڵە بە دەر بن. موفتی عوسمانلی (ئەبو سعودی عیمادی) کە کورد بوو، کە فەتوای قڕکردنی ئێزدیەکانی دەرکرد و کڕین و فرۆشتنی خستە سەر ئافرەتەکانیان، لە فەتواکەیدا نووسیبووی: (بەلام خودا لە هەموان چاکتر دەزانێ). من لێرەدا ڕایدەگەیەنم کە بۆچوونەکانی مامۆستا عەلی باپیر بە ڕێبازی سەرفرازی نەتەوەکەم نازانم با جاروبار، بۆ مانەوە و پەرەسەندن، باسی ئازادیی نەتەوەیی کوردیش بکا. کە نەشیزانم، چاکترە پێش ئەوەی سەرزەنشتم بکا و زاراوەکانی دژە ئیسلامم بۆ پەیدا بکا و بە ڕوومیاندا بداتەوە یا بە پیاوی ئەم وئەو لە قەڵەمم بدا، بە بۆچوونەکەی خۆیدا بچێتەوە و لەوە ژیوان بێتەوە کە زاراوەی (عبدة الوطن و عبدة الامه)ی داهێناوون و لە خۆڕا ئەم و ئەو نەکاتە پیاوی ئیمپریالیزم، بێ ئەوەی وەک ئەبو سعود بڵێ (والله اعلم ـ خوا باشتر دەیزانێ)! ئەو بە جۆرێ چارەسەر دادەنێ و حیزبێکی تری سەر بە ئیسلام بە جۆرێکی تر و تەنانەت زانای سەر بە بەعسیش چارەسەریان پێ هەیە و زۆری لێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بکۆڵینەوە دەگەینە ئەنجامێک کە هەر مەلایەک و بە جۆرێ لە کێشەکەمان دەڕوانێ و چارەسەرێکی پێیە و لە کوێوە یارمەتی بدرێ یا هەڕەشەی نانبڕینی لێوە بکرێ، چارەسەری ئەوێ پەسەند دەکا: ئێران، سعودییە، ئەمەریکا، جگە لە دەروێشەکانی ستالینی پێش هەرەسی سۆڤیەت. ئەمانە، لە زۆربەی کاتدا دژی یەک دەوەستنەوە و هەمووشیان یەک خودا و یەک شەریعەتیان هەیە. تەنانەت بە دووری نازانم دەوڵەتێکی ئیسلامی لە پەنای شەرعەوە یارمەتی خوا نەنساترین حیزبی کوردی بدا بە مەرجێ دژی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی کوردستان بدوێ و بنووسێ و دەوڵەتی عیلمانی دژە ئیسلامیش یارمەتی توندڕەوترین حیزبی ئیسلامی بدا بە هەمان مەرجی هێرشکردنە سەر نەتەوایەتی. گەمەیەکی سەیرە!

جێی سەرنجە ژنە سویدییەک کە زۆربەی تەمەنی خۆی بە جۆرێ بردبێتە سەر کە لە هیچ کوێی شەرعی ئیسلامدا جێی نەبێتەوە، کەچی کە دەبێتە موسوڵمان و شارەزایی پەیدا دەکا، بە جۆرێ قسان بکا، بە دەگمەن مەلای کوردم دیبێ ئەو لۆژیکە بەکار بێنێ. قەرەزاوی و زانای گەورەی تر هەن قسەی جوان دەکەن، بەڵام کە دێنە سەر باسی مافی کورد و دابەشکردنی عیراق، دەبنەوە بە حەلیمە و دەگەڕێنەوە سەر خووە کۆنەکەی خۆیان. خۆ ئەگەر ئەو ژنە پێش ئیسلامبوونی تووشی توندڕەوێکی ئیسلامی بوایە، کە خۆی دەکاتە جێبەجێکەری شەریعەت، دوور نەبوو دەستی خۆی پێ سەوز بکا و ئەو (رابعة العدوية) لە کیسی خۆی و موسوڵمانان بدا.

ئیسلام یەکێکە و لێکدانەوەکان هەزار و هەتا ئاوهاش بێ، نە سەلاحەددینێکی ترمان لێ هەڵدەکەوێ نە کورد ئەوەندە سوود لە ئیسلام دەبینێ پێی ڕزگار بێ، نە موسوڵمانی ترک و عارەب و فارس تێماندەگەن و دەبنە برامان. ناوهێنانیشیان بە برا، لە درۆیەکی زل زیاتر نییە و بکوژ و کوژراو نابێ پەیوەندی برایانەیان هەبێ، مەگەر ئەوان قابیل بن و ئێمەش هابیلی برایان!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## پێشکەوتن و پاشکەوتن

مامۆستا لە لاپەڕە ٩٦ی کتێبەکەیدا ئەم خاڵانەی ڕیز کردووەن:

١. **پێشکەوتن لە بواری پیشەسازی و تەکنەلۆژیا و لایەنی ماددیدا چەند هۆ و بنەمایەکی تایبەتی هەن وە هیچ پەیوەندییان بە ڕاستی و ناڕاستی بیر و باوەڕەوە نییە.**

ڕەنگە ڕاست بێ پێشکەوتن پەیوەندی بە ڕاستی و ناڕاستی باوڕەوە نەبێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە پەیوەندی بەو سنوورانەوە هەیە کە باوەڕ دایاندەنێ یا لایاندەبا. تۆ موسوڵمان بی یا نەبی، کار و کاردانەوەی ماددی یاسای بنەڕەتی و نەگۆری خۆیان لە یەکسانی و ئاڕاستەدا هەیە، بەڵام باوەڕێک تێگەیشتن لەو یاسایە قەدەغە بکا، ئاوها دەبێتە بەربەست لە بەردەم پێشکەوتنی تەکنیک و زانستدا. ئەگەر زاناکانمان بچووکترین بزاوتنی هونەری لە موسوڵمانان حەرام بکەن، چۆن هونەریان پێش دەکەوێ؟ ئامێری نێر و مێ لە مۆسیقادا حەرام بێ (مەلا هەیە حەرامی دەکا) دیارە بورغوو و واشەر و سەموونەش، کە نێر و مێن و دەچنە ناو یەکەوە، حەرامن. بەڵام موسوڵمان چاری نییە و هەر دەبێ ئەو سنووورە بشکێنێ تا بژێ: سەرگایجە و هەوجاڕ، گۆشت و شیش، پەنجە و قەیناغ، سنگ و دیوار، سەر و مێزەر، دۆخین و پزوو... و هەزار شتی نێر و مێی تر، ناکرێ دەسبەرداریان بین. مەسەلە نێر و مێ نییە، بەڵکو مۆسیقاکەیە کە لە موسوڵمان حەرام یا ناحەز کراوە. هەر وەها لە بواری نیگارکێشاندا پێش بە پێشکەوتن گیراوە، بەڵام چونکە ڕۆحی مرۆ، لە سەردەمی بەردەوە هۆگری هونەرە، نەیتوانیوە دەسبەرداری بێ بۆیە هونەرمەندی موسوڵمان پەنای بۆ خەت و نەقش و زەخرەفە بردووە و توانا هونەرییەکەی لەو بوارانەدا خستۆتە کار و داهێنانی تێدا کردووە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

موسوڵمان لە ترسی فەتوای حەرامکردن و سنووردانان، سەر بۆ هیچ کوێ دەرناکەن. مرۆڤی وا، دەکەوێتە چ بارێکی دەروونییەوە؟ چاک دەزانم ئێستا مامۆستا، ئەو مەلایانە بە نەشارەزا و نەزان دادەنێ، بەڵام بۆچی مەلای ئاوها ڕێی هەبێ مەلا بێ تا قسەی وا بکا و فەتوای وا دەربکا؟ تاوانی موسوڵمانان چییە و چۆن بزانن کێ مەلایە و کێ نامەلایە و کامە قسە ڕاستە و کامە هەڵەیە و کێ مافی فەتوادانی هەیە و کێ نییەتی؟ من بۆخۆم کتێبم لە مزگەوتی کوێرە دێی کوردستاندا دیوە باسی فیزیا و بیرکاری و کیمیای ئاستی بەرزی تێدا بووە، بەڵام لە تاقێکدا بە بێ ناز کەوتبوو و تۆز لێی نیشتبوو. کە لە مەلاکەم پرسی ئاخۆ ئەوانەی خوێندووە، وەڵامی (نەء)ی دامەوە. خوێندنی تیۆری فیتاگۆرس و هاوێنکۆ و تیشکۆ و بابەتی وا لە مەنهەجی خوێندنیاندا هەبووە بەڵام بە لایدا نەچوونە. بیرم لە زاراوەی (عیلمی شەیتان) کردەوە کە لەو مزگەوتانەوە سەریان هەڵدەدا. تۆ بڵێی هەر بۆ ئەوەی خۆیان لە عیلمی شەیتان لابدەن ئەو (عیلمی شەیتان)ەیان دانەهێنابێ؟! چی عیلمی شەیتانی گەیاندۆتە مزگەوت؟ تازە یەکەم قوتابخانەی هەموو ناوچەکەمان کرابۆوە، فەقێ و موستەعیددی ئەو مزگەوتەی، کە من قورئانم تێیدا خەتم کردبوو و لە ئەحمەدیدا بووم، فەقێکان وایان بڵاو دەکردەوە کە سەرڕووتکردن حەرامە و ئەوەی دەست بە تەوالێتەکەیدا بێنێ، وەک ئەوەیە دەست بە هەرامەی دایکی خۆیدا بێنێ. دەیانگوت: لە قوتابخانە فێری عیلمی شەیتان دەکرێن و وەک سەگ دەوەڕن و وەک کەڵەشێر دەقووقێنن و وەک کەر دەزەڕن.. خۆشبەختانە هەندێ لەو فەقێ و موستەعیددانە بوونە مامۆستای قوتابخانە و نازانم چۆن لەو باخچەی ئاژەڵەدا حەوانەوە! شیعرێکیان لە سەر قوتابخانە دەرکردبوو، هەر ئەوەندەیم لە بیر ماوە:

ئەهلی مەکتەب قوون چەور کەن هاتنە مەیدان فەحلی (...)زل

فەحل! چی زل؟! هەر ئەوەندە شانازییەمان هەیە؟ دەزانم ئاین وا ناڵێ و مەلای ڕاستەقینە قسەی وا ناکا، بەڵام بڵێم چی ئەو قسانە لە مزگەوتەوە دەهاتنە دەرێ؟ دەبێ بە لای کەمەوە ئەو گومانە بکرێ کە دەستێک لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پشتیەوە هەبووە تا کورد ڕوو لە قوتابخانە نەکا و بە نەزانی و نەخوێندەواری بمێنێتەوە. مەترسییەکە، ئا لەوەدایە. بەرانبەر ئەو قسە و قسەلۆک و بوختانانە، دەبێ ئەوەش بزانین کە مەلای گەورە، لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا کیژی خۆی ناردۆتە قوتابخانە و کیژی ئەو لە ناو هەموو کوڕەکاندا تاکە کیژ بووە. ئەو دوو هەڵوێستە پێچەوانەی یەکە، لە دوو ناوچەی نێزیکی یەک و دوو سەردەمی جیاوازدا بوونە و دوو کاریگەری جیاوازیان بووە و ئێستاش شوێنەواری کاریگەرییان دیارە. ئەو شوێنەی مەلای گەورەی لێ بوو، ئەی ڕەقیبی لێ لەدایک بوو و ئەو شوێنەی مزگەوتەکەی ئیمەشی لێ بوو، من یەکەم کەسی هەموو ناوچەکەیم کە خوێندنی زانکۆم تەواو کردووە. جیاوازییەکە، بە لای کەمەوە پەنجا شەست ساڵ دەبێ و کاریگەریی بۆ وەچەکانی داهاتووش دەمێنێ. جا بزانە هەڵوێستی مزگەوت و پیاوی ئاین چ کاریگەرییەکی هەیە!

مەلا هەن نیگارکێشان و پەیکەرتاشی حەرام دەکەن، چونکە، بە پێی بۆچوونی ئەوان، دەبێ لەوێ دنیا ڕۆح بە بەریاندا بکەن! هەر بەراوردێکی سەرپێی لە نێوان مزگەوت و کەنیسادا، دەریدەخا کە جیهانی مەسیحییەکان چ گرنگییەکیان بە هونەری نیگارکێشان داوە و موسوڵمانەکان، چەند خۆیان لەو هونەرانە بە دوور گرتووە و لە بری هونەری پەیکەرتاشی و نیگارکێشان کفتی دڵی خۆیان بە خەت و نووسین و نەخش دامرکاندۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا مرۆڤی موسوڵمان نەیتوانیوە دەستبەرداری ئەو هونەرە بێ کە لە سەردەمی ژیانی ئەشکەوتەوە خەریکی بووە... خۆی لەو فەتوایانە دزیوەتەوە و بایی خۆی خەریکی بووە و هونەرمەندی سەرکەوتوو یا مەیلەوسەرکەوتوو لە ناو موسوڵمانانیشدا پەیدا بوونە، بەڵام بە دەگمەن بوونەتە هونەرمەندی جیهانیی.

مەلای گەورەی کۆیە لە کوێ بێنین بیر لە توڕەهات نەکاتەوە؟ هەندێ مەلا پێیان گوتبوو: "مامۆستا چۆن گوتووتە فێربوونی زمانی ئینگلیزی جایزە؟ ئاخر ئینگلیزی زمانی کافرانە!" ئەویش فەرموو‌بووی: "من نەمگوتووە جائیزە، گوتوومە واجبە!" ڕێبەری ئاوهامان هەبێ، میللەتێکی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێشکەوتوومان دەبێ. مەلای گەورە، خۆی لە بەرانبەر وەزیر و پاشادا بە گەورە دەزانی و میللەتەکەی خۆشی پێ گەورە بوو، بۆیە هەر بە گەورەیی و گەشی لە مێژووماندا دەمێنێتەوە.

ڕاستە هەرچی ئەدەبی پێشکەوتووی کلاسیکی کورد هەیە لە مزگەوتەوە سەری هەڵداوە و هەرچی شۆڕشە گەورەکانی کوردە بە سەرکردایەتی زانایان و ئیمانداران بەرپا کراوون و شۆڕشوانە کەمئیمان و لا ئیمانەکانی کورد قەت لەوانیان پتر و چاکتر نەکردووە. بەرانبەر ئەو قارەمانانەش، چەندین فەتوای پێچەوانە دراوون و خەڵکیان فێری جاشایەتی حەلاڵ و شەرعی کردووە. بۆ نموونە، کاتی خۆی پاشای عیراق ئەوەندە بە لای خەڵکەوە پیرۆز بوو، گوایە لە بەر ئەوەی وەلی ئەمرە، هیچ کیژێکی عیراق مارەی لێ نایێ! ئەو بابەتە قسانە لە مزگەوتەکانەوە دەهاتنە دەرێ و لە لای خەڵکیش وەها جێگیر دەبوون، دەبوونە دەقی پیرۆز. لە مەسەلەی چوونە سەر پێشاو و تارات و دەستنوێژدا، بێ ئەوەی بیر لە بارودۆخ و سروشتی ئاو و کانیاوی سعودیە و کورستان و تەکنیکی نوێی ئێستا بکرێتەوە، گوایە ئەمە سوننەتە و ئەوە خراپە و ئاوها چاکە، وایان لەو خەڵکە کردووە هەندێ موسوڵمانی واسویس، تا دەستنوێژێک دەشوا، بەر لەوەی مەراق بە خەڵک بکا، بە خۆی دەکا و کاتێکی زۆریش بە فیڕۆ دەدا. لە دەستنوێژ ئاوها و لە نوێژ ئاوهاتر... تا وای لێ دێ، مرۆ دەبێ خۆی تەنها بۆ نوێژ و دەستنوێژ تەرخان بکا ئەوجا دڵی ئاو دەخواتەوە. ئاخر کە لە حەوزێکدا دەستنوێژ بشۆی، ناچاری بە مشت ئاو بە مەچەکتدا بکەی بەڵام لە بەر بۆڕی، ئەو ناچارییە نامێنێ و دەکرێ هەموو مەچەکت بخەیتە بەر ئاوەکە و بە دەستەکەی ترت دەستی پێدا بهێنی. کە مرۆ کاتێکی وا زۆر بۆ دەستنوێژ و نوێژ تەرخان بکا، کوا کاتی ئەوەی دەبێ بیر لە شیکردنەوەی تیۆرییە فیزیاییەکان بکاتەوە یا بیر لە بیرکاری مۆدێرن بکاتەوە؟ هەندێ جار ئاودەستەکانی ئەوروپا، گۆڤار و ڕۆژنامەیان تێدا دادەندرێن و تەنانەت سەرپێشاویش بۆ بیرکردنەوە تەرخان دەکەن. دوای نوێژکردن، نابێ بەرماڵ بە ڕاخراوی بمێنێ نەک شەیتان نوێژی لە سەر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بکا! کەسێک نییە بڵێ: خوا دەکا شەیتان نوێژان دەکا، دە با بەرماڵەکەی من هەر بۆ ئەو بێ! گەر بتەوێ کۆمەڵگایەک پێش نەکەوێ، ئاوها هۆشی بە شیری نێری و جنۆکەی دەستەمۆ و شێوازی ڕۆحکێشان و دەستنوێژی ئەسحابان سەرقاڵ بکە و هەقت نەبێ!

**٢. پێشکەوتن و شارستانییەت بەس بریتی نییە لە دروستکرن و داهێنانی ئامێری کەلوپەل و بنیاتنانی خانوبەرە.**

بە عەبباسییەکان دەڵێن پێشکەوتوو، چونکە لە بیناسازی و دەرمانسازی و ئەستیرەناسی و زمان و شیعر و وەرگێڕانی فەلسەفەدا شارەزا و پێشکەوتوو بوون و لە ڕێی ئەوانەوە فەلسەفەی یۆنان گەیشتە وڵاتە ئەوروپاییەکانی دی. ئەو دەمەی ئەوان بەنجیان دۆزییەوە، ئەوروپاییەکان بە کوتەک و ئەلکۆل و شەراب نەخۆش و برینداریان بەنج دەکرد. بەڵێ عەبباسییەکان پێشکەوتوو بوون و ئەوروپاییەکان دواکەوتوو بوون. کەچی ئێستا، ئێمەی موسوڵمان چی لە ئەوروپاوە ناهێنین؟ ژەهری ئەوان دەمانکوژێ و دەمامکی ئەوان لە گازەکەی خۆیان دەمانپارێزێ. مین هی ئەوانە و ئامێری دۆزینەوەی مینیش هەر هی ئەوانە و چەند تەکنیکی دروستکردنی مین پێش بکەوێ و دۆزینەوەی زەحمەتتر بێ، ئامێری دۆزینەوەشی بەو پێیە ئاڵۆز دەبێ و بەها و نرخی هەردووکیشیان، لە سەر خۆمان گرانتر دەوەستێ و باشتریش لەتوپەتمان دەکا. ئەگەر ئەوان ژەهریان دروست کرد و ئێمە دەمامک، ئەوان مینیان دروست کرد و ئێمە کەرەسەی دۆزینەوەی، مافی خۆمانە بڵێین ئاستێکی باشمان لە پێشکەوتندا بڕیوە. بەڵام، بەڵامدا لەو پێشکەوتنەی ئێمە، نازانین ڕاهێنان بە سەگیش بکەین تا بە بۆن مین بدۆزێتەوە! سەگی فرۆکەخانەش لە دەرەوە دەهێنین! خزمێکم کە خودا مێشکێکی باشی داهێنانی داوەتێ، گێڕایەوە: پێشانگایەکمان کردبۆوە و چەندین داهێنانی تێدا نمایش کرابوون و دڵمان خۆش بوو کە بەرپرسانی حکوومەت دێن و تەماشای دەکەن. کاتێکمان زانی عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیایی) هات، بەڵام لە بری هەموو پشتگیری و هاندانێک، گوتی: چییە سەری خۆتان بەم شتانەوە دەهێشێنن؟!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەرچییەکتان گەرەک بێ لە ژاپۆنەوە بۆتانی دەهێنین! ئاخر میللەتی وا چۆن پێش دەکەوێ؟! ساڵ نییە لە وڵاتە ئەوروپاییەکان، پێشانگا بۆ ئەو جۆرە داهێنانانە نەکرێتەوە و چەند شتێک نەخرێتە سەر پێشکەوتنەکەیان و کەسیش پێیان ناڵێ: سەری خۆتان مەهێشێنن! هەر ئەوە وای کردووە، لەوەتەی بیابان هەیە عارەبی لێ هەیە، کەچی ئەوروپایی بۆ سیاحە ڕووی تێ دەکەن، عارەبانەی بە چارۆگەی لێ دەخەنە کار و لە بری حوشتر بۆ گواستنەوە بە کاری دەهێنن! سەیر لەوەدایە دوایی، عارەبەکان چاویشیان لێ ناکەن! ئاخر، وەک عەلی وەردی باسی دەکا، زانایەک (!!) گوتوویەتی: "کیف تترکون حمارالله و ترکبون الشمندفر؟"

تۆ بڵێی پێشکەوتنی عەبباسییەکان لەو سەردەمەدا لە ئەوروپا بوایە، ئێستا ئەوروپا لە کوێ بوایە. ئەگەر ئیسلام بۆ ئەوروپایی هاتبا، تۆ بڵێی هەر لە سەردەمی عەبباسیەکاندا نەگەیشتنایەتە سەر مانگ؟! بە ڕاستی، هەرچی سەر دەهێنم و سەر دەبەم، زاناکانمان لەوەدا خەتابارن کە موسوڵمانان لەم بارودۆخەدا دەژین و مامۆستا عەلی باپیر بەڵگەیە! ئاخر چۆن پێشکەوتن بریتی نییە لە پیشەسازی و بیناسازی...؟ با بەراوردێک بکەین: ئەو هەموو خانووەی ئێستا بە بلۆک لە کوردستاندا دروست دەکرێن و تەنها بیر لە دیکۆریان دەکرێتەوە، بۆچی یەک تاکە خانووی وا لە سوید نییە؟! خۆ ئەو خانووە بلۆکە، ئەگەر ئاگریشی تێ بەردەی لە زستاندا گەرم ناکرێتەوە و لە هاوینیشدا، هەرگیز فێنک نابێ. تۆش، دەبێ لە زستاندا بە پاڵتۆوە دانیشی و زۆپاکە بخەیتە ئامێزتەوە و لە هاویندا لە بەر موبەڕیدە باوەشێنی خۆت بکەی، جا حسێبی ئەو هەموو مەسەرفی گەرمکردن و فێنککرنە بکە، کە نە گەرم دەبێ نە فێنک! ئەمە دواکەوتن نییە! من پێم وایە دەبێ حکوومەت دروستکردنی خانووی ئاوها، بە یاسا قەدەغە بکا. خەڵک توانای نییە؟ با وەک جاری جاران بە قوڕ دروستی بکا! لەو باوەڕەدام ئەندازیاری پسپۆڕ لە بەهەڵەبردنی خەڵکدا ناتوانێ لەوە سەقەتتری بکا!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێشکەوتن چییە مامۆستا؟ جەنابت... نا، چونکە جەنابت بایی ئەوەت هەیە منداڵت سەرمایان نەبێ، بەڵام کەسێکی دی، کە منداڵی تا بەیانی هەڵدەلەرزن، پێشکەوتنەکەی لەوەدایە نوێژی نەچێ یا تەفسیری قورئان دەخوێنێ یا بە یەک دەستنوێژ سێ یا چوار نوێژ بەڕێ دەکا؟ بورغوویەکی ئۆتۆمبیلەکەت بشکێ، دەبێ بۆی بچیتە ژاپۆن!! ئاسوودەیی، لە ڕووی ئایینییەوە بەسە؟! ئەگەر وایە، دەبا هەموومان دەسبەرداری دنیا بین و خۆمان لە ئەشکەوتێکدا گۆشەگیر بکەین تا دەمرین و سەفەری ڕۆحێ بەرەو بەهەشت دەست پێ دەکەین!

ڕاستە ئەورووپایی لە ڕووی ڕۆحییەوە نائاسوودەن و نائاسوودەیی، بمانەوێ یا نەمانەوێ، جمکی پێشکەوتن و پیشەسازییە، جا پێشکەوتنەکە، لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا بێ یا مەسیحێ، ئەورووپایی بێ یا ئاسیایی. مرۆڤ، لە هەر جێیەک بن، خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە و بە پێی پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی و پیشەسازی، باری دەروونیشیان بەرەو نائاسوودەیی دەچێ. دەکرێ بۆ ئاسوودەیی دەروون، مرۆ دەسبەرداری پێشکەوتن بێ؟!

ئەوەتا مامۆستا بەخۆشی، تەنانەت لە نووسین و بیرکردنەوەشدا هانا بۆ کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان دەبا و ئەگەرچی بە هەڵە بەکاریان دێنێ، بەڵام دەسبەرداری زاراوەکانیان نابێ، جگە لە مۆبایل و تەلەفۆن و تەلەڤزیۆن و قەڵەم و دەفتەر و کۆمپیوتەر و ئۆتۆمبیل... هەتا دەگاتە جامەنە و پشتێنەکەی، سەرلەبەریان هی ئەورووپان. چی هی خۆمانە؟ باوەڕەکەمان؟ ئەوەشمان سەقەت کردووە و وەهامان گچکە کردۆتەوە کەڵکی ئەوەمان پێوە نەهێشتووە ڕێبازی ئازادی بۆ یەک میللەتی ژێردەستەی تێدا بدۆزینەوە... دیارە ئێمە ئیسلامەمان بۆ ڕۆژی پەسڵان دەوێ و ئەگەر وایە، با لە سیاسەتی دوور بخەینەوە و لێنەگەڕێین تێکەڵی درۆودەلەسەی سیاسەت بێ. پێشکەوتن چییە؟ ئیمان؟ ئاخر ئیمامی عەلی کە بەهێزترین ئیمانی هەبوو، ململانێی سیاسی و سەربازی دۆڕاند.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەبێ ئێمە ئەم دنیای فانییە بکەینە قوربانی قەیامەت. بەڵام ڕۆژاواییەکان، قەیامەتیان کردۆتە قوربانی یەک سەعاتی دنیای خۆیان و بەمەش، ئەوان دنیایان بردۆتەوە و ئێمەش قەیامەت. سەیرە خوا بەهەشتی بۆ دواکەوتووەکانی دنیا تەرخان کردبێ! ئەگەر وایە، با چ گلەیی لە بەختی نەحسی دنیای خۆمان نەکەین. سەیر لەوەدایە کەسانی وەک مامۆستا عەلی باپیر، خۆشگوزەرانی دنیاشیان لە ڕێی ئیسلام و ئیسلامەتییەوە مسۆگەر کردووە و دواکەوتنەکە، بەشی گوێگران و پەیڕەوانی ڕێبازەکەیەتی، بە منیشەوە! نازانم بە چ هەقێکەوە، مەلا لە پێناوی قەیامەتی خۆیدا منداڵی خەڵکی بە کوشت دەدا و دەیانکاتە پێشباری قەیامەت! خۆ ئەو خەڵکە گوێرەکە نین بکرێنە قوربانی! حیزبە سیاسییەکانی دی، خەڵک بە ناوی نیشتمان و نەتەوەوە بۆ کوشتن هان دەدەن و ئیسلامییەکانیش بە ناوی ئیسلامەتییەوە. ئیسلامییەکا، هەردوو دنیای تایبەت بە خۆیان مسۆگەر دەکەن و ئەوانی تریش، تەنها دنیا! خەڵک دەکوژرێن و سەرانی کورد، بە ئیسلامی و نائیسلامیەوە، بە خۆیان و منداڵیانەوە ئێستا و پاشەڕۆژیان پارێزراو و مسۆگەرە و لەو نیعمەتەوە دوورن کە بۆ هەژاران و بەرخەنێرەکانیان بە ڕەوای دەبینن! بۆ؟ هەر لە بەر ئەوەی دەزانن بڵێن: "پێشکەوتن و شارستانییەت بەس بریتی نییە لە دروستکرن و داهێنانی ئامێری کەلوپەل و بنیاتنانی خانوبەرە"؟! باشە کێ دەڵێ ئەو بابەتە قسانە، بە ئایەتێک یا حەدیسێک بەتاڵ ناکرێنەوە و کێ دەڵێ زاناکانی تر لەو بۆچوونانەدا لەگەڵی کۆکن؟!

ئێمە، هیچ شتێکمان هی خۆمان نییە. نە جلوبەرگ نە بزمار نە کەرەسەی خاوی ناڵ، نە نووکی قەڵەمی جاف، کە سویدییەکان شانازی بە داهێنانیەوە دەکەن. هەرچیمان پێویست بێ دەبێ لە کافرەکان بپارێینەوە بۆمان فەراهەم بکەن، جگە لەوەی کەرەو پەنیر و ماست و تەنانەت (دۆ)ش لە توکیا و ئێرانەوە دەهێنین! خەڵک نەبن، دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ژیانی سەردەمی بەرد و ئەستێ، کە نازانم (قاو)ەکەی، جەمەدانە کۆن نەبێ، لە چی دروست دەکرێ. ئەورووپا نەبێ، دەبێ بە دوعایان فڕۆکەی ئێڤ شانزە بەردەینەوە و لە سەر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێستی گا (ئی مەیل) بنووسین! پێشکەوتن چییە؟ هەر ئەوەیە لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و شاشەی تەلەڤزیۆنەوە، کە بەرهەمی ناموسوڵمانن، بە جۆرێ قسان بکەین، وەک ئەوەی ئەو عالەمە ڕاست و چەپی خۆیان لێکنەکەنەوە و بە ناو تاریکستاندا دەستیان بگرین؟ پێشکەوتن، سووکایەتییە بە سروودی نەتەوە؟ مەسەلە بەهەشتە؟ ئەگەر وایە، واز لەو خەڵکە بێنە با مۆتەکەی کیمیاوی و ئەنفالی بەس بێ و دەسبەرداری دنیا بە!

**٣. وڵاتە ئیسلامییەکان ئێستا لەوپەڕی ژینتاڵی و چارەڕەشی و دڵەڕاوکە و نائارامیدا دەژین...**

وڵاتە ئیسلامییەکان بۆچی وان و کەنگێ وا نەبوونە؟ ئەگەر عارەب موسوڵمانی ناعارەب بە خزمەتکاری خۆی بزانێ، دیارە بە لای ئەو ناعارەبەوە گرنگ نییە چ زەرەرێکی گەورە بەو ئاغایە دەگا. دەیان ساڵە، کورد زەرەر بە ئابووری دەوڵەتێکی وەک عیراق دەگەیەنێ و عارەب ئەوەندە ژیر نین هەر ئەو زەرەرانە ڕەچاو بکەن و لە کۆڵێ خۆیان بکەنەوە. یا دان بە مافی کورددا بێنن یا جیایان بکەنەوە. ئەوەی کورد کردوویەتی، ئەگەر گەلەگورگێکی ئەورووپا مێگەلە مەڕێکیان داپاچێ، ئەورووپاییەکان هەوڵی زۆرتر بۆ چارەسەرکردنی دەدەن! میللەتە موسوڵمانەکان چۆن پێش دەکەون؟ سەیرە، ئەگەر کورد باسی زمانی خۆی بکا، بە خیانەتکاری بۆی لێکدەدەنەوە و فارس عارەب بە کوللەخۆر دانێ و عارەب ئەوان بە مەجووس حسێب بکا وترک غەیری خۆیان بە بەشەر نەزانن... دوو میللەتی موسوڵمان نەبن خۆشییان بە یەکدی بێ، دەبێ چ هاوکارییەکی یەک بکەن، جگە لەوەی مێژوویان پڕە لە ناکۆکی و شەڕی قڕان و تاڵان و کوشتار. چ مەرجێکی پێشکەوتن لە ناو میللەتە موسوڵمانەکاندا هەیە؟ ئەگەر سروشتە ئەگەر خوایە، نەوت و کانزای گرنگی تری پێ بەخشیون، کەچی هەمووی لە ڕۆژوا دەدەنە چەکی باوەناوی ئێکسپایەر و لە شەڕی یەکتردا بە فیڕۆی دەدەن!... بەردەوامیش، نەفەرەت لە ڕۆژاواییەکان دەکەن و دەیانکەنە شەیتان! ئەو (برا!) عارەبانەمان چۆن بیر بکەنەوە کە تا ئێستا تێنەگەیشتبن ئەگەر کورد



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مافی نەتەوایەتی خۆی نەبێ، هیچ لایەکمان ژیانی ئاسوودە نابەینە سەر و ماڵوێرانی هەرە گەورەش بە سەر کورد دێ؟ تۆ بڵێی کەی تێبگەن تا ئێمە کۆیلە بین، دەبێ ئەوان رێکەوتننامەی سەرشۆرانەی وەک ئەوەی جەزایر مۆر کەن و کەرامەتی خۆیان بفرۆشن و ئێمەش ئەنفال بکرێین؟ بەم تەرحە، نەک هەر قودس رزگار ناکەن، بەڵکو نێوان نیل و فوراتیش دەبەخشنە جوولەکە. راستە هەمیشە کورد لە شەری گفتوگۆی بەردەوامدا دۆراندوویەتی، بەڵام خۆ ئەوانیش براوە نابن و ناچارن لەشکری زۆریان هەبێ و بۆ ئەوەش، ئەوان خۆیان، پێویستیان بەوە دەبێ، کورد شۆرشی هەبێ تا لەشکرەکەیان بێکار نەبێ! دروستبوونی عیراق بەزمێکی وایە، مەگەر شەیتان سەری لێ دەرکا! دوای ٩٠ ساڵ لە دروستبوونێ عیراق، کەی تێدەگەن کە دەوڵەت وا نابێ! دەوڵەتە ئیسلامییەکان دواکەوتون؟ خوای دەکرد داریان بە سەر بەردیانەوە نەدەما و پۆخڵەواتی ئاوها، تا وێران نەبێ چاک نابێ! کەی تێدەگەین بۆیە ناوچەکە ئاوها داتاشراوە، ئاسوودە نەبێ و کارگەی چەکی رۆژاوا بگەرێ؟ بزانە چۆن هەر وڵاتێک پێویست بێ دابەش بکرێ، شەو و رۆژ دەهۆڵی یەکپارچەیی خاکەکەی لێ دەدەن! سووادان و عیراق و سووریا و تورکیا و ئێران، ژانی دابەشبوون گرتوونی و تەنگاوی دابەشبوونن، کەچی هاوار بۆ یەکپارچەیی خاکیان دەکرێ! ناوەڵڵا ئەم وڵاتە ئیسلامییانە، هەرگیز ئاسوودە نابن و قەتیش رێک ناکەون! پێشکەوتن مەرجی خۆی هەیە و ئەو مەرجانە لە ناو ئەو بابەتە کۆمەڵگایە بوونیان نییە. ئاخر گاڵتە نییە رۆژاواییەکان نایانەوێ ئەم وڵاتانە دابەش بکرێن. ئەگەر جەنابت، مامۆستا، رقت لە رۆژاوایە، باش بزانە یەکپارچەیی خاکی ئەم وڵاتانە لە بەرژەوەندی ئەواندایە! ئەم داگیرکەرانە کە لە خزمەتی رۆژاوادان، تەنانەت لە سەر ناوەکانیشمان دەمانچەوسێننەوە! بە هۆی ئەم (کاکە) پاشناوەی منەوە، ژەهری ماریان بە قورگدا کردووم! ئەدی دەبێ ئەم مامۆستا بەرێزە لە سەر (بابیر) چی پێ کرابێ!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەخێر نە وڵات وا دەبێ نە میللەت وا دەبێ نە پێشکەوتنیش ڕوو لە شوێنی وا و خەڵکی وا دەکا و قەتیش عەجایەب نییە موسوڵمانان دواکەوتوو بن. دەبینی زانایەکی کورد کە دەچێتە یەکێ لە وڵاتە ڕۆژاواییەکان، لە بواری زانستی خۆیدا ناو دەردەکا، کەچی لێرە، هەمیشە هەڕەشەی کوشتنی لە سەرە! هۆی دواکەوتویی دیارە مامۆستا. جا با لە خۆمانی تێکنەدەین و پێویست ناکا زاراوەی (عیبادەتی خاک و نەتەوە) بە مل کەسدا بدەی! بەو تۆمەتەش کورد پێش ناکەوێ!

لەوەتەی سەددام ڕووخاوە، عارەبی سوننە لەزەتی ژنکڕین و ژنفرۆشتنیان نەماوە.. بزانە خەریکە هار و شێت دەبن و هەموو ئیسلام و هەموو مێژوو و هەموو قورئانیان خستۆتە کار بۆ کۆیلەکردنەوەی کورد و شیعە، یەک کەسیشیان نییە بە یەک وشە خراپەی ئەو مەلایانە بڵێ و سەرلەبەریان لە سەر ڕایەکانیان، کۆکن! ئەوان فێری کۆیلەدارین و ئێمەش بە خۆمان و حیزب و سەرکردە و مەلامانەوە، فێری کۆیلایەتین، نەتەوەییە بێ دەسەڵاتەکانمان نەبێ کە هەر یەکە و لە کونجیماڵی خۆیەوە نووزەی نارەزایی دێ، لە سەر ئەو نووزەیەش، لە هەموو لایەکەوە هێرش دەکرێتە سەریان و تۆمەتبار دەکرێن. ئاخر جێی سەرسوڕمانە مەلایەک و کۆمۆنستێک و (شۆڕشگێڕ!!)ێک لە سەر دەمکوتکردنی کوردی نەتەوەیی یەک ڕا و یەک هەڵوێستیان هەبێ و لە یەک سەنگەردابن! نازانم مامۆستا ئاگای لێیە ڕێ بە نەتەوەییەکان نادرێ بنکەیەکیان هەبێ، ئەگەر حیزبەکان خۆیان پێناسەی نەتەوەییان بۆ نەکەن! بەڵام دڵنیام ئەگەر عارەب بشمانخۆن، لە قوڕگیان گیر دەبین! کورد هی ئەوەیە ئەنفال بکرێ، بەڵام هی ئەوە نییە بخورێ! کورد دەبێتە جاش بەڵام نابێتە عارەب. کورد لە جاشایەتیشدا کە دژی میللەی خۆی شەڕی کردووە، ویستوویەتی بیسەلمێنێ کە لە عارەب ئازاتر و شەڕکەرتر و نەترسترە!! بیستوپێنج سەدەیە کورد دەوان دەدا و دەدۆڕێنێ و تێکدەشکێ، تەنها کوردبوون و زمانەکەی بۆ ماونەتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو زوڵم و زۆرەی کە عارەبەکان بەرپایان کردووە، هی ئەوە نییە لێگەڕێن بحەسێینەوە یا خۆیان بحەسێنەوە. کابرایەکی وەک زەکەریا تامر، کە نووسەریکی ناوداری سووریایە و زۆر لە بەرهەمەکانی کراونەتە کوردی و کورد لەزەت لە بەرهەمەکانی دەبینێ، جارێکیان گوتی: "خەڵکی شیمالی عیراق عەمیلن". دەک دەستم بشکایە بەڵام ئەو چیرۆکەیم نەکردایەتە کوردی کە کردم!

خۆ ئەگەر واز لە دنیا بێنین و هەر خەریکی قەیامەت بین، پێم وایە کەس لە ئێمەی کورد براوەتر نییە! بەڵام پێم وا نییە خوداش کەسێکی خۆش بوێ زوڵمی پێ قبووڵ بکرێ، جا با قەبووڵنەکردنەکە سەد جۆریشی هەبێ و یەکێکیان ئەزعەف بێ. وڵاتە ئیسلامییەکان لە چارەڕەشیدان چونکە موسوڵمانان دەستیان لە دنیا پێ بەردەدرێ و لە هەوڵی بەدەستهێنانی قەیامەت و تێکشکاندنی دنیای یەکتردان. لەگەڵ ڕێزمدا بۆ زانا کوردپەروەر و لێهاتووەکان، کێ لە ژیاندا پێشکەوتن بە دەست نەهێنێ، چاکترین ڕێگا ئەوەیە چەند ئایەت و حەدیسێک لە بەر بکا و فێری تەڵقین و مارەبڕین و تەڵاقخستن و چاککردنەوەی تەڵاق بێ و بچێتە ناو جیهانی مەلایانەوە و لەو ڕێیەوە نانی خۆی پەیدا بکا. چەند ئاسانە! کەواتە چاوساغمان ناسەرکەوتووەکان دەبن و ئاساییە بەرەو هەڵدێرمان بەرن[1]. ئەگەر مامۆستا دەسبەرداری دنیا بێ و هەر خەریکی پێکەوەنانی توێشەبەرەی قەیامەت بێ تا خودا لە ئاگر بیپارێزێ و بەهەشتی بە نسیب بکا، چ قسەم

---

[1] حەسەن عەلەوی دەڵێ: وشەی مەلا (موللا) لە مەولا، واتا (سەید ـ ئاغا)وە هاتوە و تورکی عوسمانی کردوویانەتە (مەنلا) و لە ئەنجامدا بەوانە گوتراوە کە لە خوێندندا ناسەرکەوتوو بوونە و لە پرسەدا قورئانیان خوێندووە و لە مەولوودیشدا مەدحیان خوێندووە. بە شێوەیەکی گشتی بە دەروێش و شەعبەدابازیش گوتراوە. ئەو وشەیە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و زانستییەوە بۆ ئەوە دەست نادا بۆ زانای ئاینی بەکار بهێندرێ.

لە لایەکی ترەوە، جارێکیان مەلای گەورە زاراوەی مەلای بۆ عەبدولقادر گەیلانی بەکار هێنابوو و یەکێ لە ئامادەبووان نارەزایی دەربڕیبوو گوایە گەیلانی لەوە گەورەترە پێی بگوترێ مەلا. ئەویش گوتبووی: "تووڕەم بکەن، دەڵێم مەلا خوا". واتە پلەی مەلا لە ناو کورددا گەلێ بەرزە و ڕێزی لێ دەگیرێ.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نامێنێ ئەوە نەبێ: زۆر چاکە، بەڵام واز لەو خەڵکە بێنە مامۆستا! بەڵام نا، ئەو هەردووی دەوێن! لەم دنیا، ئەوەندەی هەبێ بتوانێ ڕێزی ئەی ڕەقیب نەگرێ ولەو دنیاش بە لای حەزرەتی فەخری عالەمەوە دانیشێ.

**٤... ئەو زانیاریانەی بوونە بنچینە و سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم بەرەوپێشچوون و گەشەکردنە... کاتی خۆی ئەوروپاییەکان لە جیهانی ئیسلامیانەوە وەرگرت پاشان بۆ خۆیان زیاتر گەشەیان پێ کرد و خەملاندیان.**

من ئەمە بە شکاندنەوەی کەسایەتی موسوڵمانان دەزانم. سووکایەتیکردنە بە موسوڵمانان. ئەلفوبێ یا کەرەسەی پێشکەوتن هی موسوڵمانان بوو کەچی ئەوروپایی سوودیان لێ دی. ڕاستە عەبباسییەکان (سفر)یان دۆزییەوە، کە بچووکترین ژمارەی تەواوی نانێگەتیڤ و کاریگەرترین ژمارەیە، بەڵام ئەوروپاییەکان زانستیان لە سەری پێکهێنا و کۆمپیوتەریان لە سەری دروست کرد و ئەو سفرە نەبوایە کە موسوڵمان دۆزییانەوە، ئەم تەکنەلۆژیایەی ئێستا مەحاڵ دەبوو. خۆ سفر لای ئەمان بێ یا ئەوان، هەر سفرە، بەڵام بۆچی موسوڵمانەکان کە دۆزییانەوە، پەرەیان پێ نەدا، یا ڕاستتر، لە بەکارهێنانیدا، مافی خۆیان پێ نەدا؟ بەڵێ عەبباسییەکان چێوەی زەوییان پیوا بەڵام ڕۆژاواییەکان، یا ڕاستتر، جیهانی مەسیحییەکان چوونە سەر مانگ و مانگی دەسکردیان ناردە بۆشاییەکانی ئاسمان و پەرەیان بە پەیوەندییەکان دا و هەندێ لە مەلاکانی ئێمەش، کە ئاگایان لەو پێوانەکارییەی زەوی نەبوو، دەیانگوت: چوونە سەر مانگ درۆیە و کەس حەددی ئەوەی نییە بچتە سەر مانگی خودا... وەک ئەوی چیا و حوشتر هی خوا نەبن کە خەڵک دەچنە سەریان. بەڵێ عەبباسیەکان برینکاری مۆخیان کرد و بەنجیان داهێنا بەڵام ئێستا موسوڵمانان، بۆ بچووکترین کێشەی تەندروستیی، ئەگەر خواپێداو بن و بواریان هەبێ دەچنە وڵاتە ئەوروپاییەکان. ڕاستە، هەمووی ڕاستە و ئەوەش ڕاستە کە ڕۆژاواییەکان داهێنانێک دەکەن یا نهێنییەک ئاشکرا دەکەن، مەلاکانمان گورج ئایەتێک یا حەدیسێک دەدۆزنەوە و دەڵێن: ئەها ئەوەتا ئەو زانستە لە قورئانیشدا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باسی كراوە! بەڵام كاكی خۆم، مامۆستای بەڕێز! بۆچی هەزار و چوارسەد ساڵە ئەو قورئانە لە بەر دەستی جەنابتدایە بەڵام ئەو نهێنییەت كەشف نەكردووە و غەیرەددین بۆیان كەشف كردی؟! ئەدی تا ئێستا ئەو ئایەتە چۆن تەفسیر كرابوو و ئەوەی باوەڕی بەو تەفسیرە نەبووبێ، چیتان پێ دەگوت؟ یا ئەو ئایەتە ئەو باسەی تێدا نییە و جەنابت بە كەیفی خۆت دەیگونجێنیت، یا دەبێ موسوڵمانان هۆشی ئەوەیان نەبێ لێی تێبگەن! كامەیان ڕاستە؟! كە شانازی ئەوەمان هەیە بنەمای زانست هی موسوڵمانە و ڕۆژاواییەكان پەرەیان پێ داوە، وەک ئەوەیە ئێمە ئەلفوبێمان داهێنابێ، بەڵام خەڵک بەكاری بێنن و بەخۆشمان لە بەر بێ حەرفیی پەكمان كەوتبێ! پێت وا نییە هەموو زانا و زانست و پێشكەوتنی سەردەمی عەبباسییەكان كرابێتنە قوربانی شەوی سووری ئەمیری موئمنین و دەستە و تاخمی ئەمیر و ململانێی دەستە و بازنەی ئیماندار و كەویكردنی موالی و تێكشكاندنی شۆڕشی كۆیلە و بەیتی بلەی چۆنیەتی چوونە سەر پێشاو و تەفسیری ئاو بە ئاو؟ پێت وا نییە نیوەی توانای هۆشی مسوڵمانان بۆ ڕێوڕەسمی دەسنوێژ و نوێژ و حور و غیلمان بە خەرج درابێ و نیوەكەی تری بۆ تێكشكاندن و زەلیلكردنی هاوئاینی نەیار و نەیاری هاومەزەب و داگیركردنی ناوچە و خاكی یەكتر؟ ئەوەی ئێستا دەیبینین، ئەنجامێكی ئاسایی ئەو ڕێڕەوەیە كە بۆ موسوڵمانان دانراوە و دەبێ شوكرانەبژێر بین كە ئەوەندەشمان لێ ماوە و ئەوەندەشمان هەیە و دەزانین جلوبەرگی بەرهەمی خەڵک بپۆشین و هەندێ لە كەرەسەكانیان بەكار بێنین! لە سەردەمی خێرایی ڕەهادا، ئێمە خەریكی ئەوەین ئایە دەستنوێژ لە ژن دەشكێ یا ناشكێ؟! كەس نییە بڵێ: تۆ خۆت دەزانی دەشكێ یا ناشكێ، چونكە كەس لە دڵی تۆدا نییە ئاخۆ ئەو (لەمس)ە چ هەستێكت دەداتێ! ناموسوڵمانەكانیش، بەو خێراییە ڕەهایە، خەریكی پەرەپێدانی تەكنیكی زەلیلكردنی ئێمەن! من بەش بە حاڵی خۆم، هەموو خەتا دەخەمە سەر ئەوانەی ڕێڕەوەكە بۆ موسوڵامان دیاری دەكەن، دەنا موسوڵمانیش مرۆڤن



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و ئەگەر مەودایان پێ بدرێ پێش دەکەون. ئاخر حیزبە نادینییەکانیشمان، دەیان ساڵە، هەر خەریکی چەواشەکردنی ئەو میللەتە زەلیلکراوەمانن!

## زانای ڕەسەن و زانای ناڕەسەن

مامۆستا لە لاپەڕە ١٣٥ی کتێبەکەیدا دەڵێ: ...**قەت زانا و پێشەوا ڕەسەنەکانی ئاینەکەت وەک قەشە و پاپاکان لەگەڵ دەرەبەگ و سەرمایەداردا نەبوونە پێڕێک ببنە ملۆزمی جەماوەری چەوساوە**...

ئەم ڕەسەن و ناڕەسەنەی کە مامۆستا باسی دەکا، لە زۆر بوار دەربازی دەکا، بەڵام هەر خۆی پێی وایە دەرباز بووە. زۆرمان لەم بارەیەوە گوت، بەڵام کێ بڕیار دەدا کامە زانا ڕەسەنە و کامە ناڕەسەنە و کامەیان ڕاستە و کامە ناڕاستە؟ دیارە مامۆستا، کامە بە دڵی خۆی بێ، واتە لەگەڵ بۆچوونەکانیدا یەک بێتەوە، ئەوەی بە لاوە ڕەسەن و ڕاستە. منیش، مادام ڕاست و چەپی خۆم لێک دەکەمەوە، دیارە مافی خۆمە کامە زانا بە ڕەسەن بزانم و کامەم بە لاوە ناڕەسەن بێ، هەر وەها کەسانی تر، تا دەگاتە ئەوەی کەسێ ئەو زانایەی بەلاوە ڕەسەن و ڕاست بێ، کە تەڵاقی چاک دەکاتەوە! خۆ خەڵکانێکی موسوڵمانیش هەن مەلا لوقمەخۆرەکانی سەنگەری بەعسیان بە ڕەسەن دەزانی... ئاوها پێدا وەرە تا دەگاتە ئەوەی کە هەیە خەیروڵڵا توڵفاحی پێ ڕەسەن بێ. زانای چاک و ڕەسەن ڕێژەییە و هەر کەسە و بە پێی بۆچوون و بەرژەوەندی خۆی زانایەک بە چاک یا بە ڕەسەن دەزانێ و کامەیان دنیا و قەیامەت ئاسان بکا و ڕزقی حەرامی بۆ حەڵاڵ بکا، ئا ئەوە خۆیەتی! ئەوەتا منیش بۆ بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆم، بە دوای زانای وادا وێڵم کە ڕێیەک بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەم لە ناو ئیسلام و دەرەوەیدا بدۆزێتەوە. بۆ من، شێخ مەعشووق خەزنەوی، لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕەسەنایەتیدا، پلەی لە ئاستی ئەبوو زەڕدایە... ئەمەوییەکان، ئەبو زەڕیان لە سەر هەقخوازی شاربەدەر کرد بەڵام بەعسییەکان شێخ مەعشووقیان لە سەر هەقخوازی کوشت.

ڕاستە مێژووی مزگەوت وەک مێژووی کەنیسە ئەوروپاییەکان ڕەش نییە، بەڵام هێند مەلای بەرژەوەندویست و لادین زۆرن، پیاو شەرمی دێ بە زانایان دانێ. برادەرێک کە سەر بە بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتووی ناوچەیەکی کوردستان بوو (نامەوێ ناوی بهێنم) گێڕایەوە: باپیرم بەڕۆژوو بوو و دوای عەسرێکی درەنگ توینێتی زۆری بۆ هێنابوو، تەماشایەکی مەلای گوندەکەی کردبوو و گوتبووی: "مامۆستا، وا بزانم وەختی بانگی فتارە!" ئەویش یەکسەر گوتبووی: "بەڵێ قوربان، وەختێتی!" ئیدی بەو عەسرە بانگی مەغریبی دابوو و (جەناب)یش لە سەر حیسابی ویژدان و ئیمانی مەلا، فەتاری خۆی کردبۆوە. دەبێ ڕۆژووەکەی قەبووڵ بووبێ؟! هەر بە ڕاستی پێم خۆشە ئەو وەڵامە بزانم!! ئەدی دەبێ ئەو مەلایە، چەند کاری خەڵکی ئەو ناوچەیەی لە بەر خاتری (جەناب) و بە پێی شەرع سەقەت کردبێ و چۆن کیژۆڵانی لە (جەناب)زادەکان مارە بڕیبێ و چۆن ژنی خەڵکی لە بەر خاتری ئارەزووی جەناب بە تەڵاقدان دابێ و چ درۆودەلەسەیەکی تری کردبێ! مەلا لەگەڵ دەرەبەگ و سەرمایەداردا نەبۆتە پێڕ؟! پێم وایە معاویە بوو شتێکی لەو بابەتەی کردبوو و ڕۆژی چوارشەممە، نوێژی جومعەی بە خەڵکەکە کردبوو.

ساڵی ١٩٧٩ کە سەددام حوسێنی بەعسی و ئەنفالچی بووە سەرۆککۆمار و کەوتە گەڕان و بە سەر کردنەوەی ڕەعییە (بێت... بێت... زار الشعب)، لایدایە گوندێکی کوردستان و بە چاوی خۆم لە تەلەڤزیۆنەوە دیتم مەلای گوندەکە زۆری بۆ کیژێکی هەشت نۆ ساڵان دەهێنا و پێی دەگوت: "پێڵاوی ماچ کە... پێڵاوی ماچکە!..." سەددامیش قاقا پێدەکەنی. خودای بە بان سەرانەوە! نە دەمەوێ دنیام وەک دنیای ئەو مەلایە بێ نە قەیامەتم وەک هی ئەو بێ و نە قەبرم لە قەبریەوە نێزیک بێ، جا خوای دەکرد بەرماڵی بە ئاسماندا دەفڕی! دەبێ کەس ئەوانە بە ڕەسەن نەزانێ؟ مەلا لەگەڵ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زۆرداردا نابێ، مامۆستا! قەشەکانی ئەوروپا، قەت بێزیان نەهاتووە بۆ هیچ پاشایەک ئەوەندە خۆیان بچووک بکەنەوە، بە پێچەوانەوە پاشاکان لە ئاستیاندا دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبوو. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەوروپاییەکان، هەتا خۆیان لە دەستی کەنیسە ڕانەپسکاند و ڕێنیسانسایان بەرپا نەکرد، نەکەوتنە سەر سکەی پێشکەوتن. لەگەڵ ئەو خۆڕاپسکانەشدا، ئەگەر باوەڕیشیان بە مەسیحییەت نەبێ، ڕێزی کەنیسە و ئەو دابونەریت و کەلەپوورە هەر دەگرن کە پەیوەندییان بە کەنیسەوە هەیە و زۆربەی جەژنەکانیان، ئاینییە.. لەمەشدا، کورد، چۆن زێدەڕۆیی لە ئایندا دەکا، لە بەرەنگاربوونەوەی ئاینیشدا زێدەڕۆیی دەکا. واتە، نە دینداریمان وەک ئەوانە نە لادانمان لە دین!

لە مێژووی ئیسلامدا، یا ڕاستتر بڵێم، لە مێژووی دەسەڵاتدارانی ئیسلام و زانایانی ئیسلامدا، بە شێوەیەکی دی چاوبەستەکێ لە خەڵک کراوە. ئەوەتا هەتا ئێستاش دەسەڵاتدار دەتوانێ میللەتێک قڕ بکا بێ ئەوەی زانایانی ئیسلام بە دەنگ بێن. مەسەلەکش، ئەگەر ڕەگەزایەتی و بەرژەوەندی لێ دەرکەین ئەوەیە کە فەرمانڕەوا بە سێبەری خوا و وەلی نیعمەت حسێبی بۆ کراوە و کەم کەس، بێ ئەوەی ئیمانی لەق بێ، دەتوانێ خراپەی بڵێ. ڕاستە ئێستا ئەم بۆچوونە لە ناو کورددا گۆڕاوە، بەڵام شوێنەواری لە ناخی هەر یەکێکماندا ماوە. سەلام عارف کە سەرۆکی عیراق بوو، برینێکی وای لە هەستی کورددا کرد، شوێنەواری ناسڕێتەوە. کاتێ لە کەرکووک قوتابی ناوەندی بووم، ئەو کابرایە هاتە کەرکووک و منیش بە دوای مەوکیبەکەیدا ڕام کرد بۆ ئەوەی لە نێزیکەوە ببینم. کە دوایی بۆ باکمم گێڕایەوە، باوکم بە قێزبوونەوەیەکی واوە سەریری کردم و گوتی: "دەک داڕزێی! بە دوای سەلام عارفدا ڕات کرد؟!" هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. هەتا ئێستاش شەرم لەو ڕەفتارەم دەکەم و هەرگیز، بۆ هیچ دەسەڵاتدارێک دووبارەم نەکردەوە.

باشە چەند ساڵ بە ناوی ئیسلامەوە حوکم کراوە؟ بە ئەمەوی و عەبباسی و تورکی عوسمانییەوە، لە ساڵی ٦٣٤ەوە تا ١٩١٧ی زاینی، کە دەکاتە ١٢٧٣ ساڵ حوکمی وڵاتە ئیسلامییەکان بە ناوی ئیسلامەوە کراوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایە ئەو هەموو ماوەیە بەس نییە بۆ تاقیکردنەوەی حوکم؟ خۆ دوای عوسمانی و هەتا ئێستاش لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا، کەم و زۆر، یاسای ئیسلام، ئەگەر پەیڕەویش نەکرابێ ڕەچاو کراوە و سەروەرە. کەچی ناوچەکان ئاسوودەیی و ئارامییان بە خۆیانەوە نەدیوە و پێ ناچێ بشیبینێ ئەگەر کێشە نەتەوەیی و ڕەگەزییەکان چارەسەر نەکرێن. لە هەموو ئەو ماوەیەدا، دەسەڵاتدار ئاینی بۆ خۆی و قەوم و قیلەی خۆی و بەرژەوەندی خۆیان بەکار هێناوە و بەشی خەڵکی ڕەشوڕووتیش هەر چەوسانەوە بووە. ئاخر دەسەڵاتداران چۆنیان ویستبێ ئاوهایان تەفسیر کردووە و لە هەموو سەردەمەکانیشدا، پیاوانی ئاین باش ژیاوون و پشتگیرییان لە دەسەڵات کردووە. ئاخر کوردیش دەبێ بە پێی بەرژەوەندی خۆی تەفسیر بدۆزێتەوە و ئەوە ئەرکی زاناکانە.

پەیامبەری ئیسلام لە سەر حەسیرە شڕ دەنوست و ئیمامی عەلی کراسی زبری لە بەر دەکرد، بەڵام مەلای مزگەوتی گوندێکی ئێستای کوردستان بەو ژیانەی ئەوان ڕازی نابێ چجای دەسەڵاتدار و خەلیفەی زەمان و خودای سەر زەوی بێ ـ بۆ نموونە ـ موعیز ئەلدەولە کراسێکی بە ڕادان دا بوو کە بە زێڕ وێنەی مەککەی لە سەر نەقش کرابوو و خۆشەویستیی خودا و پێغەمبەری لە سەر نووسرابوو. ئەدی تا سەردەمی عەلی بە سەر نەچوو و وەچەی هند و ئەبو سوفیان دەسەڵاتیان نەبوو، بۆ شتی وەها نەدەکرا؟ ئایە خودی مامۆستا عەلی باپیر کە هێشتا دەسەڵاتی وڵاتیشی لە دەستدا نییە، دەتوانێ بەو ژیانە سۆفییانەی عەلی قایل بێ کە دوای مردنی، تەنها ۳۰۰ درهەمی لە دوا بەجێ ما و بەرانبەر عوسمان بووە چەپی ناو ئاینی ئیسلام؟ ئاخر عوسمانی دووەم خەلیفە، ۱۵۰ هەزار دینار و (هەزار هەزار) درهەم لە خەزنەکەیدا بوو.

لە ڕاستیدا هەوڵدان بۆ فەرمانڕەوایی ئیسلام، هەوڵدانە بۆ ئەوەی هەندێ مرۆڤ، کە نانیان لە سەر ئاینە، دەسەڵاتیان هەبێ. ئەوانە، بە لای خۆیانەوە بە پێی یاسای ئیسلام فەرمانڕەوایی دەکەن و هەر ڕەخنەیەکی کە لێیان دەگیرێ، دەبێتە ڕەخنە لە ئاینی ئیسلام. ئەمەش مەترسییەکەیە... کێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەتوانێ ڕەخنە لە حوکمی شەرع بگرێ و سەری بە سەلامەتی دەرچێ، یا بە لای کەمەوە خۆپیشاندان لە دژی دەرنەچێ؟ ئەوان بە ناوی خواوە حوکم دەکەن و بەربەستیان لە بەردەم بەرهەڵستکاراندا داناوە. خۆ ئەگەر ڕەخنەش لە دەسەڵات نەگیرێ، ئیدی دەروازەی پێشکەوتن لە ڕووی کۆمەڵگادا خڕ دادەخرێ. لە هەر سەردەمێکدا بە ناوی خوا و ئاینەوە حوکم کرابێ، ئیدی وەلاتانی ئەو دەسەڵاتە زۆر زەحمەت بووە چونکە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات، بە بەرەنگاربوونەوەی ئیسلام و بە ناشەرعی دانراوە، بۆیە سەدان ساڵ لە سەر یەک حوکمیان کردووە و بە کەیفی خۆیان کوشتوویانە و بڕیویانە و تاڵانیان کردووە. لە باری وادا، دەبێ یا چاوەڕوانی زانای لە حاکم زاناتر و دڕتر بین ئەو دەسەڵاتە بگۆڕێ، یا لادینێک بێت و پەلاماری بدا. ئەبوو موسلیمی خوراسانی ئەمەوییەکانی گۆڕی و هۆلاکۆ عەبباسییەکانی گۆڕی و دەوڵەتە ڕۆژاواییەکانیش، کە موسوڵمان نەبوون، عوسمانییەکانیان وەلانا... سەددامیش کە زۆر لەوانەی پێش خۆی بەدتر بوو، بە هەمان دەردی عوسمانییان چوو و ئەمەریکای ناموسوڵمان وەلای نا. بەڵام حوکمی دەسەڵات لەم سەردەمەدا وای دەوێ کە بخرێتە بەر وردپێوی و لێپرسینەوە و ڕەخنەوە. پێم وایە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئەوەی دژی دەسەڵات بێ، دژی شەرعە و بە شەرعی لەگەڵدا دەکەن، بۆیە ئەگەر هێزێکی دەرەکی لای نەبا، وا بە ئاسانی لاناچێ. لە کاتێکدا زۆر لە زانا سوننەکان، نانیشیان دەخۆن و بە موسوڵمانیشیان نازانن، مەگەر بەم دواییە بەرژەوەندی و گیرفان هەڵوێستیانی گۆڕیبێ.

لە لایەکی تریشەوە، سیاسەتی ئەم سەردەمە پێویستی بە هەندێ کەرەسە هەیە کە زەحمەتە لە ئیسلامدا جێیان ببێتەوە: دووڕوویی و فێڵ و درۆی ماکیاڤێللییانە، کە شەرع هەر وا بە ئاسانی ڕێیان نادا. کام مەلای کورد ڕێ دەدا ئەو فێڵە لە میللەتێک بکرێ کە لە ساڵی ١٩٧٥دا ئەمەریکا و ئێران لە کوردیان کرد؟ هەر کاتێک هەر حاکمێکی موسوڵمان ئەوەی کرد، بە باوەڕی من، حوکمەکەی دەبێتە حوکمێکی نائیسلامی وەک ئێرانی زەمانی شا. تەنها لە سەردەمی چوار خەلیفەکەدا، تا ڕادەیەک شەرع پەیڕەو کراوە،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوەش دوو هۆی هەیە: یەکەم، لەو سەروبەندەدا خەریکی غەزا و شەڕ و تالان بوون و هەموو ئەوانەش پڕ بە پێستی زەوقی عارەب بوون و لەگەڵ کەلەپووریاندا دەگونجان. دووەمیش، وەڵامەکەی لە لای ئیمامی عەلییە. کابرایەک پێی گوت: ئەرێ بۆ لە سەردەمی ئەبوو بەکر و عومەردا موسوڵمانان دووبەرەکییان نەبوو بەڵام لە سەردەمی تۆدا دووبەرەکی کەوتۆتە نێوانمان؟ ئەویش گوتی: ئاخر ئەوان خەلیفەی خەڵکی وەکوو من بوون و من خەلیفەی خەڵکی وەکوو تۆم! دوای ئەو قسەیە، مەگەر بە دەگمەن، دەنا جیهانی ئیسلامی ئاسوودەیی بە خۆیەوە نەدیوە.

## ژن لە نێوان کۆیلایەتی و بەرەڵاییدا

مامۆستا عەلی باپیر لە لاپەڕە ١٥٥ی کتێبەکەیدا دەڵێ: ... **ئەو هەرچی و پەرچی وجنێوفرۆش و دەمشڕانە** (خۆزگە مامۆستا بەم زمانە نەدەدوا ح ک) **ئەهلی ئیسلام بە گشتی بەوە تاوانبار دەکەن کە ئافرەتیان خۆش ناوێ و ڕێزی لێ ناگرن**...

ئەگەر تازە موسوڵمانێکی سویدی کە من گوێم لە گفتولفتیان بووە باسی شتگەلی وەها بکەن، هەرگیز بەم شێوە دەربڕینە باسی ناکەن، بەڵکو بە شێوەیەک دەریدەبڕن کە بەرانبەرەکەیان ناچارە گوێ لە لۆژیکیان بگرێ. تۆ بڵێی ئەوان لە سەر هەر باوەڕ و ئاینێک بن هەر ئاوها پێشکەوتوو بن و ئێمەی ڕۆژهەڵاتیش، هیچ باوەڕێک و هیچ ئاینێک چارەسەرمان نەکا!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەرچی ئەم پرسیارە مەسەلەی ڕەگەز دەورووژێنێ، بەڵام چارم نییە و بیری لێ دەکەمەوە. بە ڕاستی، جێی سەرنجە موسوڵمانی ئەوان ئەو جیاوازییە زۆرەیان لەگەڵ ئێمەدا هەبێ. خۆ ڕەنگیشە ئەو پێشکەوتنەی لە سەردەمی عەبباسییەکاندا و لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا هەبوو لای ئەوان بوایە، پێنج سەدە لەمەوپێش بچوونایەتە سەر مانگ!

باسی ژن، یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە ماتریالست و گلوبالست و دژە ئیسلامی کورد بەرەو ڕووی ئیسلام و موسوڵمانانی دەکەنەوە: بۆ بە دوو ژن شایەدێکن و بۆ ژن لە میراتدا نیوەی بەشی پیاوی بەر دەکەوێ و بۆ پیاو بۆی هەبێ لە یەک ژن پتری هەبێ ژن بۆی نەبێ لە یەک پیاو پتری هەبێ؟...

کێشەی ژن، کێشەیەکی دێرینی جیهانیە و لە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوو و ناپێشکەوتوودا، کۆمەڵگا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بڵێن: ئەوا کێشەی ژن چارەسەر بوو! هەرچی بیرمەندی فێمنستی ڕۆژاوا هەیە، کەم و زۆر خۆیان بەو کێشەیەوە خەریک کردووە و بە ئەنجامێکی وا نەگەیشتوون دڵیان ئاو بخواتەوە. زۆربەیان بۆ ئەوە دەچن کە کۆمەڵگا، لە ژێر کاریگەریی ئایندا ئافرەت بە جۆرێ پەروەردە دەکا تا ببێ بەو خەلقەندە لاواز و ناسکەی کە هەیە و ناوی فریشتەی ماڵیی لێ نراوە. بەڵام نەمزانیوە چ ڕۆڵێکی ئەوتۆ بە مێیاتی و نێرایەتی ژن و پیاو بدەن لە بەردەوامبوون و پەرەسەندندا. بیر لەوە نەکراوەتەوە کامە کار بۆ ژن ناگونجێ و کامەیان بۆ پیاو لە بارە. خۆ لە نێوان پیاوانیشدا ئەو کێشەیە هەیە و هەر کەسە و لە بوارێکدا لێهاتووە.

مرۆڤ یەکێکە لە گیاندارە شیردەرەکان و لە ڕووی بایۆلۆژییەوە خەسڵەتی هاوبەشی لەگەڵیاندا هەیە. تەماشای پەیوەندی سێکسیی نێوان نێر و مێی هەر گیاندارێک بکەین، بە تایبەتی شیردەرەکان، دەبینین زۆرداری و دڕیی و بەهێزی ڕۆلی سەرەکی دەبینن لە بەدەستهێنانی زۆرترین ژمارەی مێینە. جوانەگا و سەگی گەماڵ و بەران و نێری و... هەمیشە لە سەر مێینە ململانێیانە و هەمیشەش هەرە بەهێزەکانیان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرەندەی بەدەستهێنانی مێ و جووتبوونن. مرۆڤیش یەکێکە لەوانە، بەڵام بە ئاین و نەریت و یاسا ئەو ململانێیەی سنووردار کردووە و هەر ئاین و ناوچە و ڕێباز و باوەڕێک، بە جۆرێ چارەسەری کردووە. یاسا، واتە سنووردارکردنی حەز و لەمپەردانان لە بەردەم هێز. لە بارانبەریشدا، دابینکردنی ماف و پێداویستییەکانە. یا بە شێوەیەکی دی، یاسا، واتە مۆدێرنکردنی کۆمەڵگا، ئەگەرچی هەندێ جار مۆدێرنیزم، ڕوخساری خۆی وا دەردەخا کە حەز بە سنوور و یاسا نەکا. ئەو گیاندارانەی باسمان کردن، بێ یاسان بۆیە لەو ململانێیەدا بەردەوامن کە هەزاران ساڵە لە سەری دەڕۆن. بەڵام مرۆ، یاسای سەپاوی خۆی هەیە و ئاین بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو غەریزەیەشی ڕەچاو کردووە کە لە مرۆڤدا هەیە. ئیسلام یاسای هاوسەرگیریی داناوە، بەڵام بازنەی ئەو غەریزە بەرانییەشی بۆ دەسەڵاتداران، هێندەی چاو بڕ دەکا، فراوان کردووە! خواپێداو (واتە بەهێز و بە دەسەڵات) ڕێی دراوە لە یەک ژن پتری هەبێ. ئەمیری بڕواداران (واتە هەرە بەهێز) بۆی هەیە، یا بۆی هەبووە، جگە لە ژنەکانی خۆی، بە هەزاران کەنیزەشی هەبن. مرۆڤی بەهێز، لە هەر سنوورێکدا بێ جێ بۆ غەریزەکانی خۆی دەکاتەوە، بەڵام نێرینەی ڕەشۆکی و بێ هێز و بێ پلەوپایە، خواخوای پێکەوەنان و بەڕێوەبردنی خێزانی بووە.

هەر لەم کۆمەڵگایەی خۆماندا، تەنانەت سەرۆک جاشیش جێی سەرنجی مێینەی مرۆڤ بووە بۆیە ئافرەت هەیە، بە کۆڵێ خوێندەوارییەوە، ئامادەیە مێرد بە پیاوێک بکا، کە دوو یا سێ ژنیشی هەبێ و لە تەمەنی باپیریشیدابێ. سەیر لەوەدایە مێینەکانی ئەو شیردەرانە، کە مرۆڤ یەکێکیانە، بەخۆشیان ئەو نێرینە زۆردار و بەهێزانەیان پێ پەسەندە، کە ملی نێرینەکانی دی دەشکێنن، جا با ئەوانەی بەرگری لە مافی ئەو شیردەرە مێیانە دەکەن، هەر بۆ خۆیان بلێن و بڕێسن! ئەو بۆچوونەش هەیە کە نێرینەی شیردەرەکان، هەر جارە و ملیۆنەها سپێرم دەنێرێ، بەڵام مێ، زۆربەی کات، هەر جارە و یەک هێلکۆکەی پێ بەرهەم دێ، بۆیە نێرینە مێی زۆری دەوێ و مێ یەک نێرینەی بەسە!!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە هەرحاڵ، ئەو غەریزانە پێویستیان بەوە هەیە سنووردار بکرێن و باشترین سنوور (واتە یاسا) ئەوەیە بە باشترین شێوە پێداویستیە غەریزییەکان دابین بکا و بێ هێز و بێ دەسەلاتیش پەکیان نەکەوێ. شیعە یەکێ لەو سنوورانەی داناوە و سوننە یەکێکی تری داناوە و مەسیحییەت یاسای خۆی هەیە و یاساکانی ئێستای ئەورووپا جۆرە سنوورێکە و کۆمۆنستی کرێکارانیش، کە ئازادی سێکسیان گەرەکە، شەقێکیان لە هەموو سنوورەکان هەڵداوە و گەڕاونەتەوە سەر ئەوەی کە بەهێز، زۆرترین ژمارەی مێینەی دەست بکەوێ و بێ هێزیش، بە هۆی بێ هێزی و بێ کەڵکییەوە، نە خۆی بمێنێ، نە وەچەی هەبێ... باژوە بەرەو بەرهەمهێنانی سوپەرمان!

کە دەڵێن: کێ ژن بە فلانەکەس دەدا؟ مەبەست ئەوەیە کام مێینە پێی ڕازی دەبێ؟! کابرا، نە کەسی پێ دەکوژرێ نە دەتوانێ کۆشک و تەلاری هەبێ، با بە دزی و قۆڵبڕینیش بێ. ئاخر مێینە، هێلانەی دەوێ.

مندال، هێشتا بە مێیاتی و نێرایەتی خۆی نازانێ، ئەو ڕۆڵە دەبینێ کە سروشت بە سەریدا داوە. کچ، بووکۆکە ڕادەژەنێ و بە سینگی خۆیەوە دەنووسێنێ و هەوڵ دەدا لاسایی دایکی بکاتەوە. کوڕیش خەریکی ئەو گەمانە دەبێ کە لە گەورەبووندا پێی دەوێن: گەڵلابە، سۆڤەڵ، ئۆتۆمبیل، چەک.. و شتی تر. من بەخۆم ئەو سەرنجانەم لە منداڵدا بووە بێ ئەوەی هەوڵم دابێ ڕێبازی ژیانیان جیا بکەمەوە و کچ بۆ دایکایەتی و نازداری پەروەردە بکەم و کوڕیش بۆ سەربازی و چەکداری! ئەوان خۆیان ڕێی سروشتی ژیانی خۆیان دەکەنەوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو بوارەی بۆ کوڕەکان دابین دەکرێ بۆ کیژەکەش دابین بکرێ. کیژ، گوارەی دەوێ بەلام کوڕەکان بە لایدا ناچن و دایک و باوکیش حەز ناکەن هەیانبێ. دایک و باوک، بەخۆیان بەشێکن لەو سروشتەی ئەو منداڵانە پێ دەگەیەنێ و بێ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە، ئەو ڕۆڵە دەبینن کە ئەو کیژە پێی دەوێ یا بۆ کوڕەکە پێویستە. ئایە مۆدێرنیزم ئەوەیە دژی غەریزەی کچایەتی و کورایەتی بوەستینەوە؟ ئایە کە باوک و دایک بە کیژ دەڵێن: "کیژۆڵە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جوانەکەم و گوڵە جوانەکەی بابە.."  بەمە ئەو کیژە دەبێتە کەرەسەیەکی جوانی ناو ماڵ نەک مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە؟. چ دەبێ ئەگەر ژن ژن بێ و ئیرادەشی هەبێ، پیاویش پیاو بێ و زۆردار نەبێ؟ ئەدی بۆ نابێ کیژ جوان بێ و سەرنجی نێرینە ڕاکێشێ. سەرنج بدە: کە ئافرەت مکیاژ دەکا و لێو سوور دەکا، بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ، ناخی بە نێرینەکان دەڵێ: من بەکەڵکم و بەچکەی بەهێزم پێ بەرهەم دێ! ئافرەت ناخی خۆی دەیەوێ تەندروست و جوان بێ و سەرنجی نێرینە ڕاکێشێ، ئێدی بۆ دەبێ ئەو ئارەزووەی نەهێڵێ؟ خۆ ئەو خۆجوانکردن و نیشاندانی هێزە لە گیاندارانی تریشدا هەن.

وەنەبێ ئافرەت لە ئەورووپای پێشکەوتوودا ئاسوودە بن. خۆکوشتن و شێتبوون و کارەساتی دڵتەزێن لە ژیانی ژنانی ئەورووپاشدا ڕوو دەدەن. لەوێش ژن لێیان دەدرێ و غەدریان لێ دەکرێ. من پێم وایە هەندێ جار لێدانی ژن کاردانەوەیەکە، سەرچاوەکەی بۆ بێ دەسەڵاتی و تێکشکانی نێرینە دەگەڕێتەوە و جۆرە خۆکوژییەکیشە لە لایەن نێرینەوە. واتە، ئەو ئازارە جەستەیی و دەروونییەی بە ژن دەگا، لەوە زیاتر بە پیاو دەگا.

لە ئەورووپادا لەشی ژن دەکرێتە بابەتی ڕیکلامی ئۆتۆمبیل و پێڵاو و هەموو جۆرە کاڵا و بەرهەمێک. ئەوان خۆیان لەم دیاردە قێزەوەنە بێزارن و چەندین گوتاری لە سەر دەنووسرێن و تەنانەت خۆپیشاندانیش ساز دەکەن. ئەوەی لە ئەورووپادا گرنگە، بەرهەمە... بەرهەمی زۆر و باش کە بتوانێ ململانێی بەرهەمی کۆمپانیاکانی تر بکا. ئێدی ژن دەبێتە قوربانیی ئەو ململانێیە یا پیاو، بە لای کۆمپانیاکانەوە گرنگ نییە. بەرهەمی پیشەسازی، ژنی لە ژنایەتی خستووە و بەوەش، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پیاو لە پیاوەتی... یا ڕاستتر، نێر لە نێرایەتی دەخرێ، بە واتا دەروونییەکانی هەردووکیان. سستەمی ئەورووپا، ژن دەکاتە خەلقەندەیەکی شێواوی نائاسایی و کارمەندی بە ماسوولکەی شەقوەشێنی کارگە و ئەرکە سەرەکییەکەی بەرهەمهێنانی کەرەسەیە. خۆ ئەگەر ئەوەی پێ نەکرێ، چەکە ئەزەلییەکەی بە دەستەوە دەمێنێ: لەشولار! ئەوجا پیشاندانی جەستەی بۆ وروژاندنی ئارەزووی پیاو، دەبێتە بژێوی. ئەم گۆڕانکارییەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کە لە سروشتی ژندا ڕوو دەدا، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بۆ سەر پێکهاتە سروشتییەکانی پیاویش دەبێ، بۆیە ئەوەی جاران پێی دەگوترا لادان (شەواز) خەریکە ببێتە سروشتی و باو و کاری جددیش بۆ ئەم بەدگۆڕانە دەکرێ. جەستەی ژن، تەنانەت لەو ئالۆوێرە بازرگانی و کەرەسە فرۆشتنانەشدا بە کار دەهێندرێ کە لە نێوان کۆمپانیەکان و کڕیارە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ئەنجام دەدرێ. کیژۆڵەی نازدار دەنێرنە پێشوازییان و دەیانخەنە خزمەتیانەوە. دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەورووپا کەمیان لە بارەی ئەم بابەتەوە نەنووسیوە و ژنە هۆشمەندەکانی ئەورووپاش هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان ئەو بازرگانییە شەرمهێنەر و نامرۆڤانەیە نەهێڵن، یا بە لای کەمەوە ڕسوای بکەن. بەڵام کێ دەرەقەتی دەسەڵاتی کۆمپانیاکان و پارەدارەکان دێ کە حکوومەتیش لێیان سوودمەندە؟

سروشت و تەنانەت غەریزەی مرۆڤی ئەورووپایی بەرەو گۆڕان چووە و ئازادی سێکس، سێکسی وەها بێ تام کردووە، هەمیشە، نێر و مێ، سەرگەردانی دوای چێژن... سەرگەردانبوونی دایک و باوکیش، وای کردووە منداڵ باوەڕی پێیان نەمێنێ، بۆیە هەمیشە منداڵان ڕێنمایی دەکرێن: چ ڕەفتارێکی گەورەساڵان سروشتییە و کامە ناسروشتییە!

ئەمانە قوربانییەکانی پێشکەوتنی پیشەسازین و ڕێگەیەکیان گرتۆتە بەر، ئەگەر بەرەو خۆکوژی دەستەجەمعی مرۆڤایەتیش بچێ، گەڕانەوە هەڵناگرێ و نەک هەر خۆیان بەڵکو هەمو جیهانیان ناچار کردووە بە شێوازی ئەوان بەرەو خۆکوژی دەستەجەمعی بڕۆن و هەمیشە کەرەسەی کڕین و فرۆشتن بن و نرخیان لە سەر هەبێ.

ئێستا کوردیش خەریکە بە شێوەیەکی نەزانانە، بێ ئەوەی لە ڕووی پێشکەوتنی تەکنیک و زانستەوە لاسایی ڕۆژاوا بکاتەوە، لاسایی ئەو لایەنەیان دەکاتەوە کە کۆمەڵگا بەرەو هەڵوەشانەوە دەبا.

گەنجێکی ئیتاڵی لە سوید، چەندین دزی گەورەی وەک بانقبڕینی ئەنجام دابوو و چەندین کەسی برایندار کردبوو و چەند جارێکیش ئازایانە لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەست پۆلیس هەڵاتبوو!. ئەو لاوە بە تاوانکارێکی مەترسیدار ناوی دەرکرد و بووە بابەتی ڕۆژنامە و کەناڵە راگەیاندنەکان. ناوێرم بڵێم سەتان، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەیان نامەی لە ئافرەتی سویدییەوە بۆ چووبوون و داوای ئەوەیان لێ کردبوو منداڵیان لێی ببێ! ئەم داوایانە بۆ چی؟ کێ خاوەنی ئەو نامانە بە شایەد قەبووڵ دەکا تا ئەو کابرایەی پێ تاوانبار بکرێ؟ ئەرێ لە بارودۆخی وادا، ناهەقییە دوانیان یەک شایەد بن؟ بە ڕاستی، جێی سەرسوڕمانە داوای لەو بابەتە لە شارەزایەکی ئەتۆم یا ڕۆماننوسێکی گەورە یا پسپۆڕێکی دڵگۆڕین ناکرێ، بەڵام لە تاوانکارێک دەکرێ، بە تایبەتی خاوەنی ئەو داوایانە ژنگەلێکی خوێندەواری ئەوروپایی بن و خەڵکی وڵاتێک بن کە ڕێژەی نەخوێندەواری تێیدا، لە سەتا سفرە!

ئەگەر مرۆ (بە نێر و مێوە) لە هۆشی خۆی دانەبڕین و وەک مەڕ و بەران هەر لە ڕووی غەریزە و بەهێزی جینەکانەوە تەماشای نەکەین، زەحمەتە لە حەز و ئارەزوو و کێشەکانی تێبگەین. ئەو تاوانکارەی سوید و سەرەکجاشێکی مرۆکوژی کورد، لە ڕووی هێز و تواناوە، لە ناو نێرینەکاندا هەڵکەوتوون بۆیە هەوەسی ژن دەجووڵێنن و ئاوها بە پەرۆشیانەوە دەبن. بە کورتی، تەفسیری ئەم دیاردەیە لەمەدایە: پەرەسەندنی لایەنی ئاژەڵی و کێویەتی لە بارودۆخی هەوەس و هەندێ بارودۆخی تری مرۆڤدا!. کە دەڵێم بارودۆخی تر، مەبەستم برسێتی تا ئاستی ترسی مەرگ (کە ڕەگی هاریی پێوەیە) و تووڕەبوون و بێ ئومێدی و ترسی مەرگ و شتی تری لەو بابەتانەیە. هەر لە سەردەمی ئەشکەوتەوە، مێ نێری وای پێ پەسەند بووە کە ئەشکەوتی بپارێزێ و بەرگریی لە بەچکەی بکا و پێداویستیەکانی خۆی و بەچکەی دابین بکا. ئەمەش خواستێکی نائاگاییە بۆ پەیدابوونی باشترین وەچە تا دەگاتە سۆپەرمانەکەی نیتشە، کە خەسڵەتەکانی لەو دزەدا هەن. بەشەر و گورگ، لە ڕووی خۆراک و جووتبوونەوە، لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا وەک یەکیان کردووە. بەشەر فێر بوو سفرە ڕابخا و گۆشتەکەی لە سەر بخوا، بەڵام گورگ هەر وەک ملیۆنان ساڵ بەر لە ئێستا دەیخوا و دەمرێنێتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەردوو لایان لە ڕێی هێزەوە مێینەیان زەوت و بەرزەوت کردووە، بەڵام گورگ نەیتوانیوە یاسای تر بۆ جووتبوون دانێ.

لە ئیسلامدا، فرەژنی، جۆرێکە لە فرەوانکردنی بازنەی هەوەس بۆ غەریزەی نێرینە... ئەو غەریزەیەی کە بە غەریزەی نێرینەی هەر نێرینەیەکی شیردەرەکان دەچێ. لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، ناوچەی موسوڵماننشین، هەمیشە کوشتاری تێدایە و زۆرینەی قوربانییەکانی شەڕ و کوشتاریش، نێرینەکان بووە و لە باری وادا، ژمارەیەکی زۆری مێینە بێ مێرد دەبن. ئێستا لەم بارودۆخەی کوردستاندا، ڕێژەی مێینەی گەلێ لە نێرینە زیاترە و کێشەی قەیرەکچ بۆتە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی. ئەرێ وا هەست ناکەن لەم بارودۆخەدا فرە ژنیی، چارەسەرێکە؟! ئەگەر وەڵام (نا) بێ، چ چارەسەرێکی دی بۆ ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتییە بە باش دەزانن؟ چارەسەری شێوازی ئەورووپا؟ ئاخر لەوەشدا، تا کیژی منداڵکار وەستابن، ئەو کوڕانەی دەیانەوێ خێزان پێکەوە بنێن، بە لای قەیرەکاندا ناچن.

من بۆ بارودۆخی لەم بابەتەی ئێستای کوردستان، ناچارم لاریم لە فرەژنی نەبێ، بەڵام مارەبڕینی سەر بێشکە و ژنبەژن و ژندان لە تۆڵەی خوێن، ئەوەندە نامرۆڤانەن، لە یاسای ئاژەڵیشدا بوونیان نییە! سەیریشە کیژێکی ئەندازیار یا فیزیازان، هەر لە بەر ئەوەی مێینەیە، هەتا برا کۆتربازە چاو لە ئاسمانە نەخوێندەوارەکەی ڕازی نەبێ، مارەی نەیا! لەمەدا، لە نرخی مرۆڤانەی ئەو کیژە دادەشکێ.

کاردانەوەی ئەو غەدرانەی کە موسوڵمان لە ژنیان کردووە (سەراری و کۆیلە و دەسکەوتی تاڵان و جاریە و سەبایا... تا دەگاتە مارەبڕینی سەر بێشکە و ژن بە خوێن و ژن بە پارە...) لەگەڵ جاڕدانی ئازادی سێکس و هۆمۆیی و دەهۆڵی نەهێشتنی باوکسالاری لە ڕۆژاوادا یەکیان گرتۆتەوە و کارێکی وایان کردووە زۆرێکی زۆری نووسەرانی کورد بە ناوی فێمێنیزمەوە جاڕی ئازادی سێکس بدەن و جەنگ لە دژی باوک ڕاگەیەنن. ئەمەش لە کاتێکدا دەکەن کە نەتەوەکەمان و وڵاتە داگیرکراوەکەمان لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەردەم هەڕەشەی دابەشکردنەوە و زەوتکردنەوەدان. هەر دەڵێی کراوەتە ئەرکیان لە کاتێکدا سەرگەرمی ئەو جۆرە باسانەمان بکەن، کە سەرکردە سیاسییەکانمان خەریکی دەرهێنانی وەفاتنامەی کەرکووک و هەموو کوردستانن. ماوەتەوە بڵێم: خەمتان نەبێ! داگیرکەرانی کوردستان لە ئازادی زۆرگێکردنی[1] کورددا، بە ئارەزووی خۆیان دەکەن و ئەگەر بارودۆخ وا بڕوا و بەرەو سەرفرازی هەنگاو نەنێین، هەر بە دەستکراوەیی و ئازادیش دەمێننەوە!

ئەوانە و هەندێ بەرنامەی بێ تەگبیر (یا بە پیلان)ی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان کە تەنها لە لاساییکردنەوەیەکی بێ لەزەتی ڕۆژاواییەکاندا پێشکەوتوون، کارێکیان بەو میللەتە دەسبڕاوەمان کردووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئەو ئافرەتە کلۆڵانەی کە خۆیان دەسووتێنن یا خۆیان دەکوژن یا تووشی هەڵەی گەورە دەبن زیاد دەکا... ئەو ئافرەتانە، لە لایەکەوە لە خوێندن و فێربوون بێ بەری کراوون و لە لایەکی ترەوە دەوریان بە گوناحە گیراوە و هەموو جەستەیان لێ کراوەتە عەورەت و لە لایەکی تریشەوە ڕێخۆشکەری جنس لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا هەرا و گژگژی بەرەڵایی لە نێر و مێی کورد دەکەن، بۆیە هەموو پێوانە و پێوانەکارییەکیان لێ گۆڕاوە و کە بەراوردی خۆیان لەگەڵ ئەو باسانەدا دەکەن کە لە شاشەی تەلەڤزیۆنەوە پەخش دەکرێن، بێ ئومێدی باڵ بە سەر ژیانیاندا دەکێشێ... ئیدی، نە دەتوانن وەک کابانی ماڵەوە بمێننەوە نە دەشتوانن وەک کیژی خواپێداوە بەرپرسەکان بژێن. لە شێوە نەخۆشەکانی نەوال سەعداوی، نوسخەی کوردی وەها زۆر بوون، کەم کەس دەپەرژێتە سەر بیرکردنەوە لە پاشەڕۆژی کورد و کۆمەڵگای کوردەواری، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ هێندێ شێرەژنی کورد کە پیاو لە ئاستی زانایی و مەردایەتییاندا دەبێ سەر نەوی بکا.

---

[1] زۆرگێکردن: إغتصاب



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فێمێنستە ئەوروپازەدەکان، هەموو پێشکەوتنێک لە ئارەزووە سێکسییەکاندا چڕ دەکەنەوە و مەسەلەکانی تریان کردۆتە قوربانی ئەو لایەنە. هێندێ لە ئیسلامییەکانیش کردوویانەتە قوربانی بەهەشت (کە ئەویش بۆ حور و غیلمانە) و ئەهلی عەولەمەش لە هەوڵی ئەوەدان میللەتی خۆیان وا بچووک بکەنەوە، پیاو لە ڕووی نەیا باسی سەربەخۆیی بۆ بکا.

لە سەردەمی ئەمەوی و عەبباسی و پێشتر و ئێستاش، غەدر تەنها لە ژن نەکراوە، بە ڵکو لە مرۆڤی لاواز و لاشەڕ و خۆپارێزیش کراوە. ئەدی لووسکەی خەلیفەکان غەدریان لێ نەکراوە؟ ئەدی کۆیلە و موالی و مەمالیک غەدریان لێ نەکراوە؟ چما لە مێژوودا ژماردنی کۆیلە، وەک ڕەشەوڵاغ، بە (سەر) نەکراوە و نەگوتراوە ئەوەندە سەر (رأس) کۆیلە؟ ئەدی ئازادکردنی کۆیلە خێر نەبوو و کۆیلە لە بری باج بە دەوڵەت نەدراوە؟ هند، ژن بوو بەڵام بەخۆی غەدری دەکرد و کۆیلەشی هەبوو. عەبباسییەکان، باجیان لە سەر ژمارەی کۆیلە و مەڕ و مانگا دانابوو. خۆ ئەوانە هەموو پیاو بوون و گەلێ جار دەخەسێندران تا جارییەکانی حەرەمسەرا ئارەزوویان تێیان نەچێ! ئەدی ئەوانە غەدر نەبوون؟ چما ئێستا ژنی وەک هند و لەویش زاڵمتر و دەسەڵاتدارتر لە ناو کورددا نییە؟ ئەدی ئێستا کوڕی کورد غەدریان لێ ناکرێ؟ غەدر لە مرۆڤی سەلامەتۆکەی لاشەڕ و بێ دڕک دەکرێ و زۆربەی هەرە زۆری ژنانیش لەو بابەتە مرۆڤانەن!

## کوودەتا و کوشتن لە مێژووی عارەبدا

ئەگەر (تأريخ العنف الدموي في العراق – مێژووی توندوتیژیی خوێناوی عیراق)یش بخوێنینەوە کە باقر یاسین نووسیویەتی، بە دەگمەن دەبینین دەسەڵاتدارێک یا کەسێکی پەراوێزی دەسەڵاتی ئیسلامی بە مردنێکی ئاسایی مردبێ. لە چوار خەلیفەکەی دوای پەیامبەری ئیسلام، سیانیان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوژران. حەسەنی کوڕی عەلی دەرمانخوارد کرا، حوسێنی کوڕی عەلی سەربڕدرا و عوبێدوڵڵای کوڕی زیاد لە تۆڵەی حوسێن کوژرا و موختاری کوڕی عوبێدی سەقەفی سەربڕدرا و مصعب کوڕی زوبێر سەربڕدرا و خالیدی قەسری بە ئەشکەنجە کوژرا و یوسفی کوڕی عومەر سەحل کرا و ئەبوو سەلمەی خەللال سڕنوگوم کرا و ئەبو موسلیمی خوراسانی لە دەعوەتی خەلیفەدا بە نامەردی کوژرا و خەلیفە مەهدی ژەهرخوارد کرا و مووسای هادی لە جێیەکی بەرزەوە فڕە درا و قامیش لە سەری چەقی و ئەمینی کوڕی هاروونە ڕەشید بە دەستی مەئموونی برای کوژرا و دوای سەربڕینێ سەحل کرا. فەزڵی کوڕی سەهل لە گەرماودا کوژرا و متەوەکیل لە ئاهەنگێکدا کوژرا و مونتەسیر پزیشکی خۆی بە بەرتیل کوشتی و محەممەدی کوڕی عەبدولمەلیک خرایە تەنوورێکی ئاسنینەوە و موستەعین بیللا بە سەربڕین چوو و مەعتەز بیللا لە گەرماودا دەرگای لێ داخرا و ئاوی لێ بڕا و لە تینوێتیدا خنکا و خەلیفە موهتەدی گونیان تەقاند و موعتەمید عەلەڵلا ژەهرخوارد کرا و موقتەدیر بیللا سەری بە نووکی ڕمەوە کرا و عەبدوڵلای کوڕی موعتەز یەک شەو لە دەسەڵاتدا مایەوە و کوژرا و قاهیر بیللا بە ملچێوکی سوورەوەکراو چاویان ڕشت و خەلیفە ڕازی (راضي) سەربازەکانی خۆی کوشتیان و ئەبوو ئیسحاق بە بزماری سوورەوبوو چاوی ڕێژرا و دواتر لە بەندیخانەدا مرد و موستەکفی بیللاش هەر وای لێ کرا و موقتەدا بیئەمریللا جارییەی خۆی ژەهرخواردی کرد و موستەرشید بیللا بە چەقۆ کوژرا و مەستەعسەم بیللا، هۆلاکۆ خستیە بەر سمی ئەسپ و لە جەوالّدا کوژرا و سالّح کوڕی ئیسماعیل کەوڵ کرا و محەمەد شا برای خۆی کوشتی و فوولادی کوڕی ئەسیان لە بەندیخانەدا مرد و پیر بوداق کوڕی جیهان شا باوکی خۆی کوشتی و یوسف پاشای والی بە گوللەی وێڵەوە بوو و عەلی ئاغا، بەکر سوباشی کوشتی و بەکر سوباشی بە ئەشکەنجە کوژرا و کوڕەکەشی بە دیارییەوە بوو. بەگداش خان ژەهرخوارد کرا و سەعدوون سەر بڕدرا و کەوڵ کرا و کەوڵەکەیان پڕ کرد لە کا و عەلی پاشای والی، جلی ژنانی لە بەر کرد و خۆی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شاردەوە، بەڵام گیرا و کوژرا، عومەر پاشای والی لە هەڵاتندا لە ئەسپ پەڕی و ملی شکا و مستەفا پاشا سەر بڕدرا و ئەحمەد ئاغا پارچەپارچە کرا و عەلی ڕەزا پاشا لە سەر نوێژ کوژرا و ناسیف ئاغا سەحل کرا و سلێمان پاشای گچکە سەربڕدرا و سەری کەوڵکرا و عەبدوڵڵا ئاغا سەربڕدرا و سەری فڕەدرایە بەر پێی سەعید پاشا و سەعید پاشا لە ئامێزی دایکیدا سەربڕدرا و سادق ئەفەندی بە قایشی کێلانی شمشیر خنکێندرا و قاسم پاشا خرایە ناو بیرەوە. ئەوجا شا فەیسەڵی یەکەم پاشای عیراق، لە سویسرا ژەهرخوارد کرا و غازی کوڕی بە پیلانی ڕوداوی ئۆتۆمبیل کوژرا و شا فەیسەڵی دووەم سەحل کرا و عەبدولئیلا سووتێندرا و نووری سەعید بە جلوبەرگی ژنەوە گیرا و کوژرا و عەبدولکەریم قاسم بێ گۆڕ کرا و عەبدولسەلام عارف بە پیلانێک بە ئاسمانەوە سوتێندرا و دەڵێن ئەلبەکر کوژراوە و سەددام ملی بە پەتەوە بوو و بەرزانی برای سەددام ملی پچڕا. لەو وەزیر و پلەدارانەش گەڕێ کە هەر یەکە لە دەسەڵاتدارەکان بە تۆمەتی خیانەت کوشتوویانن و زەقترینیان ئەوانەی ساڵی ١٩٧٩ی بەعسییەکانن کە سەددام حوسێن بە تۆمەتی کرێگرتەیی سووریا ئیعدامی کردن و مێژوو، ڕەشە خەڵکەکەش وەک ژمارە نەبێ ناخوێنێتەوە، وەک فارسە دیلەکانی دەستی خالیدی کوڕی وەلید لە باکووری حیرە، لە شەڕی (الیس)دا کە ئاوی فوراتی شکاندەوە و سوێندی خوارد لە بری ئاو خوێنی پێدا بڕوا... ئیدی هەر دەیکوشت و خوێنەکە هەر دەمەیی و نەدەڕۆیی. پتر لە ١٢٠ هەزار کوژراوی دەستی حەججاج یا خاوەن ئەو کەللەسەرانەی مەنارەیان لێ دروست کرا و بانگیان لە سەردا درا، یا کوژراوەکانی شەڕی هەشت ساڵەی عیراق و ئێران و ١٨٢ هەزار کوردی ئەنفالکراو و ژەهرکوژکراوەکانی کوردستان، هەموویان بێ ناو و سیما و ناونیشانن و مەگەر هونەرمەندێک لە یەک پەیکەردا بەرجەستەیان بکا (ئەویش ئەگەر مامۆستا حەرامی نەکا). هەموو ئەو کوشتار و تاوانانە ناوی خودا و ئیسلام و پەیامبەریان لێ هێندراوە و (تەکبیر)یان بۆ کراوە و لە هەموو سەردەمەکاندا زۆربەی زانا ئاینییەکان، ئەگەر دەستخۆشیشیان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە دەسەڵاتدارەکان نەکردبێ، ئەوا بێ دەنگییان هەڵبژاردووە. زاناکان، لە هەموو سەردەمێکدا، وەک ڕووناکبیران ڕۆڵیان هەبووە و هەیە. جەمیل سدقی زەهاوی، چۆن لە سەردەمی دەسەڵاتی تورکدا لایەنگری سوڵتان بوو، دواییش بووە لایەنگری ئینگلیز. هەر وەها زەهاویش. ئەمیان، کە لە سەردەمی ئینگلیزدا ڕۆژنامەی (الامل)ی دەرکردووە، نووسیویەتی: "جەنەراڵ مۆد، دوو خەسڵەتی وای هەبوون کە دەیانگەیاندە ڕیزی گەورە پیاوانی مێژوو، ئەم دوو خەسڵەتەش لە کەم پیاوی هەڵکەوتووی مێژوودا هەن و وا دیارە هەناوی ئینگلیزی زیاتر ئەو کەسانە دەخاتە سەر لاپەڕەی سەروەریی بەریتانیا" شاعیری گەورەی عارەب، جەواهیری، زۆری بە دەسەڵاتداراندا هەڵداوە. عەلی وەردی باسی ئەوە دەکا، کە بە قاسمیدا هەڵدا، قاسم بەندی کرد و دوایی بۆ سووکایەتی، بە کەفالەتی پەنجا فلس بەریدا. چەپی عیراق قاسمیان هار و شێت نەکردبا، پێم وایە سەلامەتترین دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە بوو لە هەموو مێژوودا. لایەنگرانی بە ملیۆن بوون و شاعیر و زانایان ئەوەندەیان پێدا هەڵدا عەقڵیان لە سەریدا نەهێشت. کەچی دوای ئینقلابی ١٩٦٣ هەمان ئەو جەماوەرەی بۆ لایەنگریی قاسم دەڕژانە سەر شەقامەکان، بۆ لایەنگریی بەعس ڕژانە سەر شەقامەکان.

هندی ژنی ئەبو سوفیان جگەری هەمزەی خوارد چونکە ئەو و عەلی، باوک و برایان کوشت، کە دەکەنە باپیر و خاڵی مەعاویە. تۆ بڵێی مەعاوییە ئەوەی بیر چوبێتەوە؟! دەبێ چەند بە کوشتنی عەلی شادمان بووبێ! نابێ لە بیرمان بچێ کە عارەب کاتێ موسوڵمانی ساغ بوون، ئیسلام لەگەڵ ویست و خواستی ئەواندا ڕێک دەهاتەوە... واتە، ڕێگای کوشتن و تالان و زۆرگێکردنی دەدا. هەر کە فتووحات وێستا، ئەوانیش بەربوونەوە گیانی یەک. عارەبی عیراق لەو تالانکەرانەی پێش ئیسلام و سەرەتای ئیسلامن و ئێستاش خەسیێتی سڵی داگیرکردن و تالانوبرۆیان تێدا ماوە. کە جێیەک داگیر دەکەن، دەزانن زوڵمیان کردووە بۆیە هەمیشە ئامادەێ شەڕن و وەک دوژمندار وریای خۆیانن. جارێکیان سەددام حوسێن گوتی: "ئێمەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

عیراقی، ئەگەر کەسمان دەست نەکەوێ لەگەڵیدا بەشەڕ بێین، لە ناو خۆماندا بەشەڕ دێین". ڕەنگە ئەمە ڕاستترین قسەی ئەو کابرایە بووبێ.

ئەوەندەی پەیوەندی بە لایەنە دینییەکانی کوردستانەوە هەیە، ناکرێ هەر کەسە و بە جۆرێ فەتوا بدا و ڕێ بگرێ و ڕێ بدا. هیوادارم لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوایەتی کورددا کار بکەن و فەتوا بدەن. وەک چۆن لە سەردەمی ئەبو بەکر و عومەردا، ئیجتیهادی بەکۆمەڵ هەبووە و ئەگەر دووچاری کێشەیەکی کتوپڕ بوایەن کە لە ئایەت و حەدیس و سوننەتدا چارەسەریان نەدیبایەتەوە، دادەنیشتن و گفتوگۆیان لە سەری دەکرد، ئەوجا بە هەموویان بڕیارێکیان دەدا. گەلێ جاران پرسوڕایان بە خەڵکی ڕەشۆکی شەقامەکانیش دەکرد. چ دەبێ زانا ئاینییە دڵسۆزەکانی ئێمەش وا بکەن تا هیچ نەبێ بۆ مەسەلەی چارەنووسی نەتەوەکەمان یەک ڕایان هەبێ و ڕی پیشانی ئەو خەڵکە بدەن و بە هەموویان جیهانی ئیسلامی ئاگادار بکەنەوە کە چۆن کورد لە غەدرلێکراویدا، جێی حوسێنی گرتۆتەوە. خۆ ئەگەر تەنانەت بەو ئەنجامەش گەیشتن کە ئیسلام نەخرێتە ململانێی سیاسییەوە، چاکترین خێرێک بیانەوێ بە خۆیان و نەتەوەکەیانی بگەیەنن، ئەوەیە دەست لە کاری تەڵەکەبازی سیاسەت هەڵگرن! جگە لەوەش، ئایە بوونی حیزبی ئیسلامی، خۆی لە خۆیدا ڕەوایە؟ ئەی ئیسلام هەر بۆخۆی پەیڕە و پرۆگرامی ئازادکردنی غەدرلێکراونی نییە؟ ئەدی هەموو موسوڵمانان ئەندامی ئەو حیزبەی خودا نین؟

دەزانم بەم باسە، دڵی زۆرم ڕەنجاندووە. مامۆستا عەلی باپیر و هەندێ لایەن و زانای تر، جگە لە ماتریالست و گلوبالست و فێمێنستی کرود کە هەموو باسێکی ئیسلام و نەتەوایەتی دەیانڕەنجێنێ، لێم دەڕەنجێن. ڕەنگە هەبێ بڵێ: "ئەرێ کابرا خۆ تۆ کەست بە ساغی دەرنەکرد! ئەدی کێت بە دڵە؟ بە ڕاستی، هەتا نیشتمانەکەم و نەتەوەکەم بکرێنە قوربانی ڕێبازە فکرییە دنیایی و قەیامەتییەکان، کەسم بە دڵ نییە. هەر کاتێکیش ڕێبازە فکرییەکان کەوتنە سەر سکەی خزمەتی نیشتمان و نەتەوەکەم، سەرم لە ڕێیانە. بارودۆخی کوردستانیش وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە دەبێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کێمان بە دڵ بێت. کێ کوردستانی ئازاد کردووە و ئاڵاکەی لە ناو ئاڵایاندا شەکاندۆتەوە تا بە دڵم بێت؟ ناشوکریی نەبێ (حامیها حرامیها) و رزگارکەرەکانی زنجیری کۆیلایەتی دەکەنە ملی!

من بۆ خۆم بیر دەکەمەوە و چاوەڕوانی دەستخۆشی لە کەسانێک ناکەم پەرژینی تایبەتی ئایدۆلۆژیا و دەقی تیۆری دەوری بیرکردنەوەی گرتبن و نەتوانن لێی دەرچن. بەڵام داوای ئەوەشم هەیە وەک مافێکی ڕەوای خۆم، ڕێم هەبێ ڕای خۆم دەربڕم. ئاخر هەر باسێکی کورد و کوردستان، باسی چارەنووسی نەتەوە و خاکێکە، کە هی منیشن و چارەنووسی منیش پێیانەوە بەندە. دەمەوێ ئازاد بم، ئازاد! دەمەوێ نەوەکانی داهاتوومان ئاسوودە بن و نەبنە قوربانیی بۆ گەمەی موخابەراتیی ژنفرۆش و فایلڕەش و دڵڕەشەکان!... نەبنە قوربانی بەرژەوەندی دنیایی و قەیامەتیی ئەم و ئەو. ئەوەی دایک و باوک و خوشک و برای منی بەگرت دان و هەواڵەی بیابانی کردن، ئێستا تێکۆشەرە و هەی لە من خائینێ! من، وەک کوردێکی نەتەوەیی، دەمەوێ نەوەکانی داهاتوومان هەر لە لاپەڕەکانی مێژوودا ناوی عەلی کیمیاوی و عەلی وەردی بخوێننەوە و هەر بە مەزەندە لە یەکتریان جیا بکەنەوە. من نامەوێ نەوەکانی داهاتوومان کوڕە ئازایان تێدا هەڵکەوێ و بداتە شاخ و بکوژێ و بکوژرێ.

بۆمان هەیە گیسک وگوێرەکە بکەینە قوربانی خۆمان و قەزاوەگێری منداڵەکانمان، بەڵام ڕێمان نییە چارەنووسی ئەو نەوەیەی کە هێشتا لە دایک نەبووە بە تەریکیدا بەرین و بیکەینە قوربانی دنیا یا قەیامەتی خۆمان. بۆمان نییە دەرگای ئازادی لە ڕوویاندا داخەین و دەروازەی شۆڕش لە بەردەمیاندا بکەینەوە. ئەگەر نەوەکانی پێش ئێمە کارساز و کارتەقەت بوایەن، ئێمە پێویستمان بەوە نەدەبوو قوربانی بدەین. ئەگەر ئێمەش کارتەقەت بین، نەوەی داهاتوو پێویستی بەوە نابێ قوربانی بدا و کڕین و فرۆشتنی لە سەر بێ. با زنجیری هەڵە و بەهەڵەدابردن لیرەدا بپچڕێ و کەس نەتوانێ لە سەر سەفتەی فایلی ڕەش دانیشێ و شانازی بە ژمارەی شەهیدانەوە بکا!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێم خۆشە ئەم بڕگەیە، کە لە گوتارێکدا لە یەکێ لە ژمارەکانی (میدیا)دا بڵاو کراوەتەوە، وەکی خۆی بنووسمەوە: "من نەتەوەکەی خۆمم بە لاوە مەزنە، بەڵام مەزنییەکەی، خۆشباوەڕییەکەی لانابا. نەتەوەکەی خۆمم بە لاوە پیرۆزە، بەڵام پیرۆزییەکەی ساویلکەییەکەی ناکوژێنێتەوە و خەتە خیانەتکارییەکەی ناشارێتەوە. نەتەوەی خۆمم بە لاوە گەورەیە بەڵام گەورەییەکەی هەستی دونێتی و خۆ بە کەمزانین و پلە دوویی ناشارێتەوە. ئەو لایەنە بەد و نێگەتیڤانە، بە شاردنەوە و پەردەپۆشکردن چارەسەر ناکرێن و هاشالێکردنیان دەرمانیان ناکا. دەبێ بە وردیی لە سەریان بوەستین و دەستنیشانیان بکەین تا، ئەگەر کرا، نەوەکانی داهاتوو چارەسەریان بکەن"

دەبێ ئاگامان لەوەش بێ کە نەوەی نوێی عارەبنەدیوی ئەنفالنەکراوی مەیلەو ئازادی باشووری کوردستان، بە دێوجامەی دۆلاربارانی کتوپڕی بێ ڕەنجدان و ئۆتۆمبیلی پاشەڕۆی ڕۆژاوا و کلیپی گۆرانی کوردی بە دیمەنی ژنانی ئەوروپاوە، لە خشتە براوون پیلانێکی درێژخایەنیان لێ دەکرێ. لاوی ئەوروپایی، گیرۆدەی ماددە سڕکەرەکانن و لاوی کوردیش گیرۆدەی مۆدێلی سڕکەر و دەردی ئەوروپا زەدەیی بوونە، کە هەردووکیان کوشندەن و پێویستە چارەسەر بکرێن. لاوی کورد نیشتمانیان لە بیر نییە و هیچ هیوایەکیان بە خاک و نەتەوەکەیان نەماوە و لە مەترسیدان. لەدەستدانی لاوان، لەدەستدانی پاشەڕۆژە و دەستشوشتن لە لاوان، دەست شوشتنە لە پاشەڕۆژی نەتەوەکەمان.

ڕابردووی سەقەتکراومان زاوە و ئێستامانی بووە. ئێستای لە خشتەبراومان دەزێ و داهاتوویەکی ئیفلیجی لێ دەکەوێتەوە. ئەوەی ئێستا دەیدەنەوە، قەرزی ڕابردووە و با داهاتوو نەخەینە بن قەرزەرەوە! ئەبوو موسلیمی خوراسانی، لە دەسەڵاتی ئەمەوییەکان و زوڵموزۆریان بێزار بوو، ئەو سووکایەتی و زوڵمانەی پێ قەبووڵ نەکرا کە بە موسوڵمانی ناعارەب و لەوان دەکرا. بە هەزاران کیژە کوردیان بە تاڵان برد. موالیبوونی کورد جۆرە جاشایەتییەک بوو و ئەبو موسلیم پێی قەبوڵ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەکرا: شۆڕشی کرد و خەڵکی بە کوشت دا و خەڵکی کوشت و ڕەنگە شانازی بە ژمارەی شەهیدانیشەوە کردبێ. لە ڕێی ئەوەوە، ئەو زەردەشتیانەی تا ئەو کاتە نەببوونە موسوڵمان، بوونێ. لە ئەنجامدا، ئەمەوییەکانی ڕووخاند و بەرهەمی ئەو خوێن و شۆڕشەی خستە ناولەپی عەبباسییەکانەوە. چۆن دەستی پێ کرد، ئاوها لێبووەوە و لە سەر ئەوەشەوە، بە پیلانێکی نامەردانە کوشتیان. دە بیخۆ عافێتت بێ! ئەبوو موسلیم چاکی کرد ئەوەی کرد؟ بەرهەمی ئەو هەموو خوێنە ڕژاوە بۆ کورد چی بوو؟

کەریم خانی زەند، ئێرانی لە ئاژاوە دەرباز کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی پێ بچووک بوو و خۆی بە شایستەی ئەوە نەزانی نازناوی شا هەڵگرێ، بە خۆی دەگوت وەکیلی ڕەعیەت. ئەنجامیشی ئەوە بوو، ئێسکوپروسکی لە سەر ڕێگای شا بنێژن و لە هەموو هاموشۆیەکدا، بە سەریدا تێپەڕێ. کەریم خان چاکی کرد؟

کورد بنیاتنەری سوپای عیراقی تازە بوو و هەر ئەو سوپایە ئەنفالی کردین. هەر ئەو سوپایە، تەنانەت گوندی دامەزرێنەرەکانی خۆی، جەعفەر عەسکەری و بەکر سدقی، کیمیاباران کرد... گۆپتەپە و عەسکەر. هەر ئەو سوپایەی کە لە کاتی گفتوگۆدا گوتمان: لە پشتەوە خەنجەری لێ نادەین، ئەنفالی کردین!

لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەت کەمالستی تورکیادا، کورد بە ئاین لە خشتە بران و گوتیان: ئێمە دەوڵەتمان ناوێ و لەگەڵ برا تورکەکانماندا لە یەک دەوڵەتدا دەژین! نوێنەریان حوسێن خەیری، چووە عوسبە و ڕایگەیاند کە کورد دەوڵەتی ناوێ. ئەدی ئەنجام؟ مستەفا کەمال ئیعدامی کرد. پێی گوت: تۆ خیانەت لە میللەتی خۆت بکەی، لە تورکیشی دەکەی! ئەویش گوتبووی: گۆڕەکەم با لە کوردستان لە سەرەڕێیەکدا بێ و هەر کەسێ بە لایدا تێپەڕی، با تفێکی لێ بکا! بەو قسەیە لە خیانەت پاک بووەوە.

لە ئیعدامکردنی بەعسییەکاندا، تاها جەزراوی سەرنجی ڕاکێشام: بە بێ دەنگی ئیعدام کرا! نە کورد بۆی بە داخ بوو نە عارەب! چەفیە و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

عەگالەکەشی دادی نەدان. ڕەگی خۆی لە ناو میللەتی خۆیدا نەهێشت و لە ناو عارەبییشدا ڕەگی دانەکوتا. ئەو خیانەتی لە میللەتی خۆی کردبێ کێ بۆی بە سوێ دەبێ؟!

ئەمانە زەنگی مێژوون و ئێستامان ئاگادار دەکەنەوە. نابێ قورڕقۆشم کرابێتە گوێچکەمانەوە و هیچ نەژنەوین! کەچی ئێستاش کورد ئەبوو موسلیمی لێ دروست بوونەتەوە. بەکر سدقی و جەعفەر عەسکەری فرکانفرکانیانە. سەددامیان بە هاوکاری ئەمەریکا ڕووخاند و جەعفەرییان هێنا. جەعفەریش لە هەموو بۆنەیەکدا نیەتی خۆی ئاشکرا کردووە. ئەبو موسلیم و بەکر سدقی ئەم سەردەمەش هەمان چارەنووسی ئەوانەی پێشتریان دەبێ. ئەبوو موسلیمەکانی ئەمڕۆ، بە قسەی خۆیان ئەوەندەی لە هەوڵی پێکهێنانەوەی شیعە و سوننەی عارەبدان ، هەوڵی بە دەستهێنانی داخوازییەکانی کورد نادەن. ئەو خەڵکە شۆڕشی بۆ چی کرد و چی دەستکەوت بوو؟ ئەدی ئەنجام و چارەنووسیان؟ دڵنیام چارەنووسیان لە چارەنووسی ئەبو موسلیمی خوراسانی چاکتر نابێ. ڕەنگە هەموویان ببنە تاها جەزراوی و نە کورد بۆیان بەسوێ بێ نە عارەب! ئەوە ئێوە و ئەوەش ئەو ڕۆژەی کە عیراق بە تەواوی دامودەزگاکانیەوە دروست دەبێتەوە و دەبێتەوە بە خاوەنی سوپایەکی بەهێزی خۆی! ئەگەر دەوڵەتێکی ئیسلامی سوننەش لە عیراقدا دامەزرێ، مامۆستا عەلی باپیر وەک من دەبێتەوە بە موالی. هەقم بە سەر ئەوەوە نییە، بە دزیی سەرکردەکانی کوردەوە، کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ لە پلانی ئەمەریکادا هەبێ، کە نییە!

ئەگەر زانایانی کورد بەزەییان بە میللەتەکەی خۆیان و موسوڵمانانیشدا نایەتەوە، با بەزەییان بە ئاینی ئیسلامدا بێتەوە و نەیخەنە تەنگژەیەکی واوە خەڵکی لێ بێزار بن و بۆ باوەشی کەنیساکان باز بدەن، یا خەریکی زندووکردنەوەی ئاینی زەردەشت بن... لە کۆتاییدا دەڵێم:

خودایە زەوال بۆ زاڵم بنێرە!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com